# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٨٦ ■ هەینی ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ _ ٢٠ی نوامبری ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵدا


## مەحکوومکرانەوەی ئێران لە کۆمیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا



کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە بەردەوامیی لە پێشێل‌کردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کۆمیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا مەحکووم کرایەوە. ئەو بڕیارنامەیە کە لەلایەن ئەمریکا، کانادا، بریتانیا، ئاڵمان و فەرانسە گەڵاڵە کرابوو، بە ٧٩ دەنگی بەڵێ، ٣٢ دەنگی نەخێر و ٦٤ دەنگی بێ لایەن پەسند کرا.

لەو بڕیارنامەیەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە ئێعدامی زیندانییان بە تایبەتی زیندانیانی سیاسی، سزای کەسانی خوار تەمەنی یاسایی، گوشار بۆ سەر کەمینە ئایینییەکان، پێشێلکردنی مافی زیندانییانی سیاسی؛ بۆ نموونە پێشگرتن لە گرتنی پارێزەر و دانپێدانانی زۆەملێ مەحکووم کراوە.

دەرچوونی ئەم بڕیارنامەیە دژی ئێران لە کاتێک‌دایە لە ڕەزبەری مانگی ڕابردوودا سکرتیری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ڕاپۆرتێک‌دا سەبارەت بە «پێشێل‌کردنی زۆر و بەردەوام»ی مافی مرۆڤ لە ئێران نیگەرانیی خۆی دەربڕیبوو.

### خالید عەزیزی:

# شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بێ‌ڕێبەری نامێننەوە




## چڕۆ و پشکووتنەکانی دوای خەزەڵوەر

عەلی بداغی

ساڵێک بە سەر سەرکوتە خوێناوییەکەی ٢٥ی خەزەڵوەردا ڕابرد، ڕووداوێکی مێژوویی کە بەهۆی چەند خسڵەتێکی تایبەتی لاپەڕەیەکی نوێی لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی هەڵدایە. ئەو ڕۆژانەی کۆتایی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو کە سەدان هەزار کەس بە دەستی بەتاڵ هاتنە سەر شەقام بۆوەی داوای مافەکانیان بکەن و دژی گرانی و بێکاری هەڵوێستیان هەبێ و کەرامەتی مرۆیی خۆیان پیشان بدەن؛ بەڵام بە بڕیاری خودی خامنەیی قڕانیان تێ‌خرا، هەزاران کەسیان وەک خەزەڵ هەڵوەراند و شەقامیان بە خوێنی پاکترین ڕۆڵەکانی نیشتمان سوور کرد.

بەربڵاوی خۆپیشاندانەکان کە زیاتر لە سەد شاری ئێرانی گرتەوە، بەشدارانی خۆپیشاندانەکان کە هەم لە چینی مامناوەند و هەم لە چینی خوارووی کۆمەڵگەی بوون و، دروشمە پێکهاتە شکێنەکان کە هەموو هێڵە سوورەکانیان بەزاند و دواجار سەرکوتی بێ‌بەزەییانە و ئەوپەڕی توندوتیژییەکان کە بۆ شکاندنی ڕێزەکانی خۆڕاگریی خەڵک کران؛ تایبەتمەندییەکی جیاواز بەو خۆپیشاندانە گشتگیرەی خەڵکی ئێران دەدەن.

ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ بەدوای بردنە سەرێی نرخی بێنزین روویان دا، بابەتێک کە لە سەرەتادا هیچ دەزگا و لایەنێکی ڕێژیم بەرپرسایەتییەکەی وەئەستۆش نەدەگرت، ڕووحانیی سەرۆک‌کۆمار سەرەتا دەیگوت ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## خەزەڵوەر و گەڵاڕێزانی ژیان لە ئێران بەهۆی کۆرۆناوە

ڕەزا مەلەک‌زادە، جێگری توێژینەوە و کاروباری زانستیی وەزارەتی بێهداشت لە نامەیەکدا بۆ وەزیری بێهداشتی کۆماری ئیسلامی ڕەخنەی توندی لە بەڕێوەبەریی چەوت و پڕ لە هەڵە و کەموکوڕیی ئێران لە هەمبەر مودیرییەتی کۆرۆنادا گرتوە و ڕایگەیاندووە کە بەو هۆیە واز لە بەرپرسایەتییەکەی دێنێ. ئەو لە نامەی دەست‌لەکارکێشانەوەی خۆیدا نووسیویەتی کە بەڕێوەبەریی وەزارەتی بێهداشت و سیاسەتەکانی ئەم وەزارەتە بووەتە هۆی کارەساتی مرۆیی و گیان‌لەدەست‌دانە زۆر و بێ‌ئەژمارەکان لە ئێران بەهۆی کۆرۆناوە.

ڕۆژی پێش لە وازهێنانی دوکتور مەلەک‌زادە، سەعید نمەکی، وەزیری بێهداشتی ئێران ڕەخنەی لە ناوبراو گرتبوو و تۆمەتی ئەوەی خستبووە پاڵ کە بەربێژی و لێکدانەوەکانی ئەو لەبارەی کۆرۆنا بوو ئەم وەزارەتەی بە هەڵە برد!

بەپێی دوایین ئامارە ڕەسمییەکان زیاتر لە ٤٤ هەزار کەس لە ئێران بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە نیوەی ئەو کەسانەی بۆ چارەسەری کۆرۆنا ڕوو لە نەخۆشخانەکان دەکەن، لەوێ دەمرن. هاوکات لە ئەمڕۆوە زیاتر لە ١٥٠ شار کە لە دۆخی "سوور"دان، هاتوچۆیان تێدا سنووردار دەکرێ و قەرەنتینە دەبن.

ئامارەکان دەڵێن ئەوەندە کەسەی تەنیا لە مانگی خەزەڵوەردا کۆرۆنایان گرتوە پتر لە یەک لە سێی توشبووانی ئەم پەتایە لە هەموو ٩ مانگی ڕابردوودایە. ڕۆژی یەکەمی خەزەڵوەر ئاماری توشبووان ٥٥٠ هەزار و ٧٥٧ کەس بووە، بەڵام لە ڕۆژی کۆتایی ئەم مانگەدا گەیشتۆتە ٨٢٨ هەزار و ٣٧٧ کەس. هەروەها لە پێنج ڕۆژی کۆتایی خەزەڵوەردا هیچ ڕۆژێک نەبووە کەمتر لە ١٣ هەزار کەس تووشی کۆرۆنا ببن و لە نیوەی دووهەمی ئەم مانگەشەوە هیچ ڕۆژێک پتر لە ٤٥٠ کەس بەهۆی کۆرۆناوە مردوون.

بەپێی ڕاپرسییەک کە کۆمپانیای ئانالیزی زانیارییەکانی (Stasis) لەبارەی چەندوچۆنیی ڕەزامەندیی خەڵکی ئێران لە شێوەی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لەلایەن حکوومەتەوە کراوە، نیوەی ڕێکی خەڵک نارازین و تەنیا سەتا ١٤ی خەڵک ڕەزامەندیی تەواوی خۆیان دەربڕیوە و ئەوانەی دیکەش کەم و زۆر ڕەخنەیان لە سیاسەت و بەرنامەکانی دەوڵەت بووە.




٢ کێشەی ئێران هەر ئەمە نییە کە دنیای دەرەوە پێناسەی دەکا





٣ گەڕانی بەردەوام بەدووی ڕاستییەکان‌دا





٥ ژنان – کەمینە نەتەوەییەکان لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا





٦ زامی قەتماغە نەبەستووی بوومەلەرزەکەی کرماشان





١١ کورد لە داهاتووی ئێران‌دا

کوردستان
ژمارە ٧٨٦
٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ _ ٢٠ی نوامبری ٢٠٢٠

◆ درێژەی سەروتار

## چرۆ و پشکووتنەکانی دوای خەزەڵوەر

... ئاگاشم لێی نەبووە، دوایەش بای‌داوە و گوتی ئەمە لە بەرژەوەندیی خەڵکە و قازانجەکەی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە؛ دواتریش ڕوون بۆوە کە هەموو ئەو بەزمە بۆ پڕکردنەوەی کورتی‌هێنانی بودجە بووە. بەڵام هەم خەڵک و چاودێرانی سیاسی و هەم ژوورە فیکرییەکانی کۆماری ئیسلامی دەیانزانی کە ناڕەزایەتییەکان بە گرانبوونی بێنزین تەنیا بیانوویە، چونکی هاتنە سەر شەقامی خەڵک ناڕەزایەتی بە کەڵەکەبوونی کۆی قەیرانەکانی کۆمەڵگە بوو، ئەو قەیرانگەلەی وای‌کردوە خەڵکی ئێران کەمترین ماف و ئازادییەکیان نەبێ و پتر لە ٦٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی وڵات پێویستییان بە یارانە و چاویان لە یارمەتیی دەوڵەت بێ.

لەو ناڕەزایەتییانەدا خاڵی گرینگ ئەوە بوو کە خەڵک بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی خۆی شەقامی هەڵبژارد، بۆوەی زۆرترین کەس ڕەگەڵ کەوێ و زیاترین کاریگەری دابنێن و لە ئاستی سەرکوت و توندوتیژیش کەم بێتەوە؛ کاتێکیش توندوتیژیی و سەرکوتی خوێناویی خەڵک ڕەوتی ناڕەزایەتی‌دەربڕینەکەیان گۆڕی، بانکەکان و ناوەندە سەربازییەکان و شوێنە ئایینییەکان کەوتنە بەر پەلامار. ئەگەرچی وێدەچێ پەلامار و سووتاندنی ئەو شوێنانە لە بنەڕەتڕا کاری خۆپیشاندەران نەبووبێ و بە دەسکیسیی ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ بەلاڕێدا بردنی ناڕەزایەتییەکان و بیانوو بۆ سەرکوتی توندوتیژ کرابن؛ بەڵام ئەگەر واش نەبووبێ پەیامێکی تێدا دەخوێندرێتەوە کە خەڵک لەو شوێنانە بێزارن و هیچ خێروبێرێکیان لێ نەدیون و چارەیانی ناوێ.

خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەر خوێناویترین ناڕەزایەتی‌دەربڕینەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە، بەڵام بینیمان دواجار نە کەس دادگایی کرا و نە هیچ گیان‌ئەستێنێک وەک تاوانبار ناسێندرا. بینیمان کە زۆر لە بنەماڵەی قوربانییانی ئەم سەرکوتە لە ڕێگەی قانوونەوە وەدووی خوێنی بەناحەقڕژاوی ڕۆڵەکانیان کەوتن، بەڵام وەڵامێکیان دەست نەکەوت هیچ، بگرە برینی دیکەشیان خستنە سەر دڵیان و تەنانەت سووکایەتییان پێ‌کرا. بۆیە هەوڵی ئەو مافناس و ڕێکخراوەگەلی داکۆکی لە مافی مرۆڤ کە دەیانەوێ پەروەندی قوربانییەکانی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەر لە دەرەوەی ئێران بەرنە بەردەم دادوەرە نێونەتەوەیی و دادگا نێودەوڵەتییەکان -بۆ نموونە دادگای لاهە- هەم جێی ڕێز و پێزانینە و هەمیش هەوڵێکی کاریگەر و شوێن‌دانەر لە گەیاندنی حەق بە حەقدار. هاوکات مافخوازیی بنەماڵەی قوربانییان و پاشەکشە نەکردنی میراتگرانی خەزەڵوەری ٩٨ جێی بایەخە، چونکی بەدەر لە کوژرانی سەدان کەس و بریندار‌بوونی هەزاران کەس، لەو ماوەیەدا بە دەیان هەزار کەسیش گیران، هەزاران کەس لەو گیراوانە حوکمی قورسی زیندانی درێژخایەن و سزا و قەرەبووکردنەوەی مادییان بەسەردا سەپا، بنەماڵەی قوربانییان و گیراوەکان خرانە ژێر توندترین گوشارەکان و ڕێ لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کوژراوەکان گیرا و تەنانەت چەند کەس لە گیراوەکان ئێعدام کران؛ بەڵام هیچ کام لەوانە نەبوونە هۆی کۆڵدانی خەڵک و وەستاندنی دادخوازیی ئەم جینایەتە سامناکە.

سەرکوتی خوێناویی ٩٨ هاوکات دەربڕی ئەم ڕاستییەش بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی لەلایەن خەڵکەوە چەک کراوە و هەموو ڕەوایییەتێکی لێ ئەستێدراوەتەوە و ئەم ڕێژیمە جگە لە هێزی کوشت‌وبڕ و سەرکوت وەڵامێک بۆ ویست و داواکانی خەڵک ناناسێ.

خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨ ڕاستە بە توندترین شێوە سەرکوت کران، کۆرۆناش بۆ کۆماری ئیسلامی نێعمەت بوو کە بۆ کاتییش بووبێ خەڵکی لە ماڵەکانیان پەستاوتووە، بەڵام کێشە سەرەکییەکەی خەڵک و کۆماری ئیسلامی هەروا لەجێی خۆیەتی.

هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی خەڵک و لەپێناو باشترکردنی ژیانی خەڵک لە بواری دامەزران و خۆشبژێوییان نەکراوە، ژێرخانی ئابووریی ئێران هەروا تێک تەپیوە و هەڵبژێرانی جۆ بایدەنیش بە سەرۆک‌کۆماریی ئەمریکا نرخەکانی نەهێنایەوە خوارێ. بی‌کیفایەتی، درۆ و هەڵخەڵەتاندن و گەندەڵیی سیستماتیک و ناکارامەیی حکوومەتیش کە هەروا درێژەی هەیە، بۆیە بە دڵنیاییەوە هەر ئەوانەی لە خەزەڵوەردا ڕژانە سەر شەقامەکان و خەڵکانی وەزاڵەهاتووی دیکەش لە یەکەم هەل و دەرفەت‌دا دەڕژێنەوە سەر شەقام. بەو جیاوازییە کە ئەمجارەیان هەم ترسیان لە سەرکوت ڕژاوە و هەم ڕق و هەم هەستی تۆڵەستێنیش دنەدەری پتریانە. ڕوون و ئاشکراشە کە ڕێژیم ناتوانێ هەتا سەر سیلە لە سەر و سینگی لاوانی ئەم نیشتمانە بگرێ و بە تێکدەر و ئاژاوەچی و دوژمنیی خەڵکیان ناو بەرێ؛ خەڵکی ئێران هەر بە دروشمەکانیان‌ڕا دیارە کە کێ بە دوژمنی خۆیان دەزانن.

لە ساڵیادی ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ٩٨ دا دوو خاڵ گرینگن:

یەکەم، کاربەدستانی هەرە بەرزی کۆماری ئیسلامییش نایشارنەوە کە ئەم ڕووداوە گەورەترین قەیرانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بوو. ماوەیەک لەوە پێش «محەممەدڕەزا باهونەر»ی لیدەری بناژۆخوازەکان دانی بەوە دانا کە «باش بوو خەڵکێک بەجێی ئەوەی بێنە ڕیزی خۆپیشاندانەکان هەر سەیریان کرد و چاک بوو زوو کۆمان کردنەوە، دەنا ئەو ڕاپەڕینە بەرەو شۆڕش، یان شۆڕشێکی نەرم دەڕۆیشت و هەر بۆمان کۆ نەدەبۆوە.» ئەم قسەیەی باهونەر پێمان دەڵێ ئەمجارەیان دەبێ هەموو پێکەوە بین و ئەو عەمباری باڕووتە چاوەڕوانی پڕیشکێکی دیکەیە هەموو ئێران بگرێتەوە و چارەنووسی خەڵک و کۆماری ئیسلامی یەکلا بکاتەوە.

دووهەم خاڵ کە هەم گرینگە و هەم ئەرک دەخاتە سەر شانی هەموو لایەک ئەوەیە کە ڕووداوی خەزەڵوەری ٩٨ نابێ لە بیر هیچ تاکێک و هیچ لایەنێکی سیاسی بچێتەوە و ناشێ ئێزن بدرێ تۆزی بیرچوونەوەی لێ بنیشێ. چونکی ئەگەر بێدەنگی لە کوشتنەکانی ساڵەکانی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕش نەکرابا و، ئەگەر پەروەندەی کوشتارەکانی ساڵی ٦٧ و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا خسترابانە بەردەم دادوەران و، ئەگەر تیرۆری دژبەرانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕووی لێ‌پرسینەوە و دانی تێچوویەکی قورس کردبا؛ ئێستا ئەوەندە خوێنە لەبەر خەڵکی ئێران نەڕۆیشتبوو. ڕەنگبێ ئێستا کۆماری ئیسلامییەک نەدەبوو....

## خالید عەزیزی:

# کێشەی کۆمەڵگەی ئێران هەر ئەمە نییە کە دنیای دەرەوە پێناسەی دەکا



خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەپێوەندی لەگەڵ ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی و سیاسەتەکانی لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند دێموکراتەکان و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا پێویستە وێڕای بەرنامەی ئەتومی و سەرکێشییەکانی ڕێژیم لە ناوچە پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێرانیشیان لەبەرچاو بێت.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ”کوردستان“ تیشکی خستە سەر ئەوەی هەتا ئێستاش خاڵی هاوبەشی سیاسەتی دەرەکیی دێموکرات و کۆماری‌خوازەکان لە ئەمریکا گوشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامی بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە بووە، نەک گۆڕینی نیزامی سیاسیی ئێران.

خالید عەزیزی باسی ئەوەی کرد کە واشینگتۆن لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا جیاواز لەوی کە دێموکراتەکان لە کۆشکی سپی بوون یان کۆمارییەکان، یەک سیاسەتیان بووە، ئەویش سیاسەتی گۆڕینی ڕەفتاری ئێران. مادام باس لە گۆڕینی ڕەفتاری ئێران بووە هەم دێموکراتەکان و هەم کۆماری‌خوازەکان بەپێی باوەڕ و بەرنامەکانی خۆیان بەدوویدا ڕۆیشتوون. هەڵبەت لە سەردەمی کۆماری‌خوازەکان (بەتایبەت بووشی باوک و کوڕ لەگەڵ ترامپ) هەڕەشە و جووڵەی نیزامی لە ناوچەدا زۆر بوو، بەڵام هیچ کام لەوانەش سیاسەتی گشتیی ئەمریکای نەگۆڕی کە قسە کردن لە گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیی بوو. لە ئیدارەی نوێی ئەمریکادا بێگومان پرسی ئێران و سیاسەت و شێوەی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە و تەنانەت خەڵکی نێوخۆی ئەم وڵاتە یەک لە سەرقاڵییەکانی کۆشکی سپی دەبێ، بەتایبەت کە کۆماری‌خوازەکان دژی هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام بوون و میراتی دەوڵەتی ترامپیش ئەوانی بەرەوڕووی کۆمەڵێک ئەگەر و سیناریۆ کردوە. هاوکات بایدن دەیەوێ دیواری درز بردووی پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئورووپا نۆژەن کاتەوە و ئەمەشی بۆ چەند مەبەستە، کە ڕەگەڵ‌خستنی ئورووپا بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئێران یەک لەوانە. هەروەها بارودۆخی ئێستای جیهان و هاوکێشەکانی ناوچە دەخوازێ کە بایدن لە نێوان سیاسەتەکانی ئەمریکای سەردەمی ئۆباما و ئەمریکای دوای چوار ساڵ دەسەڵاتی ترامپ پردێک هەڵبەستێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەبارەی پێوەندییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا بە تایبەت لە ماوەی کابینەی ترامپ‌دا کە توندترین سیاسەتی لەدژی کۆماری ئیسلامی هەبوو، دەڵێ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان مامەڵەی دێموکراتەکان و کۆماری‌خوازەکان بەنیسبەت پرسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە بەدی نەکراوە.

کاک خالید عەزیزی لەو پێوەندییەدا گوتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان چ لە سەردەمی کۆماری‌خوازەکان و چ لە سەردەمی دێموکراتەکان‌دا لە واشنگتۆن حزوورمان بووە و، هەوڵمان داوە بە لەبەرچاوگرتنی سەنگی ئەمریکا لە هاوکێشەکاندا و بەرژەوەندیی خۆمان وەک نەتەوەیەکی ماف‌خوراوی سەرکوت‌کراو، لەسەر ناساندنی پرسی کوردی ئێران پێوەندیی باشمان لەگەڵ دامەزراوە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەکانی ئەمریکا هەبێ. بەڵام لەڕاستیدا ئەوە ئەمریکا بووە کە هەتا ئێستاش سیاسەت و بەرنامەیەکی تۆکمەی بەنیسبەت مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی نەبووە. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ خوێندنەوەی ئەمریکییەکان بۆ دۆخی ئێران دەگەڕێتەوە. یەکەم ئەوەی هەتا ئێستاش واشینگتۆن مەسەلەی بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و سەرکێشی و قەیرانخولقێنییەکانی ڕێژیمی لەبەرچاو بووە و هەوڵ و سیاسەتەکانی بۆ ئەوە بووە بەربەست بۆ ڕێژیم دروست بکا. ئێمەش گوتومانە ئەم ڕێژیمە کە سپۆنسەری تیرۆریزمی دەوڵەتییە و هۆکاری ناسەقامگیری و هێمنایەتی لە ناوچەیە، هەتا دەسەڵاتی ئێرانی بەدەست بێ، لە سیاسەت و بەرنامەکانی پاشەکشە ناکا. چونکی لە بنەڕەتدا ئەم ڕێژیمە نیزامێکی سیاسیی وەڵامدەر و بەرپرسیار نییە، چ لە هەمبەر خەڵکی وڵاتدا و چ لە بەرامبەر کۆمەڵگەی جیهانیدا. هەتا ئەم ڕێژیمەش لە دەسەڵاتدا بێ ناوچەکە سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێ، بۆیە یان دەبێ بڕوا و نەمێنێ، یان لە ئاکامی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆدا ڕێژیمێکی سیاسیی دەروەست و بەرپرسیار بێتە سەر کار.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم دیمانەیەدا ڕەخنەی لە سیاسەت و خوێندنەوەی ئەمریکا بۆ پرسی ئێران هەیە و ڕای وایە کە ژوورەکانی پلاندانانی ئەمریکا ئەسڵ و بنەڕەتی کێشەکان لە ئێرانی پشتگوێ خستوە.

بەڕێزیان لەو پێوەندییەدا گوتی: بەداخەوە هەتا ئێستا واشینگتۆن و دامەزراوە بڕیاردەرەکان لە ئەمریکا گرینگی و بایەخی پێویستیان بە پرسی مافی مرۆڤ و کێشەی خەڵک و دەسەڵات لە ئێران‌دا نەداوە و، خەڵک و پرسی پێکهاتەکانی ئێران کەمتر لە وێژمانی سیاسی و بەرنامەکانی ئەمریکا بەنیسبەت ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵمان داوە سەرنجی ناوەندی بڕیار لە ئەمریکا و لە ئورووپاش بۆ لای ئەوە ڕابکێشین کە کێشەی کۆمەڵگەی ئێران ئەمە نییە کە دنیای دەرەوە پێناسەی دەکا. کێشەی ئێران هەر کێشەی ناوکی و مووشەکی نییە، بەڵکوو ئێران تێ‌دەکۆشێ ئەم بابەتانە وەک کارتێکی گوشار بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکار بێنێ و بۆ ئەوەش هەموو خەڵک و کۆمەڵگەی ئێرانی بەبارمتە گرتوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەیشاردەوە کە کۆماری ئیسلامی لە داهاتووشدا لەسەر سیاسەت و بەرنامەکانی بەردەوامە، بۆیە ئەمە ئەمریکا و هێز و وڵاتە دێموکراتیکەکانی دیکەن کە دەبێ پێداچوونەوەیەک بە سیاسەتەکانی خۆیاندا بکەن. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەبێ پرسی مافی مرۆڤ و مافە مەدەنی، سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێرانیان بۆ گرینگ بێ و لەسەر ئەم ئەساسە بڕیار بدەن و گوشارەکانیان لەدژی کۆماری ئیسلامی زیاد بکەن.

خالید عەزیزی لە ساڵیادی سەرکوتە خوێناوییەکەی خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردووی خەڵکی ئێران‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ڕابردوو لە دژی کۆماری ئیسلامی، فۆرمێکی باش و جەماوەریی گەشەسەندووی ناڕەزایەتیی خەڵک بوو لەدژی ئەو سیستمە کە توانی لە پاش خۆی کۆمەڵێک شوێنەواری باش بەجێ بێڵێ.

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ لێکەوتەکانی ئەم خۆپیشاندانە ئاماژەی بە سێ خاڵ کرد و گوتی: یەکەمیان نیشان‌دانی بێ‌متمانیی ڕەهای خەڵک بوو بە دەسەڵات. ئەمەش لە مەسەلەی بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە و لێکەوتەکانیدا زۆر بە باشی دەرکەوت. بینیمان کە کۆماری ئیسلامی سەرەتا بە درۆ حاشای دەکرد، دوایە لەژێر گوشار و بەهۆی بەڵگە سەلمێندراوەکانەوە ناچار بوو ملی بۆ ڕابکێشێ. دووهەم شت مەسەلەی کوژرانی قاسمی سولەیمانی بوو کە کۆماری ئیسلامی دەیویست بیکا بە قارەمان و ئوستوورەیەکی سەیر کە کوژرانەکەی هەم لەدژی خەڵک لەنیوخۆ و هەم لە دژی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکارت بێنێ کە ئەمەشیان بۆ نەکرا. سێهەم شت هەڵبژاردنەکانی یازدەهەمین خولی مەجلیس بوو بە خەڵک بە بەشداریی زۆر کەمیان ”نا“یەکی زۆر گەورەیان بە ڕێژیم گوت. ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەر و ئەم کاریگەرییانە ئێستاش لە زۆر ڕەهەندی دیکەوە و یەک لەوان پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا خۆی دەردەخا.

کاک خالید عەزیزی لە درێژەدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا ئەوپەڕی کەڵکی لە بارودۆخی کۆڕۆنا وەرگرتوە، بەڵام چارەسەری ئەم پەتایە دەبێتە هۆی دەستپێکردنەوەی شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتی و خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵک بەدژی کۆماری ئیسلامی. چونکی زۆر پرس و داوای بنەڕەتیی خەڵک و زۆر کێشە و ئارێشەی کۆمەڵگە لەسەر یەک کەڵەکە بووە کە کۆماری ئیسلامی هەموویانی وەلا ناوە و بە شتی دیکەوە خۆی سەرقاڵ کردوە. خەڵک و هەموو لایەک دەبینن لە کاتێکدا لە گەرمەی کێشەی کۆڕۆنادا دەوڵەتە بەرپرسەکان بەدوای چارەسەر و کەم‌کردنەوە لە خەم و کێشەی خەڵکەکەیان‌دا دەگەڕێن، کۆماری ئیسلامی کە ماوەیەک لەوە پێش سزای قەدەغە کرانی سەودای چەک‌وچۆڵەی لەسەر هەڵگیرا؛ یەکەم کاریان ئەوە بوو لەگەڵ ئەو دەوڵەت و ئەملاوئەولا دانیشن سەودا و مامەڵەی چەکوچۆڵ بکەن.

بۆیە ئەگەر بەڵای کۆڕۆنا لەسەر خەڵکی کەم بێتەوە کە هیوادارم هەرچی زووە بەسەر بچێ، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانگەلێکی گەورە بەرەوڕوویە کە ناتوانێ خۆی لێیان بەدوور بگرێ. قەیرانی ئابووری، قەیرانی شۆناس، قەیرانی مافی مرۆڤ و لە کوردستان بەدەر لەو بابەتە گشتییانە لەگەڵ کێشەیەکی گرینگی دیکە بە ناوی پرسی کورد بەرەوڕوو دەبێتەوە و لە هەموو ئەم مەیدان و بوارانەدا بەرەوڕووی چالشی جیدی دەکرێتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئەم بەرگژە و کێشانە چۆن دەتوانێ ململانێی خەڵک و دەسەڵات بۆ قۆناغی یەکلاکردنەوە بگوازێتەوە، گوتی: گرینگە لەپێشدا شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان پێویستە هەم بەردەوام بن و هەم بەرفراوان. لەوەش دڵنیام کە هیچ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکی خەڵک بێ ڕێبەری نابێ و نامێنێتەوە، بۆیە هیوادارم ناڕەزایەتی و بزووتنەوەی ئیعترازیی خەڵک زووتر ڕێبەریی بۆ دروست ببێ و لە پەرتەوازەیی بێتە دەرێ و ئامانجدار بەرنامەکانی خۆی بباتە پێشێ. بە تایبەت ئێستا کە بەستێن و هەلومەرج بۆ نیزیک‌بوونەوەی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە یەکتری پتر لە هەموو کاتێک لەبارترە. بابەتێکی دیکەش کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ فاکتەری دەرەکییە. ئەگەر لە کابینەی نوێی ئەمریکادا دێموکراتەکان کە زۆر باسی مافی مرۆڤ دەکەن و پێیان وایە جیاوازییان لەگەڵ کۆماری‌خوازەکان لەسەر ئەوەیە؛ ئەوانیش بتوانن و بیانەوێ لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا بۆچوونی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە دژی کۆماری ئیسلامی بەهێزتر بکەن و بەمجۆرە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو پێوەندییەدا بێتە سەر خەت.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆتاییدا پێداگریی لەسەر ئەوە کردەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەهەر حاڵەتێکدا لەسەر پرسی ئێران بەپێی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و مافەکانیان بڕیار دەدا و لەو چوارچێوەیەدا کار دەکا.

# گەڕانی بەردەوام بەدووی ڕاستییەکان‌دا

## (بە بیانووی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی دیسایت_ ئاڵمان)


عومەر باڵەکی

ڕۆژنامەی دیسایت کە ڕۆژنامەیەکی پڕ خوێنەری ئاڵمانی‌یە ڕاپۆرتە وتارێکی لە ڕۆژی ٥ی نوامبری ٢٠٢٠ لەژێر سەردێڕی "سیخوڕی تیرۆری دژبەران لە ڕێستورانەتی میکۆنووس کێ بوو؟" بڵاو کردەوە. بە دوای بڵاو بوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە شەپۆلێکی دیکە لە باس و خواست لەنێو کۆڕی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لەسەر تێرۆری میکۆنووس و خاڵی ون‌بووی ئەو تێرۆرە کە چ کەسێک ئاگاداری وردەکاریی سەفەری د.شەرەفکەندی، سکرتێری حیزبی دێموکرات بۆ بێرلین بووە، هاتەوە گۆڕێ و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە سەر نێوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە بوو بە ڕۆژەڤی ڕاگەیەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی. ئەوانەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر چۆنیەتیی تێرۆری میکونووس و پاشان دادگای میکۆنووس کردووە، دەزانن کە ئەو پرسیارە لە ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی جینایی ئاڵمان و هەتا حوکمی کۆتایی دادگا بۆ هەموو دامودەزگای پۆلیس و قەزایی ئاڵمان جێگای سەرنج و تێڕامان بووە. بەڵام هیچ سەرەداوێک یا دەستی پۆلیس نەکەوتووە، یا ئەگەر دەستیان کەوتووە جێگای پرسیارە کە چۆنە پۆلیس و دەزگای قەزایی بۆ بیروڕایی گشتی یا لانی‌کەم بۆ بنەماڵەی شەهیدانی دەستی ئەو تێرۆرەیان ڕوون نەکردۆتەوە.

بێجگە لە ڕاپۆرتی ئەو ڕۆژنامەیە (دیسایت)کە بەتازەیی بڵاو بۆتەوە و لەکاتی پێک‌هاتنی دادگای میکۆنووس دادخوازی داواکاری گشتیی ئاڵمان پاڵپشت بە ڕاپۆرتی ئیدارەی گشتی دژە ئیتلاعاتی ئاڵمان BND لە پەروەندەی تێرۆری میکۆنووس ئەو بابەتە دەورووژێنن کە لە کاتی بەڕێوەچوونی تێرۆرەکە لە ڕێستورانتی میکۆنووس سەرچاوەیەکی زانیاری هەبووە کە پێوەندی لەگەڵ تێرۆریستەکان هەبووە و بەبێ ئەو سەرچاوەیە ئەو کردەوە تێرۆریستیە بەو شێوە ورد و بێ کەم‌وکورتییە بەڕێوە نەدەچوو. بۆیە بۆ دەزگای قەزایی ئاڵمان گرینگ بوو بزانن ئەو کەسە کێیە؟ بەڵام بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ئەو ڕۆژنامەیە ئەو جیاوازییە دروست دەکا ئەویش ئەوەیە کە نووسەری ئەو بابەتە لە ڕۆژنامەی ناوبراودا بە هێنانەوە بەرباسی چەندین پرسیار لە سەر کەسێک بە ناوی ''عزیزی غفاری'' کە لەکاتی کارەساتی تێرۆری میکۆنووس‌دا خاوەنی ڕێستورانەتەکە بووە و شەوی تێرۆرەکە هەم میوان‌دار بووە و هەم لە کاتی تێرۆرەکەدا بە توندی بریندار بووە، وەک ئەو کەسە دەناسێنی کە لەو شەوەدا هاوکار و جاسووسی تیمی تێرۆر بووە و هەوڵی داوە هەموو ئاسانکارییەک بکا بۆ بەڕێوەچوونی کردەوە تێرۆریستییەکە. دیارە لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی دادگاش‌دا ناوبراو هەم وەک شاهید لە دادگا بانگ کراوە و هەم وەک تۆمەتبارێک کەوتووەتە بەر لێکۆڵینەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان.

وەک باس کرا لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە و دادگادا ئەو بابەتە لەبەر چاوی کاربەڕێوەبەرانی دەزگای قەزایی ئاڵمان شاراوە نەبووە. بۆ وێنە لە ڕاپۆرتی ٤ی ئاوریلی ١٩٩٥کە بۆ دادئەستێن (یوست) لە دیوانی بەرزی ئاڵمان نێردراوە، باس لەوە دەکرێ کە تیمی تێرۆر بە چاوساغیی سەرچاوەیەک لە وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی ئێران شوێنی کۆبوونەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیان بە دەقیقی زانیوە و ئەو سەرچاوەیەش لە پێوەندیی ڕاستەوخۆدا بوو لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و لە کاتی بەڕێوەچوونی تێرۆرەکەش‌دا لە شوێنەکە بووە. بەڵام بەداخەوە لە ڕەوتی بەڕێوە چوونی لێکۆڵینەوە و تەنانەت بۆ دادگاش ڕوون نەبووە کە ئەو کەسە کێ بوو کە ئاگاداری وردەکارییەکانی سەفەری د. شەرەفکەندی بووە و بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئەو زانیارییانەی بەکارهێناوە.

پەروەندەی تێرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ڕاستە خاڵی ونبووی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە چ کەسێک شەوی تێرۆرەکە هاودەست وهاوکار و ڕێنیشاندەری تێرۆریستەکان بووە، بەڵام لێرەدا پێویستە لەبیرمان نەچێ کە هەڵوێست و کردارەی دەزگای قەزایی ئاڵمان و دادگای میکۆنووس لەسەردەمی ئێستادا کە سەردەمی پاراستنی بەرژەوەندییەکانە ئەوەندە ئازایانە و بوێرانە بوو کە هەموو کات بۆ گەلی کورد و حیزبی دێموکرات دەبێ جێگای ڕێز و پێزانین بێ. چونکە حوکمی ئەو دادگایە توانیی لە ڕێگای قانوونەوە پەردە لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵداتەوە و هەم نیزامی ئەو نیزامە بە "سیستمی جینایتکار" بە دنیای بناسێنێ و هەر ئەو دادگایە ئیزنی نەدا خوێنی بەناحەق ڕژاوی ئەو تێرۆرکراوانە وەک باقی جینایەتەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ژێر ساتوسەودای سیاسی و بازرگانی دەوڵەتەکان لەگەڵ نیزامی حاکم بەسەر ئێراندا؛ لە هەمان کاتدا بوو بە هۆکارێکی گرینگ بۆ پەکخستنی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لانی‌کەم لە ئورووپادا. ئێمە دوای حەوت مانگ لە کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێستورانتی میکۆنووس، دادئەستێن ئیدیعانامەی خۆی بە ڕەسمی پێشکەش بە دادگای بەرزی بێرلین دەکا. لەو ئیدعانامەیەدا دادئەستێن بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکا کە تێرۆری میکۆنووس دەستی کۆماری ئیسلامی تێدایە و هەر لەو ئیدعانامەیەدا دادئەستێن بە ڕوونی ڕایگەیاندبوو کە دەیسەلمێنی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی و خودی "علی فلاحیان" لە پشت ئەو تێرۆرەن. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو بابەتە کۆمیسیۆنێک پێک‌هات بە ناوی کۆمیسیۆنی میکۆنووس کە ٨٩ ئەندامی هەبوو کە کارەکەیان ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بوو لە سەر تێرۆری میکۆنووس. دادگای بەرزی بێرلین دوای سێ حەوتوو باس و لێکدانەوە ئیدعانامەی دادئەستێنی قەبوول کرد و ٢٨ی ئۆکتوبری ١٩٩٣ وەک یەکەم ڕۆژی دانیشتنی دادگای میکۆنووس دیاری کرا کە پرۆسەی ئەم دادگایە زیاتر لە سێ ساڵ و نیوی خایاند و لەو ماوەیەدا ٢٤٧ کۆبوونەوەی دادگا بەرێوە چوون.

ڕاستە هەتا ئێستاش ڕوون نییە کە چ کەسێک زانیاریی لەسەر شوێن و چۆنیەتی کۆبوونەوەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەگەڵ بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی گەیاندووەتە دەست تیمی تێرۆریستەکان و کارئاسانیی بۆ کردوون بۆ ئەنجامدانی کردەوەکەیان، بەڵام پێویستە و گرینگە بە بەردەوامی کار بکرێ بۆ ڕوون‌بوونەوەی ئەو بابەتە و دەستی یارمەتی بۆ هەموو ئەوکەس و لایەنانە درێژ بکەین کە دەتوانن کاریگەریان هەبێ لە ئاشکراکردنی ئەوکەسە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاشکرابوونی ئەم نهێنییە گرینگە، بەڵام هەروەک باس کرا حوکمی دادگای بێرلین "میکۆنووس" بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازی ئێران بە گشتی و گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی گرینگیی زۆری هەیە و بە بڕیارێکی مێژوویی دادەنرێ.

لەو پێوەندییەدا ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشانی تێکۆشەران و هەموو ئازادیخوازان ئەوەیە کە نابێ ئیزەن بدەن، تێرۆری میکۆنووس و هەموو کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بچنە خانەی لەبیرچوونەوە، هەر بۆیە پێویستە بە دایمە کار بۆ ئەوە بکرێ ئەو کردەوە تێرۆریستییانەی دەسەڵاتدارانی تاران لە بیروزەینی گەلانی ئێران و خەڵکی کوردستان و بیروڕای جیهانی‌دا بە زیندوویی بمێنێتەوە. پێویستە بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەک سیاسەتی تێرۆریزم‌پەروەری کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قاو بدرێ، چونکە هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەستیان لە تێرۆری جیابیران و دژبەرانی خۆیان هەڵ نەگرتووە و لە پەروەردە و بارهێنان و هەناردەکردنی تێرۆریست بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران خۆی نەپاراستووە.



RECHT & UNRECHT

5. November 2020 DIE ZEIT N° 46

Berlin 1992: Der iranische Geheimdienst erschießt in einem Lokal vier Oppositionelle. Die Morde sind bis heute politisch brisant

VON MICHAEL THUMANN

# پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ سەرۆک‌کۆماری هەڵبژێردراوی ئەمریکا



**بەڕێز جەنابی جۆزێف بایدن،**
**سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا!**

بەبۆنەی هەڵبژێرانت بۆ پۆستی سەرۆک‌کۆماریی ویلایەتە یەککگرتۆکانی ئەمریکا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزباییت لێ‌دەکەم و هیوای سەرکەوتنت بۆ بەئاوات دەخوازم.

بەڕیزت لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پێداگریت لەسەر بەها و بنەماکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و یەکسانی و نەبوونی هەڵاواردن لە ئەمریکا کردوە کە دەمێکە لەو وڵاتەدا جێ کەوتووە و قانوونمەند بووە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا، لە جیاتی ماف و ئازادی و دێموکراسی، ئێعدام و ئەشکەنجە و کوشتن و تۆقاندنە حکوومەت دەکا و، جیاوازیدانان و هەڵاواردن بە پێی ئایین و میللییەت و باوەڕە کە نەهادینە بووە؛ بە تایبەت ئەو هەڵاواردن و ئاپارتایدە لەسەر کوردی ئێران لەو پەڕی خۆی‌دایە.

بەڕێزت هەروەها لە قسەکانتدا پێداگریت لەسەر بەهێز کردنەوەی پێوەندیی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانتان کردەوە، هاوکات بەڕێزتان باش دەزانن کە کورد بە گشتی لە ڕیزی پێشەوەی شەڕی دژی تێرۆریزم‌دایە، و حیزبی ئێمەش ڕێبەرانی بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێرۆر کراون (د. قاسملوو لە وییەن ١٩٨٩)، (د. شەرەفکەندی لە برلین ١٩٩٢)، (هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارەگای ڕێبەریی حیزب ٢٠١٨).

**بەڕێز جەنابی بایدن!**

مامەڵە لەگەڵ ئێران لەسەر پرسی مافی مرۆڤ، دۆسیەی ناوکی و مووشەکی و، بەرجام بێ‌گومان بابەتێکی سەرەکیی دەستوری کاری ئێوە دەبێ. نەتەوەی کورد لە ئێران و حیزبی ئێمە ئێستاش بە جۆرەها چەکی سووک و قورسی کۆماری ئیسلامی سەرکوت دەکرێ و قوربانیی تێرۆریزمی ئەم ڕێژیمەیە. بە باوەڕی ئێمە هەتا نیزامی کۆماری ئیسلامی و خامنەیی لە ئێران لەسەر کار بن، دۆسیەی ناوکی وەک کارتی گوشار بە کار دێنن و دەست لە تێرۆر و ناسەقامگیریی ناوچەش هەڵناگرن و خەڵکی ئێرانیش چارەنووسیان لەوە باشتر نابێ.

بۆیە هیوادارین ئێوەی بەڕێز کێشەی ئێران تەنیا لە ڕێککەوتنێکدا بە ناوی بەرجام پێناسە نەکەن و پشتیوانی مافە مرۆیی، مەدەنی و دێموکراتیکەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردی ئێران بە تایبەتی بن.

لەگەڵ ڕێزدا

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٩ی نوامبری ٢٠٢٠**

# پەیامی سەرەخۆشیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی د. فرسەت سۆفی

**بەڕێز سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!**

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، ئەمڕۆ کوردستان یەکێک لە ڕۆڵە بەرپرس و دڵسۆزەکانی خۆی بەهۆی پەتای جیهانگیری کۆرۆناوە لەدەست دا.

دوکتور فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر یەک لەو لاوە خوێنگەرم، ئەرکوەخۆگر و هەرە پڕکار و دڵسۆزانەی کورد بوو کە هەمیشە پێگەی سیاسی و ئیداریی خۆی بۆ خزمەتی خەڵک بەکار دەهێنا و ماندوویی‌نەناسانە بۆ سەرخستنی پڕۆژە گشتی و خزمەتگوزارییەکان تێ‌دەکۆشا.

د. فرسەت سۆفی پێوەندیی زۆر باشی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو، ئەوەندەش کە لە دەستی هاتبا بە خەمی خۆشک و برا هاونیشتمانەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بوو. خاکی و خاکەڕایی، ڕەوشتی بەرز و تێکەڵاویی لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بەرزی مرۆیی دیکە، کاک فرسەت سۆفیی کردبوو بە خۆشەویستی هەموو لایەک و، لەخۆڕا نییە کە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان بۆی خەمبار و بەپەرۆشە.

ڕووحی کاک فرسەت سۆفی شاد و جێگای بەهەشت بێ. بێگومان خزمەتەکانی و، ناو و یادی ئەو مرۆڤە بەرزە لە دڵی گەلی کورددا دەمێنێتەوە.

بەبۆنەی کۆچی ناوادەی د. فرسەت سۆفی، سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، هاوکارەکانی لە پارێزگای هەولێر، بنەماڵە و کەسوکاری بەڕێزیان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**سکرتاریا**
**٢٠٢٠/١١/١٨**



# ڕاگەیەندراوی سکرتاریای حیزب سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک سمکۆ عەلیار

ڕۆژی ٢٢ی خەزەڵوەری ٩٩ی هەتاوی سەرهەنگ سمکۆ عەلیار بەهۆی نەخۆشییەوە لە وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کرد.

سەرهەنگ سمکۆ عەلیار لە بنەماڵەیەکی دەست‌ڕۆیشتووی موکریان لە گوندی عەمباری ناوچەی بۆکان لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان دەست پێ کردوە و پاشان بۆ درێژەی خوێندن لەگەڵ سەرگورد کەریم عەلیار و دوو برای دیکەی نێردراونە شاری تەورێز و تا وەرگرتنی دیپلۆم لەو شارە خوێندوویەتی. پاشان ماڵیان چۆتە تاران و لە دانشکەدەی ئەفسەریی تاران درێژەی بە خوێندن داوە و بە دەرەجەی ستوان دووهەم چووەتە نێو ڕیزی ئەرتەشی ئێرانەوە.

کاک سمکۆ عەلیار لەو سەروبەندەدا ئەڵقەی پێوەندیی نێوان ئەرتەشی ئێران و شۆڕشی باشووری کوردستان بووە و هەر ئەو دیدارانە بوونە هۆی ئەوەی لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان پێوندیی هەبێ و بەو تاوانەش کەوتە بەر غەزەبی ڕوکنی دووی ئەرتەش و ساواکەوە، بەڵام بەهۆی لێوەشاوەیی لە کاری نیزامیدا لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا بوو بە سەرهەنگ.

کاک سمکۆ عەلیار پاش شۆڕشی گەلانی ئێران وەک ئەفسەرێکی نیشتمانپەروەر وێرای شەهید سەرگورد کەریم عەلیاری برای بۆ خزمەت بە گەلەکەیان گەڕانەوە کوردستان و پلە و پایەی ئەرتەش و ژیانی تارانیان بەجێ هێشت و هاتنە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە. کاک سمکۆ دواتر لە سەر پێشنیاری شەهید دوکتور قاسملوو کە دۆستایەتیی نزیکی لەگەڵی هەبوو یەکەم دەورەی فێرگەی سیاسی_نیزامیی بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات لە سەدرئابادی بۆکان کردەوە و هاوکات وەک ڕاوێژکاری نیزامی لە پرسە گرینگەکان‌دا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەهید دوکتور قاسملووەوە پرس و ڕای پێ‌دەکرا.

کاک سمکۆ عەلیار پاشان بۆ درێژەدانی ژیان چووە پاریس، پێتەختی فەڕانسە و دواتر لە وڵاتی سوئێد گیرسایەوە و تا کۆتایی تەمەنی لەو وڵاتە ژیانی بردە سەر.




کاک سمکۆ عەلیار لە ژیانی تاراوگەشدا پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکڕات و ڕێبەرانی حیزب نەپساند و وەک کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر ئەوەی لە توانای‌دا هەبا بۆ خزمەت بە گەلەکەی دەیکرد و لە هیچ هاوکارییەک درێغی نەدەکرد.

سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک سەرهەنگ سمکۆ عەلیار سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان و خزم و کەسوکاری دەکا و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**سکرتاریا**
**٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٩**

کوردستان
• ژمارە ٧٨٦
٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ _ ٢٠ی نوامبری ٢٠٢٠

# خوێندنەوەیەک بۆ نامەیەکی شەهید دوکتور قاسملوو



**نامەی ڕێبەرێکی کورد(د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاک سمکۆ عەلیار، سەرهەنگێکی کوردی ئەرتەشی ئێران)**

دەقی نامە (نامەکە بە فارسی‌یە)

**برادر گرامی کاک سمکو!**

پس از سلام مخلصانه

نه برای مطرح کردن مسائلی که گذشت و نه بمنظور گلایه و انتقاد، بلکه بخاطر مبارزات آینده خلق کرد و برای اینکه بتوانیم زمینه همکاری آینده را طرح‌ریزی کنیم. خواهش میکنم زحمت بکشید و سری بما بزنید.

البته هرچه زودتر تشریف بیاورید بهتر خواهد بود.

با سلام فراوان

**برادر کوچک شما**
**ع – قاسملو**
**١٣٥٨/١٠/٢**

***

پێش هەموو شتیک و بۆ ئەوەی لە نێوەڕۆکی ئەم نامەیە بە باشی تێبگەین، پێویستە بە پێی ڕێکەوتی ئەم نامەیە کە ڕۆژی ٢ی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٥٨ نووسراوە، ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین.

– ئەمە نامەی ڕێبەرێکە کە حیزبەکەی لەوپەڕی هێز و دەسەڵاتدایە، "میتینگی سەدهەزار کەس"ی خۆی لە مەهاباد گرتوە و حیزبی سەرەکیی مەیدانی خەباتی مافخوازیی گەلی کورد لە ئێرانە. ئەم نامەیەش لە زمان کەسی یەکەمی حیزبەوە بۆ کەسێکە کە، ئەو ڕێژیمەی ناوبراو لە ئەرتەشەکەیدا پلەی سەرهەنگیی هەبوو، ساڵێکە ڕووخاوە.

نامەکە بە "برای بەڕێز، کاک سمکۆ" و "سڵاوێکی موخلیسانە" دەست پێ دەکا کە بە تەواوەتی نیشان لە نیازپاکی و دەرککردن بە مەوقعیەتی شارەزایی و کۆمەڵایەتیی بەردەنگە. کاک سمکۆ عەلیار هەم پلەدارێکی بەرزی نیزامییە و هەم لە بنەماڵەیەکی ناوداری کۆمەڵی کوردەواری‌یە.

دوکتور قاسملوو زۆر باش دەزانێ کە ئەو کەسەی ئەو نامەی بۆ دەنووسێ، ڕابردووی "خزمەت"ی لە ئەرکانێکی ڕێژیمی پێشوو(پاشایەتی)دا هەبووە بە ناوی ئەرتەشی شاهەنشاهی کە ئەم ئەرتەشە دژ بە بزووتنەوەی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی ئەو(حیزبی دێموکرات) سەرکوتی سیستماتیکی دژی‌گەلیانەی کردوە. بەڵام وەک لە نامەکەی‌دا دیارە، دوکتور قاسملوو ئەوەی بۆی گرینگە و سەرنجی دەخاتە سەر، داهاتووی خەباتی میللەتەکەیەتی و پێی‌وایە هێنانە بەر باسی ئەوەی کراوە و بووە (ڕابردوو)و هەڵدانەوەی کەموکوورییەکانی ڕابردوو (گلەیی و بناشت)، ناتوانێ هیچ دەردێک لەم میللەتە دەرمان بکا.

دوکتور قاسملوو لە نامەکەیدا کە باس لە (مەسەلەکانی ڕابردوو، گلەیی و ڕەخنە) دەکا، باش دەزانێ کە کەسانی وەک کاک سمکۆ عەلیار دەیانتوانی لە ڕابردوودا جۆرێکی دیکە بن و لەوانەیە گلەیی و ڕەخنەشیان لەسەر بێت. بەڵام ئەوەی بە لای ڕێبەری حیزبێکی مەسئولی وەک حیزبی دێموکراتەوە گرینگە و خەڵک (نەتەوەیەک) چاوەڕوانی لێی هەیە، بیرکردنەوە لە "داهاتوو"ی میللەتێک و موبارزەکەیەتی. بۆیە ڕاست بە مەبەستی گەڵاڵەدانان بۆ داهاتووی ئەم خەباتە، هەوڵ دەدا لە تەواوی هێز و پتانسێلەکان کەڵک وەربگرێ و بەپێی "زەروورەت" دەستی هاوکاری بۆ کەسانێک درێژ بکا کە بەشێکن لەم هێز و پتانسێلە.

لێرەدا کە باس لە زەروورەت دەکەین و وەک لە نامەکەش ڕا دیارە کاک دوکتور قاسملوو لێی بەپەلەیە و داوا لە کاک سمکۆ دەکا؛ "هەرچی زووتر تەشریفتان بێت باشترە"، قسە لە مەوقعیەتێکی پرهەستیاری بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتە. بەپێی ڕێکەوتی نامەکە کە ساڵێک بە سەر شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێران‌دا تێپەڕیوە، ڕێبەریی حیزب زۆر باش لە نیەت و پیلانی دژی‌گەلییانەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و لە سەروو هەمووانەوە ئایەتوڵڵا خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان تێگەیوە. زەرورەتێک کە وەک دەرکەوت، لە خەباتی بەرەنگاری و مقاومەتی پڕ لە شانازیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان‌دا خۆی دیتەوە و بژاردەکەی دوکتور قاسملوو ڕۆڵی بەرچاوی لەم فازە لە خەباتی حیزبی دێموکرات‌دا گێڕا.

**دەرسەکانی ئەم نامەیە:**

نێوەڕۆکی ئەم نامەیە فێرمان دەکا کە نابێ لە کێشەکانی ڕابردوودا بچەقێن. پێویستە بەردەوام چاومان لە داهاتوو بێت و هەوڵ بدەین لە هێز و پتانسێلی کۆمەڵگەی خۆمان کەڵک وەربگرین و ڕۆڵ و توانای تاکەکانی کۆمەڵگە بە هێند بگرین. نابێ لووتبەرزانە بەرانبەر بە تاک و خەڵکی کۆمەڵگە بێ‌منەت بین و خۆمان لە شارەزایی و لێزانی و لێهاتووییان بێ‌نیاز ببینین. پێویستە زەروورەتەکان هەست پێ بکەین و بەرانبەر بە ئەگەر و پێشهاتەکان کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە چارەنووسی خەبات و میللەتەکەمانەوە هەیە، خۆمان بە بەرپرسیار بزانین.

***

سەرهەنگ سمکۆ عەلیار ڕۆژی ٢٢ی خەزەڵوەری ٩٩ی هەتاوی بەهۆی نەخۆشی لە وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کرد.

# ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٩ و ئالنگارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران

**دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان – بێهنام بین تالبلو**



و. کەماڵ حەسەنپوور

**ساڵێک لەوە پێش چ شتێک بووە هۆی ورووژاندنی ناڕەزایەتییەکان؟**

لە ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ لە وەڵامی بڕیاری دەوڵەتی حەسەنی ڕوحانی بۆ بردنە سەری نرخی سووتەمەنی تا دوو هێندەی نرخی پێشوو، ناڕەزایەتی لە شارە گەورەکان دەستیان پێ کرد. زۆری پێ نەچوو خۆپیشاندانەکان وەک کارگ لە نزیکەی ١٠٠ شار و شارەدێ لە ماوەی حەوتووی دواتر سەریان هەڵدا، لە هەمان کاتدا خۆپیشاندەران لە پرسی ئابوورییەوە، پرسەکەیان کردە گشتپرسییەک لە بارەی خودی ڕێژیم. ئێستا ئێرانییەکان ناوی ئەو ڕووداوەیان ناوە ناڕەزایەتییەکانی ئابان [خەزەڵوەر]، کە ناوی فارسیی ئەو مانگەیە کە ناڕەزایەتییەکان تێیدا ڕوویان دا.

ڕێژیم بە توندی ئەو ناڕەزایەتییانەی سەرکوت کرد، لەنێو هەنگاوەکان بۆ ئەو مەبەستە بڕینی ئینتەرنێت بوو کە بووە هۆی سنووردار کردنی ئاڵوگۆڕی زانیاریی لە نێوخۆ و هەروا بۆ دەرەوەی وڵات. لە ژێر پەردەی ئەو کارەدا، هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران بێ‌بەزەییانە و بە چەکی شەڕ هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران.

بەراوردە سەرەتاییەکان لە بارەی ڕێژەی کوژراوان زۆر لێک جیاواز بوون بەڵام، مانگێک دوای خۆپیشاندانەکان ڕاپۆرتێکی ڕۆیتەرز بڵاو بۆوە کە لەودا لە زمان کاربەدەستانی ئێرانی، کە ناویان نەدرکێندرابوو، ژمارەی کوژراوەکان ١٥٠٠ کەس نرخێندرابوو. لە هەمان ڕاپۆرتدا ئیددیعا کرابوو کە ڕێبەری گەورەی ئێران ئایەتوڵڵا سەید عەلی خامنەیی، لە بارەی خۆپیشاندانەکاندا گوتبووی، "کۆماری ئیسلامی لە مەترسی‌دایە. هەرچی پێویستە بۆ کۆتایی‌هێنان بە ناڕەزایەتییەکان بیکەن. ئێوە فەرمانی منتان لە لایە."

وەک لە بەڵگەنامەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەر دەکەوێ، جگە لە کوشتنەکان، فەرمانی خامنەیی وێدەچێ بووبێتە هۆی تاقمێک تاوانی دیکە. بەشێک لەو تاوانانە ڕەشبگیریی خەڵک تا ٧٠٠٠ ئێرانی (لە نێویاندا ژن و منداڵ) دەگرێتەوە و بە هەمان شێوە ددانپێدانانی زۆرەملی کە لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتی‌دا بڵاو بوونەوە. پسپۆڕانی دامەزراوەکانی داکۆکی لە دێموکڕاسی ددانپێدانانی زۆرەملی کە لەژێر ئەشکەنجە وەدەست دێن و لە تەلەفزیۆندا بڵاو دەکرێنەوە، وەک تاکتیکێکی درێژخایەنی کۆماری ئیسلامیی دەستنیشان دەکەن.

**بۆچی ئەو ناڕەزایەتییانە گرینگن؟**

کاربەدەستانی ڕێژیم ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەریان لە سەرجەم ناڕەزایەتییەکی دیکە لە ماوەی ٤١ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی توندوتیژانەتر سەرکوت کرد. لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامیی لە ڕابردوودا کەڵکی لە هێزی کوشندە وەرگرتووە، قەیرانی ڕەوایی هەنووکەیی ڕێژیم، لە لێدوانەکانی کاربەدەستانی ئێران لە بارەی کەڵک وەرگرتن لە هێز بۆ "بردنی خەڵک بۆ بەهەشت" دەر دەکەوێ، بە هەمان شێوە لە لێکۆڵینەوەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە بارەی ناڕەزایەتییەکان، فاکتەرێکە کە دەبێتە هۆی کەڵک وەرگرتنی زیاتر لە توندوتیژی.

لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی جووڵانەوەی سەوز لە ١٣٨٨، هێزە ئەمنییەتییەکان ئەو کات ١١٢ خۆپیشاندەریان کوشت، خامەنەیی پێی وابوو ڕێژیمەکەی "لە لێواری نەمان‌دایە." تەنیا دەیەیەک دواتر، کاربەدەستانی ئێران درێژە بە باس لە سەر مەترسیی ناڕەزایەتییەکان بۆ سەر ئاسایشی ڕێژیم دەدەن و، بە هەمان شێوە باسی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەریان کردووە. ئێستا وێدەچێ خۆپیشاندەران زۆرتر خوازیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی بن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژیم سەلماندوویەتی کە هێزە ئەمنییەتییەکانی تا ڕادەیەکی زۆر یەکگرتوون و لە کاتی پێویست‌دا خاوەن توانایی کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژیی و چاوترسێن کردنن.

ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەر بە هەمان شێوە ئاڵوگۆڕی بەرچاوی لە نێو ئەو هاپەیمانییەدا پێک هێناوە کە دژی ڕێژیمە. هەر وەک پسپۆڕانی دامەزراوە داکۆکی لە دێموکراسییان ئاماژەیان پێ کردووە، ناڕەزایەتییەکانی دوای ١٣٩٦ لە ئێران زۆرتر حەزی تێپەڕ بوون لەو ڕێژیمە هاندەریانە تا چارەسەر کردنی گیروگرفتە لە ئەژمار نەهاتووەکانی کۆماری ئیسلامیی. بە پێچەوانەی ناڕەزایەتییە مەزنەکانی ١٣٧٨ و ١٣٨٨، ناڕەزایەتییەکانی دوای ١٣٩٦ کەسایەتییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نێوخۆ وەک ڕێبەر سەیر ناکەن. بەو شێوەیە، ئەوان لەوانەیە زەنگی مەرگی جووڵانەوەی پیر و پەراوێزخراوی چاکسازیی لێ‌دەن. جگە لەوە، خۆپیشاندەران زۆرتر دێنە سەر شەقام و، ئەوان بەو کارەیان، پێچەوانەی ئەو ئۆستوورانە لە بارەی خۆڕاگریی خۆپیشاندەرانی ئێرانی دەسەلمێنن کە دوای سەرکوتی جووڵانەوەی سەوز، زیاتر لە ١٠ ساڵ لەوەپێش، بڵاو بۆوە.

**خۆپیشاندانی زۆرتر لە داهاتوودا دەکرێن؟**

لە دوای سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەر، ئێرانییەکان درێژەیان بە خۆپیشاندان داوە، بەڵام بە ژمارەی بەشدارانی زۆر کەمتر. ئەوان کەڵک لە هەموو دەرفەت و ئامرازێک، وەک دوای خستنە خوارەوەی فڕۆکەی هێڵی ئاسمانیی ئوکراین لە مانگی جانیوەری، بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی ڕێبەرانییان وەردەگرن. بە ڕاستی، لە کاتێکدا کە کاربەدەستانی ئێرانی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسەتەکانیان خەبات دەکەن، وێدەچێ ڕێگا چارەی ئەوتۆ هەڵبژێرن کە ببێتە هۆی ناڕەزایەتیی زیاتر.

بۆ وێنە، لە کاتێکدا کە پەتای کۆڤید-١٩ بەربەستێکی کاتییە بۆ جووڵانەوەی ناڕەزایەتی لە ئێران، گزەی ڕێژیم لە هەڵسوکەت لەگەڵ ئەو قەیرانە دەتوانێ ببێتە هاندەرێک بێ بۆ خۆپیشاندانەکانی داهاتوو و نەفرەتی زۆرتر لە ڕێژیم. کاتی هەستیاری دیکە دەتوانێ قەیرانی جێگرەوە، دوای مردنی ڕێبەری گەورەی ئێران بێ؛ ئالنگاریی کەم‌بوونەوەی ئابووریی وڵات؛ ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی؛ تەشەنە کردنی بێکاری؛ قەیرانی هەنووکەیی ژینگەیی؛ ڕوانگەکان لە مەڕ شکستەکانی سیاسەتی دەرەوە؛ هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی وڵات بە لە بەرچاو گرتنی ناڕەزایەتیی ئەتنیکی؛ ساختەکاریی بەربڵاو لە هەڵبژاردنەکان‌دا، سەپاندنی زۆرەملیی یاساکانی ئیسلام، ئەوانە تەنیا چەند نموونە بوون. شێوەی هەڵسوکەوتی واشینگتۆن لەگەڵ چاوەڕوانییە نێوخۆییەکان لە ئێران، و هەروەها سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ڕێژیم، بێ‌گومان فاکتەرەکانی بەردەوامیی و کاریگەریی شەپۆلەکانی ناڕەزایەتی داهاتاوون.

**سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ و ناڕەزایەتییەکان لە ئێران چییە؟**

هەر وەک سەرۆک کۆمارەکانی پێش خۆی، دۆناڵد ترامپ کەڵکی لە دەسەڵاتی سەرکۆماریی وەرگرتووە تا بە هۆی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئابلۆقەی بخاتە سەر. جیاوازییەکەی ئەوە بووە کە بە هۆی چوونە سەری ئاستی سەرکوتی دەوڵەت و ڕێژەی ناڕەزایەتییەکان، ئەو ئابلۆقانەش پەیتا پەیتاتر سەپێنراون. نابێ لەبیرمان بچێ کە لیستەی پێشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران پێکهاتووە لە هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، سیستەمی دادوەریی، بەندیخانەکان، کۆمپانیاکانی پێوەندیی، ئەو دامەزراوانەی خاوەنەکانیان یا ئەو کەسانەی کونترۆڵیان دەکەن لەبەر هاوکاریی لە سەرکوتەکان‌دا کەوتوونەتە ژێر ئابلۆقە. بەڕیوەبەرایەتیی [ترامپ] ئەوانەی کردوونە ئامانجی ئابلۆقەی ئابووری، شێوەی داهێنەرانەی کەڵک وەرگرتن لە پلاتفۆرمەکانی پێوەندیگرتن، ناو بردن و شەرمەزار کردنی پێشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤ و، دەربڕینی پشتیوانیی لە خەڵکی ئێران کاتێک هاتوونەتە سەر شەقامەکان.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران درێژەیان هەبووە هەر وەک لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تۆمار کراوە، ئەوە بەو مانایەیە کە سیاسەتی مافەکانی مرۆڤی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆرتر سزادەر بووە تا هەڕەشەکەر. لە درێژخایەن‌دا، واشینگتۆن هێشتا هیوادارە کە تێکەڵاوێک لە تەریک خستنەوەی سیاسی و زەختی ئابووری ببێتە هۆی کۆتایی هاتن بە کردارە بەدخوازانەکانی ئێران، یا لانیکەم، بۆی دژوارتر بێ کە بەڕێوەیان ببا. بەردەوامیی سیاسەتی ئاشکراکەرانەی مافەکانی مرۆڤی واشینگتۆن دەتوانێ بە هەمان شێوە ئاوا لێک بدرێتەوە کە ئەوە هەوڵێکە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی فرەلایەنە بۆ سیاسەتی "تاکڕەوانەی" ئەوپەڕی زەخت، لە هەمان کات‌دا بە خەڵکی ئێران دەڵێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوانی لە بیر نەکردووە.

**سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە مەڕ مافەکانی مرۆڤ و ناڕەزایەتییەکان لە ئێران، چۆن بێ؟**

بەڕێوەبەرایەتیی ئێستا توانیویەتی دۆزی خۆپیشاندەرانی ئێران لە ڕێگای وتاردانی بەردەوام و سەپاندنی ئابلۆقە بەسەر بەشدارانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەرز بکاتەوە. هەروەک لە سزاکانی ئەو دواییانەی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئەو کەسانە کە لە دەسبەسەر کردن، زیندانی کردن، ئەشکەنجە و، کوشتنی زۆرانبازی ٢٧ ساڵە، نەوید ئەفکاری، کە لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ڕابردوو لە ئێران بەشداریی کردبوو، دەردەکەوێ، واشینگتۆن توانایی سەرڕاست کردنی ڕێگاچارەکانی بۆ ئاشکرا کردن و سزادانی ئەو کەسانە و دامەزراوانەی هەیە. واشینگتۆن دەبێ بە وشیارییەوە درێژە بەو لایەنانەی سیاسەتە میزان‌کراوەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ و ناڕەزایەتییەکان بدا، چونکە ئەوە دەرخەری تێگەیشتنی ورد لە بارەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی تاران و توانایی بەرپرسیار کردنی ئەو کەسانەی هەیە کە ڕاستەوخۆ لەو تاوانانەدا بەشدارن.

لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەرایەتیی نوێی بایدن بەتەمایە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران بگۆڕێ و دووبارە جەخت بکاتەوە سەر لایەنەکانی بەرنامەی ناوکی، سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراو نابێ دۆخی مافەکانی مرۆڤ پاشگوێ بخا. پسپۆڕانی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان سەرنجیان داوەتێ چۆن هەڵوێستی بەڕیوەبەرایەتیی ترامپ بەرانبەر ئێران خۆی لە تێکەڵ کردنی باسی مافەکانی مرۆڤ و پرسەکانی دەسەڵاتداریی نێوخۆیی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی نوێ‌دا بواردووە. جێگای شەرمەزاری دەبێ ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیی بایدن ئەو هەڵەیە دووپات بکاتەوە.

لەو ڕوانگەیەوە، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن نابێ پرسە ئاسایشییە "ڕەقەکان" لە پرسە سیاسییە "نەرمەکان" لێک جیا بکاتەوە، چونکە ئەگەر ئەو کارە بکا بەرەوپێش‌چوونەکان لە پرسە گرینگەکانی مافەکانی مرۆڤ کەم بایخ دەکا. تا کاتی دەستپێکی وتووێژەکان لەگەڵ تاران، واشینگتۆن دەبێ ئەو شتە گەشە پێ بدا کە پسپۆڕانی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان ناویان ناوە "شێوەی هەڵسوکەوتی دوولایەنە لەگەڵ ناڕەزایەتی لە ئێران." ئەو نەخشە ڕێگایە دەبێ زەختی ئابلۆقە، دیتنەوەی ڕێگاچارە بۆ پاراستنی پێوەندییە سەرهێڵەکانی ئێرانییەکان بە یەکەوە، تەنانەت کاتێک کە ڕێژیم درێژە بە سیاسەتی پساندنی هێڵی ئینتەرنێت لە چرکەساتە هەستیارەکاندا بدا و، تەگەرە خستنە سەر هەوڵەکانی ئێران بۆ گەشە پێدانی ئینترنێتی نیشتمانی [هێڵی پێوەندیی نێوخۆیی کە لەوێدا پێوەندیی لەگەڵ دنیای دەرەوە دەپچڕێ. و.].

بە هەمان شێوە کۆنگرە دەتوانێ لەو بارەوە دەور ببینێ. وەک چۆن لێدوانەکان، ڕاگەیەندراوە چاپەمەنییەکان و، نامەکانی کۆنگرە یارمەتیی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپیان کرد بۆ بەڵێنییەکانی لەمەڕ پشتیوانی لە خەڵکی ئێران، دەبێ کۆنگرە درێژە بە دەور گێڕان لە بەڕیوەبەرایەتیی داهاتوودا بدا تا درێژە بە جەخت کردن لەسەر گشت چالاکییە بەدخوازانەکانی ئێران بدا.

بە هەمان شێوە واشینگتۆن دەبێ هەوڵ بدا پردەکانی پێوەندیی لەگەڵ ئەو هاوپەیمانانە نۆژەن بکاتەوە کە لەبارەی سەپاندنەوەی ئابلۆقەکان بەهۆی بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکیی ئێران گوماندار بوون. نۆژەنکردنەوەی هاوپەیمانی و هاوبەشی لە مەڕ نیگەرانییە ستراتێژیک و ڕەوشتییە هاوبەشەکان، وەک مافەکانی مرۆڤ، دەتوانێ و دەبێ پێشترێتی بدرێتێ. لەو ڕوانگەوە دەبێ واشینگتۆن بریتانیا هان بدا کەڵک لە دامودەزگا سەربەخۆ و نوێیەکەی ئابلۆقەی مافەکانی مرۆڤی ئەو وڵاتە وەرگرێ تا پێشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران بکاتە ئامانج.

واشینگتۆن دەبێ بە هەمان شێوە زەخت بخاتە سەر یەکیەتیی ئەورووپا، کە خەریکی ئامادە کردنی هەنگاوی هاوشێوەیە، تا هەمان ڕێچکە بگرێتە بەر. لە کاتێکدا کە ئەوە نابێتە جێگرەوەی سیاسەتی زەختی ڕاستەقینە بۆ سەر ئێران، دەتوانێ لانیکەم هەوڵێک بێ بۆ دەستپێکی وتووێژ لە بارەی ئابلۆقەی هاوکات.

لە کۆتاییدا، لە کاتێکدا کە کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان نابێ ببنە پاڵنەری هەر گفتوگۆیەک لەبارەی گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران، ئەو کاتەی ئێرانییەکان دەڕژێنە سەر شەقامەکان و داوای دەوڵەتێکی وەڵامدەر، بەرپرس و نوێنەرایەتی‌کەر دەکەن، سەرۆک کۆمار و کاربەدەستە پلەبەرزەکانی دیکە دەبێ ددان بە ڕەوایی خولیاکانی خەڵک دابنێن.

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (ژنان + کەمینە نەتەوەییەکان لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا)



دیلان هەردی

لەو کاتەوە کە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای پرەنسیپە ئایینییەکانەوە نووسراوەتەوە، ستاتۆ و مافەکانی ژنان بە پێی پێوەرە ئایینییەکانەوە پێناسە کراون. دوای ئەوەی لایەنە ئایینییەکان بە دەسەڵات گەیشتن و شیعەگەریی دەوڵەتییان بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاند، ژنان ئەو مافە زۆر کەمەی لە سەردەمی شادا وەدەستییان هێنابوو، ئەویشیان لێ زەوت کرا. بندەستی و چەوسانەوەی ڕەگەزی مێینە کە لە نەریتی ئایینی شیعەدا بوونی هەبوو، فۆرمێکی یاسایی بە خۆیەوە گرت و ژیانی هەموو ژنانی ئێرانی هێنایە ژێر سێبەری ڕێسا ئایینییەکان. لە ڕاستیدا شۆڕشی ئێران، لە ڕوانگەی مافەکانی ژنانەوە "شۆڕشێکی باوکسالارانە" بوو. ئەو جۆرە شۆڕشە، ژنان پەراوێز دەخا و بە هەموو شێوەیەک ڕێگری لە سەربەخۆبوونیان دەگرێ و ناتەبایە لەگەڵ پێناسەکانی سەربەخۆیی، ئازادی و ئازادبوون، هەروەها پەیوەندییەکی ئایدۆلۆژیکی لە نێوان بەهاکانی باوکسالاری، نەتەوەپەرستی و سیستەمی ئایینی دروست دەکا. لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، جەخت لە ستاتۆی بەرزی بنەماڵە دەکرێتەوە و ڕۆڵی ژن تەنیا لەنێو چوارچێوەی بنەماڵەدا زۆر گرنگ وەسف دەکرێ. لە پێشەکیی یاسای بنەڕەتیی ئێران، ژنان بەو شێوە پێناسە کراون:

***"ژنان پێناسەی ڕاستەقینەی خۆیان و ئەو مافانەی لە سەردەمی شادا لێیان زەوت کرابوو، وەدەستیان هێنایەوە و بنەماڵە، یەکەی بنەڕەتیی کۆمەڵگە و خاڵی گەشە کردنی مرۆڤە". بەو شێوە ڕوانینە لە بنەماڵە، ژن لە شێوەی "کەرستە بوون"و بە ئامراز کرانی لە خزمەت پەرەپێدانی بەکارهێنەریگەری و چەوسانەوە دێتە دەرەوە". (پێشەکیی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران)***

یاسای بنەڕەتی ئێران، جگە لە ئامانجی هێنانە کایەی بنەما ئیسلامییەکان، دان بە پێناسەی بنەڕەتی و مافە بنەڕەتییەکانی ژنان دانانێ. لەو ڕووەوە، مافەکانی ژنان بە شێوەی سەربەخۆ هیچ گرنگییەکیان نییە، بەڵکوو ژن تەنیا وەکوو پێداویستییەکە بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران بە ئامانجەکانیان بگەن. بەپێی ئەو ڕوانگەیە، ژن تاکێکە کە تەنیا لە بنەماڵەدا بەهای هەیە و هەموو ماف و ئەرکەکانیشی تەنیا لەو چوارچێوەیەدا گرنگییان هەیە. ڕۆڵی ژن وەکوو دایک پێناسە کراوە کە ئەرکی پەروەردە کردنی مرۆڤی لە نێو ماڵدا لەئەستۆیە. دەستووری ئێران دژی ئەوەیە کە ژن و پیاو لە سەر بنەمای ڕەزامەندیو بە ئارەزووی خۆیان پەیوەندییان پێکەوە هەبێ، بەڵکوو پەیوەندیی نێوانیان بە ڕێسا ئایدۆلۆژیکەکان سنووردار دەکاتەوە. لە لایەک، مادە جۆراوجۆرەکانی وەکوو مادەی ١٠و مادەی ٢٠ی دەستوور، جەخت لەوە دەکەنەوە کە "ژنو پیاو لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن" یان "لە لایەن یاساوە پارێزراون"، بەڵام لە لایەکیترەوە، جەخت لە ڕێزگرتن لە نەریتەکانی ئیسلام دەکاتەوە. ئەو بنەماڵەی کە یاسای بنەڕەتیی ئێران پێناسەی دەکا، بنەماڵەی نەریتییە کە لەودا تاکەکان یەکسان نین و ڕۆڵی ژنانیش تەنیا لە چوارچێوەی ماڵەوەدا سنووردار کراوە. بەپێی ئەو نەریت و ڕێسا ئایینییانەی کە یاساکانی ئێران بە سەر خەڵکدا دەیانسەپێنن، ژن لەگەڵ پیاو یەکسان نییە(مادەی ٣٠٠ی یاسای سزادانی ئیسلامی). بۆ نموونە، سزای کوشتنی مرۆڤ بۆ ژن و پیاو یەکسان نییە. ئەگەر پیاوێک بە دەستی ژنێک بکوژرێ، ژنەکە بە سزای قەساس کە دەکاتە کوژرانەوە، حوکم دەدرێ، کەچی ئەگەر ژنێک بە دەستی پیاوێک بکوژرێ، پیاوەکە تەنیا بە سزای پێدانی دیە یان بەهای خوێن حوکم دەدرێ.

بابەتێکی گرینگی دیکە، سەرپۆشی زۆرەکییە کە تەواوی ژنانی ئێرانی کردۆتە ئامانج. دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، ڕێبەرانی ئایینی کۆماری ئیسلامی، یەک لە دوای یەک، پێداگرییان لەسەر زۆرەکی بوونی سەرپۆش دەکردەوە. بە گوتەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، بێ سەرپۆشی (بی حجابی) لە ئێران لە لایەن یاساوە بە نایاسایی و لە هەندێک بواردا وەکوو تاوان ناسێندراوە و دەستەواژەی "خراپ خۆ داپۆشین" (بد حجابی)ی بۆ بەکار دەهێنرێ. لە مادەی ٦٣٨ی یاسای سزادانی ئیسلامیی لە ئێران، حوکمی هەتا ٢ مانگ بۆ ئەو ژن و کچانە دیاری کراوە کە تەمەنیان لە سەرووی ٩ ساڵانە و لە شوێنە گشتییەکان بەبێ سەرپۆش دەردەکەون. لە کردەوەدا، سەرپۆش لە ٧ ساڵییەوە زۆرەکییە، چونکە کچان هەر لە ٧ ساڵییەوە کە دەچنە خوێندنگەی سەرەتایی دەبێ سەرپۆشیان هەبێ. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕایدەگەیەنێ کە ژنان ڕۆژانە ئازار دەدرێن و لەلایەن پۆلیس و کەسانی توندڕەوی لایەنگری دەسەڵاتەوە بە بیانووی سەرپۆش هێرشیان دەکرێتە سەر. بە گوتەی فیلیپ لوتێر، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقای ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، "یاساکانی ئێران بۆ سەرپۆش، نەک تەنیا بە توندی سووکایەتی بە ژنان دەکەن و شێوەیەکن لە هەڵاواردن، کەچی، بۆ پاساودانی توندوتیژی لە دژی ژنان لە سەر شەقامیش کەڵکیان لێ وەردەگیرێ". لەو ساڵانەی دواییدا، سەرکوتی ژنان لە لایەن ناوەندە حکوومییەکانەوە پەرەی سەندوە، بە تایبەت ئەو ژنانەی بە شێوەی مەدەنییانە لەنێو شەقامەکاندا لە دژی یاساکانی سەرپۆشی زۆرەملێیانە نارەزایەتی دەردەبڕن. بۆ نموونە، نەسرین ستودە، پارێزەر و چالاکی بواری ژنان، سەرەتای مانگی مارسی ٢٠١٩، بە هۆی دژایەتیی یاسای سەرپۆش و پشتیوانی لە بزووتنەوەکانی ژنان، بە ٣٣ ساڵ زیندان و ١٤٨ قامچی سزا درا.

بابەتێکی تری توندوتیژی دژی ژنان بریتییە لە "بەردباران کردن" کە لەسەر ئەو ژن و پیاوانە ئەنجام دەدرێ کە پەیوەندی سێکسییان لە دەرەوەی ژیانی هاوبەشەوە هەبووە. ئێران یەکێک لەو دەگمەن وڵاتانەیە کە بەردباران کردن لە یاسای سزادانەکەیدا هەیە. بەپێی مادەی ٨٣ی یاسای سزادانی ئیسلامی لە ئێران، سزای بەردباران کردن لەسەر ئەو کەسانە جێبەجێ دەکرێ کە مێردیان هەیە، بەڵام پەیوەندیی سێکسییان لەگەڵ کەسێکی تری جیا لە مێردەکانیان هەیە. یاسای سزای مردن جۆر و قەبارەی ئەو بەردانە دیاری دەکا کە لەو شێوە سزای لەسێدارەدانە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بەپێی مادەی ١٠٢، بۆ لەسێدارەدان بەشێوەی بەردباران، پیاوەکە دەبێ هەتا نێوقەد و ژنەکەش هەتا سینگ لە زەوی بنرێن. بە پێی مادەی ١٠٤، بەردەکان نە دەبێ هێندە گەورە بن کە تاوانبارەکان زوو بمرن، نە هێندەش بچووک بن کە نەتوانرێ ناوی بەردیان لێ بنرێ. ئامانجی ئەو یاسایانە و سزای بەردباران کردن ئەوەیە کە قوربانییەکان زوو گیان لەدەست نەدەن، بەڵکوو لە پێشدا بە پرۆسەیەکی دوورودرێژی پڕ لە ئێش و ئازاردا تێپەڕ بن، ئێنجا بمرن. پیاوان، بۆ خۆ دەرباز کردن لە سزای بەردباران کردن، هەندێک فێڵی یاساییان لەبەر دەستدایە، چونکە پیاوێک کە خەیانەتی لە هاوسەرەکەی کردبێ، بە شێوەی یاسایی دەتوانێ لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە و لەگەڵ ژنێکی دیکە ژیانی هاوبەش پێک بێنێ، بەڵام ژنێک کە بە تۆمەتی خەیانەت دەگیرێ، بە سزای مردن بە شێوەی بەردباران کردن حوکم دەدرێ. ئێران یەکێک لە واژۆکەرانی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە سیاسی و مەدەنییەکانە، بەڵام بە گوتەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ئێران سەرەکیترین مادەکانی ئەو پەیماننامەیە بە بەردەوامی پێشێل دەکا، وەکوو "قەدەغە کردنی سزای لە سێدارەدان بەشێوەی بەردباران کردن، مادەی ٦ (مافی ژیان) و مادەی ٧ (قەدەغەی ئەشکەنجەو ئەو سزا و هەڵسوکەوتانەی بێ بەزەییانە و نامرۆڤانەن یان سووکایەتی پێکردن).

### کەمینە نەتەوەییەکان لەژێر سێبەری "فارسیزم"دا

ئێران لە خەڵکانی جۆراوجۆر پێک هاتووە. پێکهاتەی ئێتنیکیی ئێران چەندین کەمینەی جیاوازی وەکوو ئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ، لوڕ و چەندین نەتەوە و زمانی دیکەی لە خۆ گرتووە. بەر لە هاتنە سەر کاری بنەماڵەی پەهلەوی لە ١٣٠٤دا، هەرێمەکانی ئێران دەسەڵاتی زیاتر لە ئەمڕۆیان هەبووە. بەڵام ڕەزاخان کە زۆر لەژێر کاریگەریی مستەفا کەمال ئەتاتورک (دامەزرێنەری تورکیەی نوێ) و سیاسەتەکانی (یەک وڵات، یەک نەتەوە، یەک زمان) بوو، هەوڵی دەدا زیاتر لە جاران دەسەڵاتی ناوەند بەهێز بکا و هەموو دانیشتوانی ئێران تەنیا یەک شوناسیان هەبێ. هەر بۆیەش ساڵی ١٣١٤، ناوی وڵات (فارس)، لە لایەن ڕەزاخانەوە کرا بە "ئێران"، وەکوو ژێدەرێک بۆ هەموو نەتەوە جیاوازەکان. لە ئێرانی نوێدا، هەموو ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی هەرێمەکاندا بوون، وەلا نران و وڵات بەرەو فارسیزم ڕۆیشت و دەسەڵاتە هەرێمییەکان هەرچەندە زۆر کەمیش بوون، لەنێو چوون. بنەماڵەی پەهلەوی هەتا ڕووخانیان، لە هەوڵەکانیان بۆ تواندنەوەی هەموو نەتەوەکان لەنێو یەک شوناس بە ناوی ئێرانی-فارسی بەردەوام بوون، کە هەمووی لە بەرژەوەندیی نەتەوەی فارسدا بوو. دوای شۆڕشی ١٣٥٧، کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی چڕتر و جدیتر بەردەوامیی دا بە هەمان سیاسەت. لە دەستووری بنەڕەتیی ئێراندا، نەتەوە جیاوازەکانی ئێران وەکوو یەکەیەک ئەژمار کراون کە هەموویان یەکسانن و پێکەوە نەتەوەی ئێران پێک دێنن، بەڵام بە شێوەیەکی دژبەیەک، لە مادەکانی دیکەی یاسای بنەڕەتیدا، نەتەوە نافارسەکان لە مافە بنەڕەتییەکانیان بێبەش کراون. نەتەوە نافارسەکانی ئێران تەنیا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان یەکسانن نەک بۆ مافەکانیان.

***مادەی ١٥ [زمانی فەرمی] : "زمان و خەتی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگە و نووسینە فەرمییەکان و کتێبە دەرسییەکان دەبێ بەو زمان و خەتە بن، بەڵام کەڵکوەرگرتن لە زمانە ناوچەیی و قەومییەکان لە بڵاوکراوە و مێدیاکان و خوێندنی ئەدەبیاتەکەیان لە خوێندنگاکان، لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە. "***

سەبارەت بە بەشی یەکەمی مادەی ١٥ی دەستوور ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە تەنانەت ڕێژیمی پەهلەویش هیچکات زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمیی ئێران پەسند نەکرد و هیچ زۆرێکیش بۆ فارسیبوونی بەڵگە فەرمییەکان بوونی نەبووە. بەشی دووهەمی مادەکەش نەک هەر هیچکات جێبەجێ نەکراوە، بەڵکوو ئەو کەس و لایەنانەی کە داوای جێبەجێکردنی مادەکە بە تەواوی دەکەن، مۆرکی جیاخوازی و هاوکاریی دوژمنانیان لێ دەدرێ.

سیاسەتێکی دیکە کە نەتەوەکان و هێما نەتەوەییەکانی ئێران دەکاتە ئامانج، گۆڕینی ناوی شوێنە جوگرافییەکانە. ئەو سیاسەتە گوێ بە پێناسەی نەتەوەیی هەرێمەکان و شارەکان نادا. ٤ ی ڕێبەندانی ١٣٦٧ی هەتاوی، شورای باڵای شۆڕشی کولتووری بڕیاری خوارەوەی پەسند کرد: "شارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ هەر کامیان مێژوو و جوغرافیا و شارستانییەتی ئیسلامی پێشکەش بکەن. لەو ڕووەوە، بەرپرسانی ناولێنان دەبێ کەڵک لە هێما کولتووری، ئەدەبی و زانستییەکانی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامی وەرگرن. هەروەها، دەبێ کەڵک لە ناوی شارەکان و شوێنەکانی ئەو سەدەیە وەربگیرێ. "

دەسەڵاتی یاسادانانی کۆماری ئیسلامی، نەک تەنیا هیچ مافێکی بۆ نەتەوەکانی ئێران دیاری نەکردووە، بەڵکوو هەبوونی نەتەوەکانیش ڕەت دەکاتەوە و کەمینە نەتەوەیی و ئێتنیکی و زمانییەکان وەکوو "دابەشکردنی ساختە" ئەژمار دەکا. بەپێی یاسای ڕاگەیەنەکان، "ڕووماڵکردنی سنووورە ساختە و بەکێشەکان، هەروەها دانانی چین و توێژێک لە پێش ئەوانیتر، وەکوو پۆلێنکردنی تاکەکان بەپێی ڕەگەز، زمان، داب و نەریتە ناوچەییەکان، بە تاوان دادەنرێ". لە ڕاستیدا، ئەو یاسایە و زۆر یاسای دیکە، بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان نەتەوە و چین و توێژەکانی ئێران دانەنراون، بەڵکوو بۆ بێدەنگکردن و شاردنەوەی هەبوونی ئەو جیاوازی و نایەکسانییەیە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بە سەر نەتەوە و چین و توێژەکانەوە جێبەجێ دەکرێ. دامەزراندنی کەمینەکان لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان بە توندی کۆنتڕۆڵی لە سەرە و کەسانێک کە ئینتمای نەتەوەییان بەهێزە، بە ئاسانی ناتوانن پۆستە ئیدارییەکان بگرنە دەست. بەربژێری پۆستە ئیدارییەکان، نابێ هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی و بنەماڵەییان، نە لە ئێستاو نە لە ڕابردوودا لەگەڵ حیزبە قەدەغە کراوەکان هەبێ. پۆستە سیاسییەکان لەو ناوچانە کە زۆرینە فارس نین، تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە هەم ڕابردووو هەم ئێستا بە تەواوی لە خزمەت لایەنی دەسەڵاتداردا بوونە و لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بۆ ئەو پۆستانە دادەنرێن. کەسانێک کە بۆ پۆستە سیاسییە هەستیارەکانی وەکوو پارێزگار دەستنیشان دەکرێن، بێجگە لە پارێزگا فارس نشینەکان، ئەوانیتر خەڵکی ناوچەکە نین و هەم لەبواری نەتەوەیی و زمانییەوە و هەم لە بواری ئایینییەوە، لە خەڵکی ناوچەکە جیاوازن و زۆربەی پارێزگارەکان، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی کولتووری و زمانی و ئایینییان بە خەڵکەکەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەیان کەسانی کۆنی نیزامی سەر بە سوپای پاسدارانن. خزمەتی نیزامی بە کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو پیاوێکی سەروو ١٨ ساڵ زۆرەکییە، بەڵام گەیشتن بە پلە نیزامییە باڵاکان بۆ هەموو ئێرانییەکان یەکسان نییە و ئەو کەمینە نەتەوەیی و ئایینییانەی کە جیاوازن لە نەتەوەی فارس و ئایینی شیعە، جگە لە چەند پلەی سەرەتایی، ناتوانن بگەنە پلە و پۆستە باڵا نیزامییەکان.

## پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئەمریکا



پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا کە لەو ماوەیەدا سەرنجی ڕای گشتیی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، کۆتایی هاتووە و تا ئێستا زۆربەی میدیاکانی ئەمریکا جۆ بایدین، کاندیدی دێموکراتەکان وەک براوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا ناو دەبەن.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئەمریکا، وەک زلهێزێک لە ئاستی جیهاندا هەموو کات گرنگییەکی تایبەتی هەبووە و لەسەر سیاسەت و هەڵسوکەوتی زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا کاریگەریی داناوە، هەر بۆیە لەلایەن دەوڵەتان و ڕای گشتییەوە بە هەستیارییەکی زۆرەوە چاودێری دەکرێ. لە ئێران و کوردستانیش خەڵک و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە دەکەن و هەر کەس لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە لەو پرۆسەیە دەڕوانێ .

ڕاستە لەسەردەمی سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترامپدا پاش کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی "بەرجام" ئابلۆقەکان لەسەر ئێران زیاتر بوو و گوشارێکی ئابووریی زیاتر خرایە سەر ئێران، بەڵام ڕوونە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دەورانی سەرۆکایەتیی کۆماریخوازەکان بووبێ یان دیموکراتەکاندا، لە سەر مەهارکردنی کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی تا ڕادەیەک جێگیر و نەگۆڕە و تەنیا میکانیزمەکانی کارکردنە کە لە هەر دەوڵەتێکی ئەمریکادا جیاواز لەیەک کاری پێدەکرێ. لەم ڕووەوە سەرەڕای ئەوەی کێ و لە چ حیزبێک دەبێتە سەرۆک کۆماری ئامریکا، ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئەمریکا لەبەرامبەر ئێراندا هەر سیاسەتێک پەیڕەو بکا، تەنیا فاکتەری نێوخۆیی و هێزی جەماوەریی گەلانی ئێرانە کە دەتوانێ کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بهێنێ. ئەمەش بەو مانایە نییە کە فاکتەری دەرەکی بە کەم بگرین و بەبێ بایەخ لێی بڕوانین. ئێمەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک باقی گەلانی ناوچەکە و جیهان بە گرینگی و هەستیارییەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئامریکا وەک زلهێزێکی جیهانی دەڕوانین و لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆمانەوە پێشوازی لە براوەی هەڵبژاردنەکان بۆ سەرۆکایەتیی ئامریکا دەکەین و، هەوڵ دەدەین لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خەباتی نەتەوەکەماندا پێوەندییەکی سیاسی و تۆکمە لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئامریکا دابمەزرێنن. لەو پێناوەشدا داواکارین ئیدارەی نوێ و سەرۆکی براوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیکی و دۆستایەتی خۆی لەگەڵ گەلی کورد پەرە پێبدا و بە گرینگییەوە بڕوانێتە خەباتی ڕەوا و درێژخایەنی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرامبەر بە ڕژیمی داگیرکەر و تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی.

ئێمە پێمانوایە کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنورەکانی خۆی نە دەست لە پشتیوانی لە تیرۆریزم و ئاژاوەگێڕی هەڵدەگرێ، نە لە نێوخۆشدا ئەو کەلەبەرەی کەوتووەتە نێوان ڕژیم و خەڵک پڕ دەبێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خەباتی جەماوەریی و ڕزگاریخوازانەی خەڵک زیاتر دەکا. ئێمەش لەسەر ئەوە کار دەکەین و گەلی کوردیش لەو هەلومەرجە جیهانی و ناوچەییەدا لەحاڵێکدا کە بزوتنەوەکەی هەنگاوی گەورەی بەرەوپێش هەڵگرتووە پێویستی بە دۆستایەتی و نزیکییە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆمان و خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٨ی نۆڤامبری ٢٠٢٠**

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک قادر حاجی عەلی

**بۆ بەڕێز سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان و بنەماڵەی بەڕێزی کاک قادری حاجی عەلی!**

ئەمڕۆ سێشەممە ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز "قادر حاجی عەلی"مان بەهۆی نەخۆشیی کۆڕۆناوە پێ گەیشت.

ڕەوانشاد کاک قادر حاجی عەلی یەکێک لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی گەلەکەمان بە تایبەت لە باشووری کوردستان بوو کە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو لە شۆڕشی مافخوازانەی گەلی کورددا دیار و بەرچاوە. زەحمەت و تێکۆشانی ئەو نەمرە لە کاتی پەیوەست بوونی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە تا ئەندامەتی لە سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی گۆڕان دیارە و هەوڵێکی زۆریدا تا زیاتر بتوانێ خزمەت بە دۆزی نەتەوەکەی بکا، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا و چووە نێو ڕیزی کاروانی نەمرانی گەلەکەمانەوە.

لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی خۆمان بە سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان، هاوڕێ و هاوڕێبازانی و کەسوکاری ڕادەگەیەنین.

**دەفتەری سیاسی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

# کۆرۆنا و بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی

ب. ژیڤان

نزیکەی یەک ساڵ لە بڵاوبوونەوەی یەکەم ویرووسی کرۆنا لە ووهانی چین تێدەپەڕێ و لەم یەک ساڵەشدا ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان لە جیهاندا بەم پەتایە مردن و هیچ وڵاتێکیش نەیتوانی لێی دەرباز ببێ و هیچ دەوڵەتێکیش نەیتوانی پێشی پێ بگرێ. بەڵام چیرۆکی هەوڵی وڵاتان بۆ پاراستنی خەڵکی خۆیان جیاوازن. سەرەڕای ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەسەر تووشبووان و مردووان، بەڵام ڕاستیەکەی هەتا ئێستا دیار نییە کە ئاماری دروستی قوربانییانی دەستی ئەم ویرووسە لە دنیادا چەندە. ئەویش بە چەندین هۆکار و، یەک لەوان ناشەفاف بوونی هەندێ لە وڵاتانی ناڕاست وەکوو ئێران. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئێران تاکە وڵاتە لە دنیادا کە هێشتا کەس بە دروستی نازانێ ئەم ویرووسە کەی و لە چ ڕێگایەکەوە هاتە وڵاتەکەی، چونکە حکوومەتی ئێران ئەوەی لە خەڵکەکە شاردەوە و ئێستاش ڕاستییەکەی باس نەکرد. بۆچی، چونکە حکوومەت ڕێپێوانی ٩ی بەفرانبار و ٢٢ی ڕێبەندانی لە پێش بوو و جگە لەوە دەبوو خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامییدا بەشدارییان کردبا! هەڵبژاردنێک کە کەمترین ڕادەی بەشداریی خەڵکی لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا تۆمار کرد. چونکە جگە لە درۆی حکوومەت لەگەڵ خەڵک لە بابەتی کۆرۆنا، ئەوجا بابەتی درۆی کارەساتی لێدانی فڕۆکە ئۆکراینیەکە بە دەستی سپای پاسداران هێندەی دیکە متمانەی خەڵکی لە حکوومەت سەندەوە.

بەهەرحاڵ وڵاتانی دنیا کەم و زۆر بۆ کەم کردنەوەی خەسارەکانی پەتای کۆرۆنا هەوڵی خۆیان داوە و لە خەمی خەڵکی خۆیاندا بوونە و ئەوەی لە توانایاندا بووە بۆ خەڵکەکەیان کردوە، بەڵام لەم بارەشەوە شێوەی مامەڵەی دەسەڵاتی ئێران لەم ماوەیەدا جیاوازە. یەکەم وەک باس کرا دەوڵەت سەرەتا لە خەڵکی شاردەوە و دواتریش پێ خۆش بوو کە ئەم پەتایە لە وڵات بڵاو بێتەوە و خەڵک بەم نەخۆشینەوە گیرۆدە بن، چونکە هاتنی کۆرۆنا ڕێک لە پاش سەرکوتە خوێناوییەکەی خەزەڵوەری پار بوو کە خۆپیشاندان زۆرێک لە شارەکانی ئێرانی گرتەوە و لەوە دەچوو سەرەڕای ئەو سەرکوتە دڕندانەیەی حکوومەت، دیسان خۆپیشاندان هەر بەردەوام بایە. ئەوەش مەترسییەکی زۆر جیددی بوو بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و چ لەوە باشتر کە پاش ئاشکرا بوونی کۆرۆنا لە ئێران، خەڵک بەوە گیرۆدە بن، هەم بۆ ئەوەی خەڵک ترسیان ڕێ بنیشی و هەم بۆ ئەوەش کە دەرفەتی هاتنەوە شەقامیان نەمێنێ، و کەم و زۆر هەر واشی لێهات.

ئێستا پاش نیزیکەی یەک ساڵ بە سەر هاتنی پەتای کرۆنا و ئەو ڕووداوانەی کە باس کرا، ئەوەی لە هەمیشە زیاتر بەرچاوە نەمانی متمانەی خەڵک بە حکوومەت لە بابەت پێڕاگەییشتن بە نەخۆشەکانی کۆرۆنایە. هەرچەند کۆماری ئیسلامی ئاماری مردووانی هەتا ئێستاش لە خەڵک و لە دنیا شاردووەتەوە، بەڵام نەشیتوانیوە ئاماری قوربانییان کەم بکاتەوە و وڵات بەرەو سەقامگیری ببا. بەداخەوە ئێستا هەموو ئێران لە حاڵەتی "سوور"دایە و ڕێژەی قوربانییان هەر بە ئاماری خودی حکوومەت ڕۆژانە نزیکەی ٥٠٠ کەسە. هەرچەندە تەنانەت لەم ڕۆژانەدا "ڕەحمانی فەزلی"، وەزیری نێوخۆی ئێران بە ئاشکرا گوتی با بەرپرسان ئاماری ناڕاست بڵاو نەکەنەوە، چونکە دەبێ بەپێی ئاماری ڕاست بڕیارەکان بدرێن.

بەهەر حاڵ ئەم ناشەفافی و ناڕاست بوونەی ڕێژیمی ئێران وای کردوە کە ئێستا خەڵکی ئێران بە هیچ شێوەیەک متمانەیان بە حکوومەت نەمێنێ و وای لێهاتووە کە نەخۆشەکان و بە تایبەت تووشبووانی کرۆنا تەنانەت ناوێرن بۆ چارەسەری ڕوو لە نەخۆشخانەکان بکەن. چونکە پێڕانەگەییشتن لە لایەک و بەئانقەست کوشتنی نەخۆشان ئێستا دەنگۆیەکی گەورەیە کە لە نێو خەڵکدا بڵاو بووەتەوە و خەڵک دەڵێن باشتر ئەوەیە کە لە حاڵەتی وادا خەڵک خۆیان لە ماڵەوە قەرەنتینە بکەن، چونکە زۆربەی ئەو تووشبوانەی کرۆنا کە دەچنە نەخۆشخانەکان ئیتر گەڕانەوەیان زەحمەتە و هەر لەوێ دەمرن. تەنانەت لە هەندێ لە شارەکان ئەو دەنگۆیە هەیە کە جاری وایە باندێکی مافیای فرۆشی ئەندامەکانی لەشی ئینسان هەندێ لە ئەندامانی لەشی مردووەکان دەردێنن و بۆ فرۆش بەرێی دەکەن بۆ ئەو شوێنانەی مەبەستیانە. ڕەنگە سەلماندنی ئەم دەنگۆیە بڕێک زەحمەت بێ، بەڵام ئەوەی کە ترسناکە ئەو دۆخە پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێیەیە کە ئەورۆ کۆمەڵگەی داگرتووە و لەوە گرینگتر گوێ نەدانی حکوومەتە بەو کارەساتانەی کە لە بەردەم خەڵکدایە.



هەرچەندە وڵاتی ئێران و کوردستان بەتایبەتی دەردی لە کۆرۆنا گەورەتری هەیە و حکوومەت لە جیاتی هەوڵی چارەسەر ئادرەسی جنێودانی خەڵک ڕوو لە کۆشکی سپی بڵاو دەکاتەوە، بەڵام ئەو دۆخەی ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک دەرخەری ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە وڵاتەکەی بە بارمتە گرتوە و زیاتر لە هەمیشە لەم یەک ساڵەی ڕابردوو بە کۆرۆنا و کێشەکانی دیکەیەوە سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو پێکهاتە و لە تەواوەتیی خۆیدا مەشرووعیەتی نەماوە و هەر سات چاوەڕێی ئەوە دەکرێ کە بەهەر شێوەیەک بووبێ خەڵکی ئێران خۆیان لە چنگ ئەم بارمتەگیرانە ڕزگار بکەن.

# زامی کراوە و قەتماغە نەبەستووی بوومەلەرزەکەی کرماشان



ڕەزا محەممەدئەمینی

سێ ساڵ لە کارەساتی دڵتەزێنی بوومەلەرزەکەی کرماشان تێدەپەڕێ، بوومەلەرزەیەکی بەگوڕ کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان ٦٢٠ کوژراو و زیاتر لە ٩ هەزار برینداری لێ کەوتەوە و لەو سۆنگەیەوە دەیان هەزار کەس ماڵیان لێ شێوا و ئاوارە بوون. پاش تێپەڕینی ئەو ماوەیە، ئێستاش خەڵکی ناوچەکە بەدەست لێکەوتەکانی ئەو بوومەلەرزەیەوە دەناڵێنن. دیمەنی ئەو بنەماڵانەی ئێستاش لە خێوەت و کانێکسەکاندا دەژین پێمان دەڵێن کە هێشتا کەس خەمی لێ نەخواردوون و خەم و مەینەتییەکانیان هەر لەجێی خۆیەتی.

دیارە بوومەلەرزە بەڵایەکی سرووشتییە و ئێران و کوردستان بەهۆی ئەوەی لەسەر هێڵی بوومەلەرزەن، کەم ساڵ هەیە کە یەکێک لە ناوچەکان تووشی ئەو دیاردەیە نەبن، بەڵام پرسیار ئەوەیە سەرەڕای تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر بوومەلەرزەکەی کرماشان، بۆ خەڵکی لێقەوماوی ئەو ناوچانە هەر دەبێ لە خێمە و کانێکسەکاندا و لەوپەڕی هەژاری و بێئیمکاناتیدا بژین و دەوڵەت هیچ قەرەبوویەکی بەرچاو لەئاست گەورەیی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەیان بۆ نەکاتەوە؟ لەڕاستیدا هەر لەدوای ڕوودانی ئەو کارەساتە جەرگبڕە، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە کرماشان و ناوەندی بڕیار لە تاران نەک هەر بەشێوەی پێویست بە هانای لێقەوماوانەوە نەچوون و گرینگییان بەو ڕووداوە و خەڵکی لێقەوماو و ئاوارەی قەسری شیرین، سەرپێڵی‌زەهاو و سەلاسی‌باوجانی و ناوچەکانی دیکەی بوومەلەرزەلێدراو نەدا، بەڵکوو بەهۆی سیستمی گەندەڵ و هەرەس‌هێناوی دەسەڵات و ئیدارەی وڵات و ساوەساوی کاربەدەستان، ڕەوتی بەهاناوە چوونی لێقەوماوانیش زۆر خاو بوو؛ و زۆر کەس بەو هۆیەوە لەژێر داروپەردووی خانووبەرەکان گیانیان لەدەست دا.

لەو نێوەدا ڕووخانی ئەو خانووبەرە و باڵەخانانەی کە پڕۆژەی دەوڵەتیی "مسکن مهر" بوون، کارەساتی زۆریان لێ کەوتەوە. بۆ وێنە لە شاری شائاباد نەخۆشخانەیەک کە حەوت مانگ بوو کرابۆوە و لەلایەن ئەو بونیاتەوە سازکرابوو تێکڕماو، لە سێ هەزار خانووی دروستکراوی مەسکەنی مێهر تەنانەت یەک خانووبەرەش خۆی لەبەر بوومەلەرزەکە ڕانەگرت، بەڵام زۆر بینا و خانووش هەبوون کە سەرەڕای ئەوەی دەیان ساڵیش لە دروستکردنیان تێپەڕیبوو، نەڕووخان و دانیشتووانیان زیانی گیانیان پێ نەگەیشت. بوومەلەرزەکەی کرماشان ئەو ڕاستییەی دەرخست کە لە سازکردنی ئەو خانووانەدا کەرەسەیەکی باش و ستانداردەکان دەکار نەکراون و مەسکەنی مێهر کە پڕۆژەی دەوڵەت لە سەردەمی سەرۆککۆماری ئەحمەدی‌نەژاد بوو، وەک کۆمپانیاکانی ناسراو بە "بسازن بفروش" و بگرە خراپتریش دەچوو کە خەڵکیان دەڕووتاندەوە و ماڵوێرانیان دەکردن.

لەلایەکی دیکەش زۆر کەس و لایەن لە نێوخۆ و دەرەوە لە ڕێگەی ناوەندە ڕەسمییەکانەوە هاوکاریی ماددییان بۆ خەڵکی ئاوارە و لێقەوماوی پارێزگای کرماشان نارد، بەڵام زۆر کەمی ئەو یارمەتییانە گەیشتنە جێ و خرانە گیرفان و عەمبارە قەت پڕ نەبووەکانی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە.

بەڵام حەماسەی خەڵک تابلۆیەکی دیکەی ئەم کارەساتە بوو. خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەستیان لەسەر دەست دانەنا و بە هیوای حکوومەت و دەوڵەت دانەنیشتن، بەڵکوو دەمودەست بەهانای خوشک و برا لێقەوماوەکانیان چوون و هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بە سەدان کاروانی یارمەتی و پێداویستیی سەرەتایی وەک خۆراک و پەتوو و پۆشاک و خێوەت بەرەو پارێزگای کرماشان ڕێزیان بەست.

خەڵکی کوردستان کە باوەڕیان بە ئۆرگان و نیهادەکانی سەر بە دەسەڵات نەبوو ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە یارمەتییەکانیان بۆ ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان دەنارد. لەو بەینەدا چالاکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسایەتییە ناسراو و خۆشناوەکان دەوری زۆر گرینگ و کاریگەریان گێرا و توانیان تا ڕادەیەکی زۆر بۆشایی خەمساردی و کەمتەرخەمیی کاربەدەستان و ناوەندە حکوومەتییەکان پڕ بکەنەوە. ئەوەی لە ماوەی هەڵمەتی بەهاناوە چوونی کرماشان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بیندرا، مۆدێلێک لە خۆبەڕێوەبەری بوو کە بەرهەمی پێگەیشتوویی سیاسی، نیشتمانی و نەتەوەیی کورد لە ئێران بوو. ئەوەش ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت سپای پاسدارانی تووڕە و نیگەران کردبوو. چونکی مەسەلەکە هەر ئەوە نەبوو کە خەڵکی کوردستان نەیانەوێ یارمەتییەکانیان بدەنە ڕێکخراوە و ئیدارە حکوومەتییەکان و متمانەیان بە ئۆرگانە دەوڵەتییەکان نەبێ، بەڵکوو ئەوەی وەبەرچاو دەکەوت لوتکەی مەعریفەیەکی نەتەوەیی بوو کە هاوکات نیشانەی شکستی چوار دەیە سیاسەتی تواندنەوە و دروستکردنی قەیرانی شوناس بۆ گەلی کورد بوو. هەربۆیەش ناوەند ئەمنیەتییەکان کە چاویان بەرایی دیتنی ئەو دیمەن و واقعییەتە تاڵەی نەبوو، ئەوەندەی کرا بەربەستیان خستە بەردەم هەرەوەزی خەڵک و زۆر چالاکی مەدەنی پەروەندەیان لەدژ دروست کرا و لە بەندیخانە توند کران.



کۆماری ئیسلامی ئەگەر نیو ئەوەندەی بیر لە دابینکردنی تێچووی سیاسەتەکانی لە سووریە و یەمەن و حیزبوڵڵای لوبنانی دەکاتەوە لە خەمی چارەسەر کردنی نەهامەتییەکانی خەڵکی لێقەوماوی پارێزگای کرماشان بووبا، بەدڵنیاییەوە، زۆر زوو ژیانی خەڵکی ئاسایی دەبۆوە و برینەکانی ئەم بوومەلەرزەیە سارێژ دەبوونەوە

ئێستاش ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی پاش سێ ساڵ لە شار و گوندە بوومەلەرزە لێدراوەکان بڵاو دەبنەوە دەری دەخەن کە ئاسەواری کاولکارییان هەروا بەسەرەوەیە و سەرەڕای ئەو ماوە دووروودرێژە، پڕۆسەی نۆژەنکردنەوەی شوێنە زیان‌دیتووەکان زۆر بە خاوی دەچێتە پێشێ. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو برە قەرزەی دەوڵەت لە ڕووی ناچاری و تەنیا بۆ لەکۆڵ خۆ کردنەوە بۆ خەڵکی ماڵوحاڵ شێواوی لەبەرچاو گرتووە، لە چاو تێچووی قورسی کاری بیناسازی ئەویش لە بارودۆخی ئێستادا یەکجار کەمە. چونکە هەر لەو یەک دوو ساڵەدا نرخی کەرەستەی خانووبەرە دروستکردن وەک هەموو پێداویستییەکانی دیکەی خەڵکی چەند قات زیادی کردووە و خەڵک بەو بڕە پارەیە ناتوانن دەست بۆ هیچ ببەن. ئەو دۆخە بەتایبەت بۆ ئەو بنەماڵانەی کرێچی بوون زۆر ناڵەبارترە. ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە بەداخەوە ژمارەشیان زۆرە بەهۆی نەبوونی خانوو بۆ کرێ، هەروەها نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، وەک ئاوی خواردنەوەی خاوێن و ئاوەڕۆ و نەخۆشخانە و ژیان لە نێو خێوەت و کانێکسەکاندا تووشی گەلێک نەخۆشیی جۆراوجۆری وەک "سالەک" و پەتا تەشەنەستێنەکان بوون. هەووەها وردە بوومەلەرزەکانی پاش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و لافاو و سەرماوسۆڵە و زۆر نەهامەتیی دیکە وەک ئاگرکەوتنەوە لە خێوەتەکان زۆر کارەساتی دڵتەزێنی لێ کەوتووەتەوە و خەڵکی هەراسان کردووە و بەڕاستی نازانن چۆن ژیانی خۆیان لەگەڵ ئەو دۆخە ناڵەبارە بگونجێنن.

لێکەوتەکانی ئەو بوومەلەرزەیە و بێهیوایی بە چارەسەر بوونی ئازارەکانی لەلایەک و لەلایەکی دیکە قەیرانی ئابووری و بێکاری و دابەزینی داهات و لەئاکامدا گرانی و هەژاری، برستی لە خەڵکی ئەو ناوچانە بڕیوە و بووەتە هۆی بێهیوایی بە ژیان و لەئاکامدا بەرزبوونەوەی بەرچاوی دیاردەی خۆکوژی لەنێو دانیشتووانی ئەو پارێزگایەدا.

ئامارەکان دەڵێن لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا دەیان کەس لە خەڵکی زیان‌دیتووی بوومەلەرزەکە کە لەنێویاندا کچی ١٢ ساڵان و پیاوی ٨٠ ساڵان دەبیندرێن، بۆ ڕزگاربوون لەو دۆزەخەی لەو سۆنگەیەوە تێی‌کەوتوون خۆیان کوشتووە. هەروەها کارناسانی کۆمەڵایەتی دەڵێن پاش کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشان توندوتیژی لەدژی ژنان و کچان و منداڵان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و دیاردەی دزی و ڕاوڕووت و کوشتنیش لەو ناوچانە بەرز بووەتەوە و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی بە تەواوی دابەزیوە. دۆخی ناڵەباری ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکانی پارێزگای کرماشان هاوکات کاریگەریی لەسەر کۆچی خەڵک بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێران هەبووە و زۆرێک لەوانەی کرێچی بوون، بەهۆی بێکاری و بێ‌ماڵوحاڵی زێدی باب و باپیرانیان بەجێ‌هێشتووە.

ئەم بارودۆخە و نەهامەتییە ئەویش پاش تێپەڕینی سێ ساڵ لەحالێکدایە کە کۆماری ئیسلامی دەیتوانی هەر لە سەرەتاوە بە ئەرکی خۆی بزانێ و بەو جۆرەی پێویستە هاوکاریی لێقەوماوان بکا و نوێژەن‌کردنەوەی ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان ئەوەندەی نەخایاندبا و خەڵکیش توشی کارەساتەکانی پاش ئەو ڕووداوە نەبووبان؛ بەڵام کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە گەندەڵ و دژی‌گەلییە لەو ماوەیەدا کەمترین هەنگاویان بۆ سارێژکردنەوەی زامەکانی خەڵکی ئەو ناوچانە هەڵنەگرتووە و لەڕاستیدا ئەوە لێقەوماوان و زیان‌لێکەوتووان بۆخۆیان و بە هاوکاریی خێرخوازان لە نێوخۆ و دەرەوە بوون کە هەوڵیان دا قورسایی نەهامەتییەکانیان کەم بکەنەوە. کۆماری ئیسلامی ئەگەر نیو ئەوەندەی بیر لە دابین‌کردنی تێچووی سیاسەتەکانی لە سووریە و یەمەن و حیزبوڵڵای لوبنانی دەکاتەوە لە خەمی چارەسەر کردنی نەهامەتییەکانی خەڵکی لێقەوماوی پارێزگای کرماشان بووبا، بەدڵنیاییەوە، زۆر زوو ژیانی خەڵکی ئاسایی دەبۆوە و برینەکانی ئەم بوومەلەرزەیە سارێژ دەبوونەوە.


# بە سۆبژەکردنی ژنان
# ڕێگایەکی کاریگەر بۆ ڕێگەگرتن لە توندوتیژی



ئارەزوو نستانی

کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری (١٣٤/٥٤) لە ڕۆژی حەڤدەی دێسامبری ساڵی ١٩٩٩دا ڕۆژی ٢٥ی نوامبری بە ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژنان دیاری کردووە و داوا لە حکوومەتان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکا کە چالاکییەکانیان لە پێناو بردنەسەری وشیاریی گشتی سەبارەت بەو پرسە ڕێک بخەن. هەروەها کۆڕی گشتی لە ساڵی ١٩٣٣ بەپێی بڕیاری ژمارە (٤٨/١٠٤) داوا دەکا توندوتیژی دژی ژنان بنبڕ بکرێ و لە هەمان کاتدا پێناسەی توندوتیژی دەکا بەوەی کە بریتییە لە هەر کردارێکی توندوتیژ کە ببێتە مایەی ئازار و ئەزیەتی ژنان لە باری جەستەیی یان دەروونی.

کێشەی توندوتیژی دژی ژنان پرسێکی جیهانییە و لە سەرجەم وڵاتانی جیهان بە شێوەی جۆراوجۆر و بە ئاستی جیاواز دەبینرێ. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەو بارەوە دراوە و بەتایبەتی دیارترینیان کە بریتییە لە هەوڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەرکردنی ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنان لە ساڵی ١٩٧٩، تا ئێستاش نەتوانراوە بنەمایەکی پتەو بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دابڕێژرێ کە دەوڵەتان پابەند بکا. بەپێی نێوەڕۆکی ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی جیاکاریی دژی ژنان، توندوتیژی دژی ژنان گەورەترین پێشێلکارییە بۆ مافەکانی مرۆڤ لەو سەردەمەدا کە بە شێوەیەکی بەرچاو و بە ڕێژەی جیاواز لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دەبینرێ. ئەوە لە کاتێکدایە زۆربەی ئەو پێشێلکارییانە بەهۆی نەبوونی سزا بۆ پێشێلکار و هاوکات بێدەنگی و هەست بە شوورەیی کردنی ژنان تەنانەت تۆمار ناکرێن.



**بەشدار نەبوونی ژنان لە هەموو کایەکانی ژیان و بەتایبەتی کایە سیاسی، ئابووری، کولتووری و بە گشتی کۆمەڵایەتییەکاندا بەربەستێکی گەورەی گەشەی کۆمەڵگەیە لە هەموو ڕەهەندەکانیدا**

هۆکارەکانی ڕەخساندنی ئەو بەستێنە زەینی و عەینییەی کە تێیدا ژنان دەبنە قوربانیی ئازاری جەستەیی و دەروونی، زۆرن، وەک هۆکاری فیزیۆلۆژی، هۆکاری ئایینی، هۆکاری کۆمەڵایەتی و هتد. هەرچی کۆمەڵگە ئەرکی زیاتر بۆ ژنان پێناسە بکا یان بە ڕوویەکی دیکەدا هەرچی ژنان ئەرکوەخۆگرتر بن لە ئاست پرسە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەوا ماف پارێزراوتر دەبن. بەو مانایە کە ویستی مافخوازیی ژنان ئەو کاتە بەرهەمدار دەبێ کە لە پێناویدا خەبات بکا و خۆی شێوازی ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەڵبژێرێ و چارەنووسی خۆی بنووسێتەوە. لەڕاستیدا لێرەدا پێوەندییەکی هۆکاریتیی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەرک و مافدا هەیە، بەو پێیە دەتوانین بڵێین ئەرک هەمان خەباتە لەپێناو ئازادژیان و یەکسان ژیاندا و لەولاشەوە ماف بریتییە لە بردنەسەریی توانای هەڵبژاردن لە ژیاندا.

یەک لە کەڵکەڵە فکرییەکانی کۆمەڵناسان گرینگیدانە بە پێگەی سۆبژێکتیویتەی ژنان لە کردەوە ڕۆژانەکان و بە گشتی لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا. بە شێوەیەک کە هەرچی ژنان لە کۆمەڵگەدا وەک بکەرێکی چالاکتر و کاریگەرتر دەرکەون، کۆمەڵگە بە هەمان ڕادە گەشەسەندووتر بە ئەژمار دێ. لەوانەیە ئەو گوزارەیە لە سەرەتادا جۆرێک لە زێدەڕۆیی تێدا بەدی بکرێ، بەڵام کاتێک بیر لە ئازادکردنی وزە و توانای نیوەی کۆمەڵگە دێتە گۆڕێ، هاوکێشەکە ڕوونتر دەبێتەوە. بە تایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە لە حاڵی گەشەدان، سۆبژێکتیویتەی ژنان گرینگتر و بەرهەستترە. ئەویش بەهۆی ئەوەی لەو کۆمەڵگەیانەدا پسپۆڕیی ژنان لە چالاکییە جیاوازەکاندا دیاردەیەکی نوێ و لە هەمان کاتدا گرینگە. تەنیا بەشداریی ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بە مانای بە سۆبژێکتیو بوونی ژنان نییە. بەڵکوو ئەوە بڕیارە بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتییەکانن ژن دەخەنە خانەی کاریگەر بوونەوە، واتە ژن نە تەنیا دەبێ چالاکیی ئابووری بکا، لە هەمان کاتدا دەبێ بەڕێوەبەری پرۆژە ئابوورییەکە بێ، بەڕێوەبەری چالاکییە سیاسی و فەرهەنگییەکە بێ، بڕیاری کۆتایی لە ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتیی خۆی بدا. کاتێک ژن کۆنتڕۆڵی ژیان دەکا و دەستی بە سەرچاوەکان ڕادەگا، هەست بە سەربەخۆیی و باوەڕبەخۆ بوونی تێدا لەدایک دەبێ و وێنایەکی بەهێزتر لە خۆی لە زەینیدا دەکێشێتەوە کە دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی فکری و مادی. بەرزبوونەوەی سەرمایەی ماددی و مەعنەویی ژنان دەبێتە هۆی دابەش کردنەوەی سەرلەنوێی هێز لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا. ئەو دابەشکردنەوەیە لە بەرژەوەندیی ژنان، لەوانەیە وەک وێنایەکی نەریت شکێنی ڕووبەڕووی ئاستەنگ ببێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بە زەبری هێز سەقامگیر دەبێ و هاوسەنگییەکی کۆمەڵایەتی لە دەرەنجامی دابەشبوونی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان لە نێوان دوو ڕەگەزدا سەرهەڵدەدا. سۆبژێکتیویتەی ژنان پرۆسەیەکە کە تێیدا ژنان سەرچاوە کاریگەرەکان دەدۆزنەوە کە بریتین لە پەروەردە، دارایی ماڵی و پشتگیریی خێزانی. ئەو پاڕادایمانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی تواناسازیی ژنان و توانای هەڵبژاردنی ژنان لە ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی بەرز دەکەنەوە و ئەوەش ڕاستەوخۆ ڕێژەی توندوتیژی دژی ژنان دادەبەزێنێ و سەرەنجام ئاشتیی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. واتە کاتێک باس لە توندوتیژی دەکەین پێویستە ڕیشە مێژوویی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بدەینەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاردانەوەیی و ناعەقڵانی بەرەورووی ئەو پرسە نەبینەوە.

بەشدار نەبوونی ژنان لە هەموو کایەکانی ژیان و بەتایبەتی کایە سیاسی، ئابووری، کولتووری و بە گشتی کۆمەڵایەتییەکاندا بەربەستێکی گەورەی گەشەی کۆمەڵگەیە لە هەموو ڕەهەندەکانیدا. بە بەراوردێکی خێرا لە نێوان ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی وڵاتانی گەشەسەندوو و وڵاتانی لەحاڵی گەشەدا ئەو گوزارەیە پشتڕاست دەبێتەوە کە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بە تواناسازی و ئازاد کردنی پتانسیەلی ژناندا تێپەڕ دەبێ. هەرچەند لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی لە ڕۆژئاوا هێزی کاری ژنان زیاتر وەک کەرەسەی بەرهەمهێنان سەیر دەکرا، بەڵام دەبینین لە درێژەی دەسکەوتە ماددییەکانی ژناندا، بەستێنێکی گونجاو بۆ مافخوازیی ژنان لەدایک بوو کە بەرەبەرە سیستەمی سەرمایەداری بەو قەناعەتە گەیاند کە ناکرێ بەبێ بەشداریی ژنان سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بێتە کایەوە. دەسکەوتی ژنان لەو سەردەمەدا گۆڕانکاری نەبوو لە ڕوانینی کۆمەڵگە بە دۆخی ژنان و تەنانەت مافێکی ئەوتۆی بۆ ژنان دەستەبەر نەکرد (وەک مافی خاوەندارێتی)، بەڵکوو هەلی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژنانی ڕەخساند، ئەویش بەهۆی کۆکردنەوەی ژنان لە یەکەکانی بەرهەمهێنان لە دەرەوەی خێزاندا. بەدوور لە نرخاندنی هەر چەشنە سیستەمێکی سیاسی و ئابووری، هێزی کاری ژنان دەورێکی گەورەی لە وەبەرهێنانە ماددی و فکرییەکانی ئەو سەردەمدا گێڕا. بەرزبوونەوەی توانای هەڵبژاردنی ژنان، دەرەنجامی بەرهەمهێنەر بوونیان بوو لە ڕەوتی گەشەی ئابووریدا. لە هەمان کاتدا نابێ ئەو ڕاستییەش لەبیر بکەین کە ستراکچێری نوێی بەرهەمهێنان بوو بە یەک لە هۆکارەکانی زیاتر چەوسانەوەی ژنان. بەڵام سەرەڕای ئەوە، چەوسانەوەی ژنان لە کارگەکانی بەرهەمهێنان لەو ساتەوەختەدا کە ڕوخساری جیهان لە گۆڕاندا بوو، ئەو ژانە مێژووییە بوو کە دەبوو ژنان ئەزموونی بکەن بۆ تێپەڕبوون لەو کۆت و بەندانەی وەک نەریتێکی جێگیر و پتەو چەسپابوون.

بەستنەوەی کۆمەڵگەکان بە ڕایەڵەیەکی بازرگانی وەک پێویستیی ئەو قۆناغە لە مێژوو، دەروازەی نوێی بۆ ژنان کردەوە کە لە بەردەوامیی خۆیدا بزووتنەوەکانی ژنانی لێکەوتەوە. ئەو بزووتنەوانە بەتایبەت لە نێوان دوو جەنگی جیهانیدا توانییان مافی دەنگدانی ژنان لە ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەستەبەر بکەن. وەدیهاتنی مافی دەنگدان و مافی موڵکدارێتی لە گرینگترین هۆکارەکانی سۆبژێکتیویتەی ژنان بوون کە بە درێژایی سەدەی بیست ڕوخساری کۆمەڵگە گەشەسەندووەکانیان گۆڕی.

هەر چەند لە ئێراندا لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا شەپۆلەکانی مۆدێرنیزم و دامەزراندنی دامەزراوە مۆدێرنەکانی وەک قوتابخانە و زانکۆ و ناوەندە ڕووناکبیری و تەندروستییەکان تا ڕادەیەک بەستێنی بەشداریی ژنانی لە حەوزەی گشتیدا فەراهەم کردوە، بەڵام لە هەمان کاتدا غیابی مۆدێرنیتەی سیاسی و حکوومەتی وڵامدەر ڕێگر بوون لە بەردەم گەشەی سۆبژێکتیوی ژنان. بەتایبەت بەدوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتداریی دینی لە ئێراندا، ژنان زیاتر لە پێشوو کەوتنە پەراوێزەوە. بەشێوەیەک کە زاڵبوونی گوتاری ئایینی لە دوو دەیەی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 57، وای کردبوو ژنان بۆخۆیان تەسلیمی هەڵاواردنی ڕەگەزی بن وەک بەشێک لە ڕێنماییەکانی ئایین (بەو خوێندنەوە زاڵەی لە لایەن حکوومەتەوە بانگەشەی بۆ دەکرا). بە دوای کرانەوەی دەرگاکانی ڕۆژئاوا بەڕووی خەڵکی ئێراندا کە بەرهەمی گەشەی ئامرازەکانی پەیوەندی گرتن بوو، دۆخەکە گۆڕانێکی ڕێژەیی بەسەردا هات و ئێستا ئێمە شاهیدی بزووتنەوەیەکی مەعریفی – مەیدانیی ژنان لە ئێراندایین کە سەرەڕای گوشار و سەرکوتی ناوەندە ئەمنییەتییەکان لە گەشەی بەردەوامدایە.

***

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزی

# کورۆنا و گەمارۆ ئابوورییەکان جووتشەشن

لە کۆنەوە باسی جیاوازیی بەرچاوی باشوور و باکووری شاری تاران کراوە. ئەمەیانم زۆر جار لە زۆربڵێ حەساوەکانی ژێر سێبەری داری باخچۆڵەکانی باکووری ئەم شارە بیستووە. ئەوان دەڵێن تەنانەت پلەی گەرمی و ساردیی باکوور و باشووری تاران لە قرچەقرچی گەرمای هاویندا ٥ هەتا شەش پلەیە.

لێتان تێکنەچێ، ئەوەی فێنک و خۆشە، باکوورە و باشووری ئەم شارەش خەڵکی برسیی لە ماڵوحاڵ دابڕاوی شار و گوندەکانی سەرانسەری ئێران ڕوویان تێکردووە و بە ڕۆژ و بە شەو بۆ پەیداکردنی پارووە نانێک و ئاخنینی سکیان بە هەرچییەک بێت، وەک مێروو تێکەوەداوێن. ئەمە زیاتر لە چل ساڵی ڕەبەقە، هەموو ساڵان چەند جاریش لەلایەن باکوورنیشنانەوە بۆ تەکبیر لێدان و دروشمی قەبەی پشتگیری کردن لە “نظام مقدس” هان دەدرێن و هەر بەم مەبەستە بەشێکی بەرچاویشیان لە شەڕی کوردانی “ضد انقلاب” و شەڕی داسەپاوی ئێران و عێراقدا خۆیان شەهید کردووە. (دیارە منی چۆلەکەی بچووک هەموو ئەمانەم لە سرتوخورتی بن دارانی باکوور نشینانی خواپێداوەوە بیستووە و هیچی سازکراوی خۆم نییە.)

باکووری تاران بەو هەوای سازگار و دارستانی چڕوپڕەوە کە لەم دواییانەدا بە دەستی سەرمایەگوزارانی موحتەڕەمی وەک ئاغایان موحسینی ڕەزایی و عەلی شەمخانی و کەسوکاری سەرۆککۆمار و وزیر و مەزیرەکان لەژێر چاودێریی “بیت معظم رهبری”، باڵەخانەی بەرزی لێ سازکراون و زۆربەی وەفاداران و نەخشە داڕێژانی پاراستنی “نظام” و جەنگی لوبنان و سووریە و عێراق و یەمەن و ئەندامانی ڕێکخراوە ئینقلابی و ئیسلامییەکانی وەک “ئەلقاعیدە” و “تالیبان” و “بوکوحەرام” و تەنانەت “داعش”یش لە سەر حیساب و تیچووی بەیتی موحتەڕەمی ڕەهبەری و دەرئامەدی کەڵانی نیزامی موقەدەسی جەمهووریی ئیسلامی کە بە پشتبەستن بە باشوور نشینانی (همیشه در صحنه) دەست دەکەوێ، لەم گەڕەکانە نیشتەجێن.

بۆ سمینی ئەمەی سەرەوە، لەم ڕۆژانەی دواییدا هەواڵی چەند مانگ لەمەوبەری کوشتنی سەرکردەی ژمارە ٢ی ئەلقاعیدە و کچە بێوەژنەکەی کە بووکی بن لادن بوو، لە لای باکووری پایتەخت بیسترا. وەک میدیاکان دەڵێن، دوو دەستکیسی سەر بە ئیسرائیل لە سەر ماتۆرسکلیتەوە تەقەیان لێکردوون و وەک لایەنگرانی کوژراوان دەڵێن، پیاوەکە بە بەهەشتی بەرین و هۆبەهەواری حۆرییان شاد بووە، بەڵام ژنەکە ڕەنگە لە دونیای دیکەش کوڕەکەی بن لادن پێ ڕازی نەبێ، بۆیە هەروا بیلاتەکلف و سەرگەردانە.

جودا لەمانە ماڵی باڵیۆز و ماڵیۆز و سەر قوونسوور و مەرقوونسوور و تەنانەت نوێنەری کۆمپانیاکانی وڵاتانی خۆرهەڵات و خۆرئاواش کە دەوڵەتەکانیان لە میدیاکانەوە خراپەی نیزامی موقەدەس دەڵێن و نوێنەرەکانیان لە باکووری تاران بە چەقەنە لێدانی سەرانی “نظام مقدس” هەڵدەپەڕن.

هەروەها “سەرۆکی نەخۆشخانەی مەسیحی دانشەوەری” و “ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی فەرهەنگی” و “ئەندامی بەردەوامی هەڵبژێردراوی فەرهەنگستانی زانستە پزیشکییەکانی ئێران” و “ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی نیزام پزشکیی تاران” و “ئەندامی باڵای نیزام پزیشکیی ئێران” و “ئەندامی پلەبەرزی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئازارەباریکە و نەخۆشییەکانی سیپەلاک” و“ سەرۆکی شۆرای نێوەندیی ئەنجومەنی ئیسلامیی پزیشکانی ئێران” و “نوێنەری گرووپی زانستیی پزیشکیی نەریتی و فەرهەنگستانی زانستی پزیشکی” و “بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری نەخۆشییەکانی بۆگەنکردوو و گەرەمەسێری” و “نوێنەری ئەکادیمیای زانستەکانی پزیشکی لە دەستەی دەستپاکانی فەرهەنگستانەکان” و “ئەندامی ئەنجومەنی ئیسلامیی دەرچووانی زانکۆکانی ئورووپا، ئەمریکا و ئۆقیانووسیە” و“ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری زانکۆ ئەهلییەکانی سەر بە ئەنجومەنی وەرزشیی خانمانی وڵاتانی ئیسلامی” و “ئەندامی دەستەی دەستپاکانی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی شەهید بەهەشتی” و ڕاوێژکاری ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێودەوڵەتی” و “ئەندامی کۆڕی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی” و “ئەندامی ئەنجومەنی نرخێنەری زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی شەهید بەهەشتی” و “سەرۆکی گرووپی ئیسلامیی هاوچەرخی دامەزراوەی دایرەتولموعاریفی ئیسلامی” و “سەرۆکی ئەنجومەنی پشتگیریکردنی نەخۆشانی بۆگەنکردووی ئێران ”و “سەرۆکی کۆمیتەی فەرهەنگ و شارستانییەتی ئیسلام و ئێران لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی” و “ئەندامی دەستەی نووسەرانی وەرزنامەی پسپۆڕانەی شیعەناسی” و “ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری زانکۆی ئازادی ئیسلامی” و “ئەندامی دەستەی چاودێریکردن بە سەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی”یش دانیشتووی باکووری تارانن، نا ببوورن تارانە. (ببوورن لە کۆکردنەوەی فەرمانی ئەم ڕستە دووروودرێژ و پڕ لە فاریزەیەدا کێشەم بۆ دروست بوو، لە نێوان “تارانە” و “تارانن”دا وەک کووی فرمانی “ـە” و “نن” ماومەتەوە. بەڵام ئاخری بەم ئەنجامە گەیشتم ڕستەکە بە فرمانی تاک کۆتایی پێبهێنم و بڵێم “تارانە” واتە ئەوکەسەی ئەندام سەرۆکی ئەم هەموو دەزگا و لێژنە و کۆڕوکۆمەڵانەیە، یەک کەسە و ناوی “دکتور عەلی ئەکبەری ویلایەتی”یە. )

لە نێو ئەم هەموو هەراوهوریا و بگرەوبەردەی باکووری تاران، پسپۆڕێکی لایەنگری “نظام مقدس” کە ماوەیەکە تێکەڵی ڕێنوێنییەکانی میرزا عەلی ئەکبەر ویلایەتی بووە، لەبن دارێکدا وڕێنەی دەکرد و دەیگوت: “کۆرۆنا بۆ “نظام مقدس” جووت شەشە و دانیشتووانی باشوور لەبەر مردن بە هۆی کۆرنا و گرانیی دەواودەرمان و پێداویستیی دیکە، سێ ڕۆژەکەی پار ئەودەمانە واتە گەلاڕێزانی ساڵی ١٣٩٨یان لەبیر چووەتەوە. ئەوکات بە تاوانی سەرهەڵدانەکان دە ئەوەندی دیکەشیان لێ کوژرابا، ئێستا لەبەر کۆرۆنا و گەمارۆ ئابوورییەکان پەلیان نەدەبزاوت و ئێستاش “نظام مقدس” بۆ کار قایمی خەریکە بە بیانووی تەشەنەسەندنی کۆرۆنا هاتووچۆی خەڵک سنووردار دەکا و بە بێدەنگی “حکومتنظامی”ی شەوانەشی ڕاگەیاندووە.“

ئەمەی خوارەوەوش هەر قسەی پسپۆڕەکەی سەر بە “نظام مقدس”ـە: سڵاو لە وڵاتی “چین” بۆ کۆرۆناکەی و درووود بۆ ئەمریکا بۆ گەمارۆکانی. کۆرۆنا شەشێک و گەمارۆ ئابوورییەکانیش شەشێکی دیکە کە دەکەنە جووتشەش و بەمجۆرە شەشدەرمان لێگرتون.“

# بۆ خاتری خوا و لەبەر خاتری «ماریان»

**بەشی دووەم و کۆتایی:**

## دەوڵەتی فەڕانسە و ئایینی ئیسلام



د. ئاسۆ حەسەنزادە

لە بەشی یەکەمی ئەو باسەدا ڕوونمان کردەوە کە چەمکی جیایی دین لە دەوڵەت تایبەت نییە بە فەڕانسە. تەنانەت زۆر کەس ئەو وتە بەناوبانگەی مەسیح کە دەڵێ "ئەوەی هەقی سێزارە بیدەن بە سێزار و ئەوەی هەقی خوایە بیدەن بە خوا" بە یەکەمین ئاماژەی پێویستیی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت دەزانن. ئەوەندەی بۆ مۆدێلی لائیکی فەڕانسەش دەگەڕێتەوە مەبەست دژایەتیی هیچ ئایینێک بەتایبەتی ئایینی ئیسلام نییە و لەو سەردەمەدا کە ئەو پرەنسیپە لە فەڕانسە پەسند کراوە ئایینی ئیسلام پەیڕەوانێکی ئەوتۆی لەو وڵاتە نەبووە، بەڵکوو مەبەست بێلایەنی لە بەرامبەر هەموو ئایینەکاندایە.

لەپێوەندی لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ و ئایینی ئیسلام لە فەڕانسە، دەبێ بزانین کە دۆخی پەیڕەوانی ئەو ئایینە بۆ پراکتیکی مەزهەبەکەیان (نەک لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە) لە پەیڕەوانی هیچ ئایینێکی دیکە یان لە دۆخی موسڵمانان لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئوورووپایی خراپتر نییە، ئەگەر باشتر نەبێ. بەپێچەوانەی پڕۆپاگەندای هێندێک کەس و لایەن، نەک هەر پراکتیکی ئیسلام لە بەستێنی تاکەکەسی‌دا تەواو ئازاد و پارێزراوە، بەڵکوو ئیسلام لە گوتاری ڕەسمیی حکومەتیش‌دا (بە وتارەکانی ماکرۆنیشەوە) زۆر ڕێزلێگیراوە و دەوڵەتی فەڕانسە دامەزراوەیەکی ڕەسمیشی بەناوی شورای نوێنەرایەتیی ئایینی ئیسلام و بنیاتێک بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاساری ئیسلامیی دامەزراندوە. تەنانەت بەمەبەستی کۆتایی‌هێنان بە تەمویلی دەرەکی، چەندین جار پێشنیاری تەمویلی دەوڵەتی بۆ بنیاتە ئیسلامییەکانی فەڕانسە لەلایەن هێندێک سیاسیی مەسیحیی فەڕانسەویشەوە کراوە، بەڵام بەهۆی پابەندیی فەڕانسە بە پرەنسیپە لائیکەکان ئەو پێشنیارە نە بۆ دینی ئیسلام و نە بۆ هیچ ئایین و مەزهەبێکی دیکە قبووڵ نەکراوە.

زۆر لەو شتانەی لەبارەی فشارهێنان بۆ سەر موسڵمانان لە فەڕانسە دەگوترێ ڕاست نین. بۆ نموونە حیجاب (وەک نیشانە دیارەکانی ئایینەکانی دیکە بۆ نموونە "کیپا" واتە کڵاوی جووەکان) تەنیا لە قوتابخانەی دەوڵەتیدا قەدەغەیە (یاسای ٢٠٠٤). نیشانە بچووکەکانی وەک خاچی ملوانکە و دەستی فاتم و ئەستێرەی داود لە قوتابخانەی دەوڵەتییشدا ئازادن. نیشانە دیارە ئایینییەکان هەروەها بەپێی پرەنسیپی بێلایەنیی کەرتی گشتی لە دامەزراوە حکومەتییەکان‌دا قەدەغەن، بەڵام لە زانکۆ و کۆمپانیاکان‌دا بەڕێوەبەرانی ئەو شوێنانە دەتوانن بۆخۆیان بڕیار بدەن کە ڕێگەی پێ دەدەن یان ڕێگەی پێ نادەن (ئەمڕۆ تا دێ کەمتر قەدەغەن). دیارە لە فەزای گشتی‌دا (بۆ نموونە لەسەر شەقام) شاردنەوەی تەواوی ڕوخسار بۆ هەموو کەس قەدەغەیە (یاسای ٢٠١٠)، جا بورقەع بێ یان ماسکی تەواو، بەڵام ئەوە هیچ پێوەندیی بە ئایینەوە نییە و لەسەر بنەمای پاراستنی ئاسایشی گشتی پاساو دەدرێ.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر کێشە یان هەستیارییەک لەگەڵ ئایینی ئیسلام لە فەڕانسە هەبێ، ئەوە نەک بۆ دژایەتیی حکومەت و خەڵکی فەڕانسە لەگەڵ ئایینی ئیسلام بەڵکوو بۆ ئەو بەکاربردنە ئامرازییە دەگەڕێتەوە کە هێندێک دەوڵەت و گرووپی توندڕەو بە مەبەستی سیاسی لە ئایینی ئیسلامیان کردوە و لەژێر ناوی کاری خێرخوازی و تەمویلی بنیاتە مەزهەبییەکان‌دا، بەشێک لە پانتایی کۆچبەریی موسڵمان لە فەڕانسەیان کردووە بە عەرزێکی بەرێژ بۆ چاندنی تۆوی بنیاتگەرایی و کردەوەی تێرۆریستی.

دەوڵەتی فەڕانسە نە دژی ئایینی ئیسلامە و نە ئەگەر باسی ئیسلامیش بکا، مەبەستی هەموو ئایینی ئیسلام یان ئیسلام لە دنیادایە، بەڵکوو مەبەست ئیسلام لە فەڕانسە و ئامانج ئاشتکردنەوەی ئیسلام لەگەڵ بنەما کۆماری و لائیکەکانی ئەو وڵاتەیە و هیچی دیکە. بۆ نموونە پاش هێرش بۆ سەر شارلی ئێبدۆ و سوپەرمارکێتێکی جوولەکە لە پاریس (ژانویەی ٢٠١٥)، سەرۆک وەزیری ئەوسا (مانوێل ڤالس) ئاماژەی بە زەرووڕەتی یارمەتیدانی ئیسلام لە فەڕانسە کرد بۆ ئەوەی خۆی لەو کارتێکەری و دەستێوەردانە دەرەکییانە ڕزگار بکا کە لە نێوخۆیدا دەیانەوێ بنکۆڵی بکەن. ئەوەی ئەمڕۆش سەرکۆماری فەڕانسە دەیڵێ شتێک نییە غەیری ئەمە و بۆ ئەو مەبەستەش دەوڵەت دەیەوێ ئەو ناوەندە ئایینییانەی بە سامانی دەرەکی بەڕێوە دەچن و لەژێر ناوی وەعزدا بوونەتە کارگەی بنیاتگەرایی، دابخا و چیدیکەش ئیمامەکان لە دەرەوەڕا بۆ مزگەوتەکان دیاری نەکرێن، بەڵکوو پەروەردەکراو و دیاریکراوی خودی فەڕانسە بن. ئەگەر لە وڵاتێکی موسڵماندا باس لە پێویستیی کۆنترۆڵی نێوەرۆکی خوتبەکانی جومعە بکرێ، بۆ دەبێ دەوڵەتێکی ئوورووپایی کە ئەو هەمووە بۆتە قوربانیی تێرۆریزمی بنیاتگەرا نەتوانێ لە سەرچاوەی داهات و بەڕێوەبەریی ناوەندێکی ئایینی بپرسێتەوە؟

خۆ ئەگەر مەبەستی دەوڵەتی فەڕانسە ئیسلام تەنیا لە فەڕانسە نەبا و ئیسلام وەک خۆی یان لە هەموو دنیاشیدا گرتبایەوە، ڕوون نییە کە بۆچی سەرکردەی زۆر لە وڵاتە ئیسلامییەکان هەموو ڕۆژێ دەتوانن بە زبرترین زمان باسی مۆدێلی ژیان و ئایینی ڕۆژئاواییەکان بکەن، بەڵام سەرکردەی وڵاتێک کە لەودا ئیسلام ئایینی دووەمە بۆی نییە باسی پێویستیی گونجاندنی پراکتیکی ئایینی ئیسلام لەگەڵ بنەما هەزاران ساڵەییەکانی دەوڵەتەکەی خۆی بکا. بە قەولی هاوڕێیەکی مەسیحیی لوبنانی، ئیسلام ١٤٠٠ ساڵە خاوەنی پێغەمبەری شایستەی خۆیەتی، بەڵام هێشتا چاوەڕوانی "لوتەر"ێکە.

***

سەبارەت بە خودی بابەتی کاریکاتێرەکان دەبێ چەند شتمان لەبەرچاو بێ. پێش هەموو شتێک دەبێ بزانین بۆ خوردکردنەوەی زیاتری ڕاگەیاندراوی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیی شۆڕشی فەڕانسە لەو بوارەدا، یاسای ئازادیی ڕۆژنامەکان کە ساڵی ١٨٨١ (واتە هەشتا ساڵ پێش ئەوەی موسڵمانەکان بە لێشاو ڕوو لە فەڕانسە بکەن) پەسند کراوە، مافی "بلاسفێم" واتە بردنەژێر پرسیار و گاڵتەکردن بە ئایین و پیرۆزییەکانی مەزهەبی بەڕەسمی ناسیوە. دیارە ئەو مافە –لەپێوەندی چ لەگەڵ ئایین و چ سیاسییەکاندا– بۆ ئەوەی لە شکڵی ئەمڕۆیدا جێبەجێ بکرێ، ڕێگایەکی دوور و درێژ و پڕ هەوراز و نشێوی بڕیوە، هەر لە نیگارەکەی ئێدوارد مانێ بە ناوی "بێڕێزیکردنی سەربازەکان بە مەسیح" ەوە بگرە کە کاتی خۆی هەڵلای زۆری لێ ساز ببوو هەتا ئەو کاریکاتۆرەی لەبارەی مەرگی ژەنڕاڵ دوگۆلەوە شارلی ئێبدۆ بڵاوی کردبۆوە و ئەودەم ببووە هۆی داخستنی ڕۆژنامەکە. نموونەی ناسراوتر فیلمی "دوایین حەزەکانی مەسیح"ی مارتن سکۆرسێزە کە لەسەر بنەمای ڕۆمانەکەی نیکۆس کازانتزاکیس ڕیوایەتێکی دژە-ئینجیلیانەی ژیانی حەزرەتی عیسا دەگێڕێتەوە. سکۆرسێز پاش ئەوەی لە ئەمریکا بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکەی لەگەڵ دژایەتی و بەربەستێکی زۆر ڕووبەڕوو ببۆوە، ڕووی لە فەڕانسە کردبوو و وەزیری پەروەردەی حکوومەتی فرانسوا میتران (جاک لانگ)ی ڕازی کردبوو کە بەشێکی بودجەی ئەو فیلمە دابین بکا. دواتر ئەگەرچی حکوومەتی فەڕانسە لە بەرامبەر نارەزایەتیی کلیسا و باوەڕدارانی کاتۆلیک‌دا لە پشتگیریی دارایی فیلمەکە کشایەوە، فیلمەکە لە فەڕانسە چووە سەر ئێکران، بەڵام ساڵی ١٩٨٨ چەندین ڕووداوی ناخۆشی لێ کەوتەوە: لە شاری بزانسۆن هۆڵی ئەو سینەمایەی فیلمەکەی نیشان دابوو [پاش تەواوبوونی فیلمەکە و چۆڵبوونی هۆڵەکە] سووتێندرا؛ لە شاری میتز بە هۆی سەردانی پاپ نیشاندانی فیلمەکە ڕاگیرا؛ و ئاگربەردان لە سینەما سەنت میشێلی پاریس تەنانەت زیانی گیانیی لێ کەوتەوە.

سەرەڕای ئەوانەش ئەمڕۆ تەنز بە گشتی و کاریکاتێر بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگەی فەڕەنسی‌دا شتێکی تەواو قبووڵکراو و جێکەوتوویە. لە فەڕانسە هیچ ئایینێک بە ئەندازەی ئایینی مەسیحی لە کارە هونەرییەکان‌دا گاڵتەی پێ ناکرێ و هیچ پێشەوایەکی ئایینیش بە ئەندازەی مەسیح کاریکاتۆری لێ دروست ناکرێ. ئەوە بۆ سیاسییەکان قبووڵکراوتریشە کە زۆریان بۆخۆیان ئارەزوو دەکەن کاریکاتۆریان لێ دروست بکرێ، چونکە دەزانن کە مەرج نییە هەمیشە ئەو شتە بە زیانیان تەواو بێ (هێندێک لە چاوەدێرانی بواری بیروڕا و مێدیا پێیان وایە کە بەشێکی سەرکەوتنی ژاک شیراک لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی ١٩٩٥ بۆ ئەو کاراکتێرە گەمژە و لائوبالییە دەگەڕێتەوە کە لە بەرنامەی تەنزیی "گینیۆل"دا لەویان دروست کردبوو).

بوونی مافی بلاسفێم لە فەڕانسە بەو مانایە نیە کە قانوون و دادگا هیچ جۆرە کۆت و بەندێکیان لەو بوارەدا دانەناوە. پاش ئەو سکاڵایانەی سەبارەت بە کاریکاتۆرەکانی پێغەمبەری ئیسلام لەدژی ڕۆژنامەی "شارلی ئێبدۆ" تۆمار کران، دادگای پاریس ڕایگەیاند کە ئەو کاریکاتێرانە دەچنە خانەی ئازادی ڕادەربڕین و خوڵقی هونەری، مەگەر ئەوە کە ڕۆژنامەکە بەئەنقەست، بەخۆڕایی و ڕاستەوخۆ بیهەوێ ناوی موسڵمانەکان بزڕێنێ (تشهیر)، یان لەم ڕێگەیەوە ببێتە هۆی هاندانی ڕق و قینی نیژادی و هەڵاواردن و توندوتیژی بەدژی وان. ئەوەی قانوون و دەوڵەت لە فەڕانسە لەو بوارەدا پارێزگاریی لێ دەکا خودی مەزهەب و سەمبولەکانی نییە کە دەکرێ لەلایەن هەر هاووڵاتییەکەوە و لە هەر شکڵێکدا ببردرێنە ژێر پرسیار و تیروتوانجیان تێ بگیرێ، بەڵکوو کەرامەت و ئاسایشی ئیمانداران و مافەکانیان لەبواری مەزهەب و بوارەکانی دیکەدایە.

ڕەنگە موسڵمانێک پێی وابێ کە کێشانەوەی وێنەی پێغەمبەر بۆخۆی گوناحە چ بگا بەوە کە کاریکاتۆری لێ دروست بکەن و ئەمە بە بێڕێزییەک لێک بداتەوە کە هەستی وی بریندار دەکا و دەبێتە هۆی پێشێل بوونی مافەکانی لەو بوارەدا. بێگومان ئەوە هەستێکی ڕەوا و شیاوی بەهێندگرتنە. بەتایبەتی لە وڵاتێک یان سەردەمێکدا کە هەستیاریی ئایینی و دابەشبوونی قووڵی ئێتنیکی و کۆمەڵایەتی تێدا بێ، نووسەر و هونەرمەند هەروەک سیاسەتمەدار و میدیاکارەکان نابێ بێڕێزی بە پیرۆزییەکانی ئیمانداران (لە هەر ئایینێک) بکەن.

بەڵام دەبێ بزانین کە کێشانەوەی وێنەی پێغەمبەر لە مێژووی ئیسلامدا هەمیشە و لە هەموو جێیەک قەدەغە نەبووە (تەنانەت دەگێڕنەوە کاتێک مەککە فەتح کراوە و بوت و نیشانەکانی "شرک" تێک شکێندراون، پێغەمبەر ڕازی نەبووە تاندێم و نیگارەکانی مریەم و عیسا مەسیح بشێوێندرێن). پاشان پێش ئەوەی هەڵوێست بگرین، پێویستە بزانین ئەو کاریکاتۆرانە چین و باسی چی دەکەن؟ لە زۆربەی ئەو کاریکاتۆرانەدا کە موسڵمانانیان بەدژی فەڕانسە پێ دنە دراوە، زۆر ڕوون نییە کە کاریکاتۆریستەکە بە فکری خۆی حەزرەتی محەممەدی کێشاوەتەوە یان هەر پیاوێکی موسڵمان. جیا لەوەش، لەو کاریکاتێرانەدا نەک هەر بێڕێزی بە پێغەمبەر نەکراوە بەڵکوو سیمای پێشەوایەکی دلۆڤان و مرۆڤدۆست لە پێغەمبەر پێشان دراوە. بۆ نموونە لەسەر دوو لە ناسراوترینی ئەو کاریکاتۆرانەی شارلی ئێبدۆ بڵاوی کردبوونەوە، لەوەیاندا کە پێش هێرشەکە کێشرابۆوە و ئەو هەموو خەڵکەی لەسەر کوژرا، لە زمان پێغەمبەرەوە نووسرابوو: "بێزار بووم بەدەست ئەو هەموو توندڕەوەوە. چەند ناخۆشە گەمژەکان خۆشیان بوێی!" (مەبەست دیسان توندڕەوەکانە). لەو کاریکاتۆرەشدا کە پاش کوشتاری شارلی ئێبدۆ بڵاو کرایەوە، لە زمانی پێغەمبەرەوە نووسراوە "ئەمنیش شارلی ئێبدۆم. بەناوی کوژراوەکانەوە دەتانبەخشم"!

گرینگتر لە هەموو ئەو سەرنج و تێبینییە پێویستانە، مەسەلەی ڕێژەیی بوونی دژکردەوەکان لە بەرامبەر بۆچوونی جیاواز و نەیاردایە، تەنانەت ئەو کاتەی پێمان وایە بێڕێزی بە باوەڕەکانمان دەکرێ. بەڕێز "دەلیل بووبەکر"، ئیمامی مزگەوتی گەورەی پاریس لە نووسراوەیەکدا کە لەژێر ناوی "ڕاگەیاندراوی ئیسلام لە فەڕانسە" ساڵی ٢٠١٧ بەناوی ئەنیستیتۆی ئەو مزگەوتەوە بڵاوی کردەوە ڕایگەیاند کە ئیسلامی فەڕانسە کۆماریخواز و مۆدێرن و پێشکەوتنخوازە، دژی جیهادیسم و توندئاژۆییە و هەموو ئەو ڕەوت و ڕەفتارانە ڕەت دەکاتەوە کە بەها کۆمارییەکانی فەڕانسە دەبەنە ژێر پرسیار، بەتایبەتی یەکسانیی ژن و پیاو (هەربۆیە دژی فرەژنییشە).

دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە مزگەوتی گەورەی پاریس تەئیدی کاریکاتۆرەکان بکا. هەستیاری بە موقەدەساتی ئایینی تا ئێستا لەلای مەسیحییەکانیش ماوە. هەر سەرەتای ئەمساڵ کاتێک ڕادیۆی "فرانس ئەنتێر" (کە ڕادیۆیەکی دەوڵەتییە) گۆرانییەکی هونەرمەند "فردریک فۆمێ"ی بڵاو کردەوە کە لەودا بێڕێزی بە عیسا مەسیح کرابوو، لەژێر تەوژمی نارەزایەتیی کاتۆلیکەکانی فەڕانسەدا بەڕێوەبەرایەتیی ڕادیۆکە ناچار بوو بەفەرمی "بەداخبوون"ی خۆی (بخوێنەوە داوای لێبوردن) لەو لەدەستدەرچوونەی ڕادیۆکە دەرببڕێ، شتێک کە هیچ کەس بە مۆڵەت (مجوز)ی سەربڕینی گۆرانیبێژەکەی لێک نەدایەوە! لەپێوەندی لەگەڵ کاریکاتۆرەکانیشدا ئەنستیتۆی مزگەوتی گەورەی پاریس وێڕای دەربڕینی برینداربوونی خۆی لەو کاریکاتێرانە، دژکردەوەی توندوتیژ بەدژی ئەو کاریکاتۆرانە مەحکوم دەکا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێستی ماکرۆنیش لەبارەی کاریکاتۆرەکانەوە، بەپێچەوانەی ڕاڤەی چەواشەکارانە و گواستنەوەی سەقەتی قسەکانی ناوبراو لە هێندێک مێدیای جیهانی موسڵماندا، مەبەستی وی پشتگیری لە نێوەرۆکی هیچ کاریکاتۆرێک نەبووە، بەڵکوو دەڵێ من بۆم نییە مافی کاریکاتۆر کێشانەوە تەنانەت لەبواری ئاییندا کە بەرهەمی نەریتی لائیک و ئازادیی ڕادەربڕین لە فەڕانسەیە لە هاووڵاتییانم زەوت بکەم.

***

لە بەرە بەری شۆڕشی فەڕانسەدا دوو ناوی کچانەی "ماری" و "ئان" لەنێو چین و توێژە هەژارەکان بەتایبەت ژنە خزمەتکارەکانی خانەوادە بۆرژواکاندا زۆر باو بوون. وای لێ هاتبوو ئەشرافییەکان ئەگەر بیانویستبا گاڵتە بە کەسێک بکەن یان بە کەمی بگرن، پێیان دەگوت "ماری-ئان". لە شۆڕشی فەڕانسەدا کە شۆڕش بوو بۆ ئازادی و یەکسانی و برایەتی، "ماریان" بوو بە هێمایەکی خەیاڵیی خەبات لەپێناو ئەو ئیدەئالانەدا کە هەمان ئەو ئیدەئالانەن کە لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ دروشمی مۆدێلی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فەڕانسەن.

بێگومان فەڕانسە وەک هەر دەوڵەتێکی خاوەن نفووزی دنیا، چ لە ڕابردوودا و چ ئەمڕۆ، لە نێوخۆیدا وەک ڕوو بەدەرەوە، ڕەخنەش هەڵدەگرێ و پێویستە لە بەرامبەر بەرپرسایەتیی سەرشانی دەرهەق بە پێکهاتەکانی وەک دەرهەق بە ڕابردووی کۆلۆنیالی و ئایندەی مرۆڤایەتی ئازایانە ڕاوەستێ. بەڵام واقعییەتی هاوکێشە ئینسانی و نێونەتەوەییەکانی ژێر سایە یان ژێر کاریگەریی فەڕانسە لەو وڵاتە و لە دنیادا هەرچیەک بێ، ئەو ئیدەئالانەی ماریان سەمبولیانە درۆ نەبوون و درۆ نین. ئیدەئالگەلێکن کە بۆ گەلی کوردیش پێویستن. هەر بۆیە هەم بۆ خاتری ئەو چرا داگیرساوەی مێژووی مرۆڤایەتی کە ماریان هێمایەتی، هەم تەنانەت لەبەر خۆشەویستیی خودا و پێغەمبەرەکەی، دروست نییە هەستیاریی مرۆڤی موسڵمانی کورد بە ئاقارێکدا بچێ کە ببێتە ئامێری ئۆرکێسترای ئەو ئاجێندا سیاسییە دەرەکی و مەبەستدارانەی پەرە بە کوشتاری بێهودەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ دەدەن و لایەنگری لێیان سیمای لێبوردە و دۆست خۆشەویستی کوردیان پێ دەشێوێ. زۆرینەی کورد موسڵمانە، بەڵام ئەو شەڕە شەڕی کورد نییە.

***



# بەزاندنی دێوەزمە

## (دیرۆکی خۆڕاگریی محەممەد شاروێرانی)


محەممەد ئیسماعیلزادە

من محەممەد ئیسماعیلزادە ناسراو بە محەمەد شاروێرانی کوڕی مەولود، ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە ئاوایی خورخوڕە لە ناوچەی شاروێرانی سەر بە شاری مهاباد لە دایک بووم.

لە ساڵی ١٣٦٢وە بە ڕەسمی بوومە ئەندامی حیزب و هاوکاریی نهێنی کۆمیتە ناوچەی شاروێران،یەکەم چالاکیی حیزبی من درووست کردنی هێڵی پەیوەندی بوو لە نێوان کۆمیتە ناوچەی شاروێران و پایەگایەکی ڕێژیم لە ئاوایی خورخوڕە بە مەبەستی دەست بەسەر داگرتنی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، بەڵام ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ بە هۆی ئاشکرا بوونمان ڕیسەکەمان لێ بوویەوە بە خوری و ئەمن و چەند هاوڕێیەک دەستبەسەر کراین. یەکەم دەستبەسەر کردنم چەند مانگێکی خایاند و دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر چەند کەسمان بە زەمانەت ئازاد بووین، بەڵام یەک لە کوڕەکان بە ناوی "نورەدین" گواسترایەوە بۆ بەندیخانەی شیراز و هەتا ئێستاش نەمانزانی چارەنووسی چی لێ هات.

دوای ئەم دەست بەسەر کرانەم، بێنەوبەردەی ئیتلاعاتی ڕێژیم کۆتایی نەدەهات و هەرجارە بە بیانوویەک بۆ چەند ڕۆژێک دەگیرام و لێکۆڵینەوەیان لێ دەکردم، ئازار و ئەشکەنجەیان دەدام و، ئاخر جاری دەسبەسەرکرانم پێش هاتنم بۆ پێشمەرگایەتی، ساڵی ١٣٦٧ بوو کە بۆ ماوەی دوو حەوتوو لە شوێنێک کە دادگای ئینقلابی ئەوکاتی مهاباد بوو دەست بەسەر کرام و پاشان بە هاوکاریی سەربازێک توانیم خۆ دەرباز بکەم و خۆم بگەیەنمە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب لە بناری قەندیل.

ژیانی پێشمەرگایەتی پڕە لە بەسەرهاتی خۆش و ناخۆش، تاڵترین بیرەوەرییەکانی من شەهید بوونی ڕێبەرانی بزووتنەوەکەمان و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانمە، دیارە شەهید کرانی ڕێبەرانی شەهید د.قاسملوو و د.شەرفکەندی بۆ هەر هەموومان بەژانترین بیرەوەریی هاوبەشە، بەڵام ئەوەی وەکوو بیروەریی تاڵ و ڕاستەخۆ لە جەریانیدا بووبم، بۆ من ڕووداوی شەهید بوونی کۆمەڵە هاوڕێیەکی گیانیگیانیی پێشمەرگایەتیم بوو لە مەئموورییەتێکی ناوچەدا.

شەڕی خڕێی خەرگەداشان لە نیزیک "سێ چۆمانی" پیرانشار لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٧٣دا ڕووی دا. ئێمە تیمی کۆمیتەی شارستانی مهاباد کە پێک هاتبوو لە شەش کادری ناوچەکە لەگەڵ دوو تیمی کۆمیتەی پیرانشار سەرجەم ١٨ کەس بووین. دەبوو سنووری باشووری کوردستان لە ڕێگای ناوچەکانی پیرانشارەوە ببڕین، بڕیار درا کە بە هیچ شێوەیەک لە هیچ جێگایەک لانەدەین، بەڵام بە داخەوە تیمی دووهەم لە شوێنێک بە ناوی بازاڕ لایان دابوو، ئێمەش نەدەکرا بە جێیان بێڵین و دەبوو چاوەڕێیان بین. پاش یەکگرتنەوەمان، کاتژمێر ٨ی بەیانیی ٢٧ی جۆزەردان سنوورمان بڕی و پەڕینەوە بەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دوو بیرەوەریی ئەم ساتانە: شەهید مەحموود ئیسماعیلی لە کاتی ئاودیوبوونمان لە میلە مەرزییەکانی سنووردا باوەشی بە خاکی پیرۆزی ڕۆژهەڵاتدا کرد و تێر خاک و خۆڵەکەی ماچ کرد، ئەم چەند چرکە شاکارە دیمەنێک بوو لە خۆشەویستیی نیشتمان کە قەت لە بیرم ناچێ. هەروەها شەهید حوسێن فەتحوڵڵاهی کە زۆر لێم نزیک بوو و چەند ساڵێکیش بوو بۆ هەموو ئەرک و ڕاسپاردەیەک بە یەکەوە بووین، لێم هاتە پێشێ و بە دەم پێکەنینەوە وێنەی کیژێکی ڕووسووری لە باغەڵی هێنایە دەر و گوتی کاک محەممەد ماوەیەکی زۆرە دڵم چۆتە سەر ئەو کچە و دەمهەوێ ژیانی هاوبەشی دەگەڵ پێک بێنم، منیش کە بە بیستنی خۆشحاڵ بووم بەڵێنم پێدا کە لە پاش گەڕانەوەمان بە زووترین کات خۆمان لە ساز و پیک دەدەین بۆ خواستن و گواستنەوەی بووکە خان.

لە ڕۆیشتندا ئەمن کە بە دووربین دەمڕوانی، لە نەکاو سەرنجم کەوتە سەر جوولەی کەسێک لە بەرزایی شاخێکی بەرامبەرمان، زۆر بە بێقەراری شوێن گۆڕکەی دەکرد و دەهات و دەچوو، هاواری هاوڕێیانم کرد و گوتم با بوەستین و ئەمە ئاسایی نییە، بەڵام هەموویان بەرپەرچیان دامەوە و گوتیان ئەوە سێ پێشمەرگەی هێزی کێلەشینن کە لەم چیایە جێگیر کراون و پێشتر بە ئێمەیان ڕاگەیاندوە. بۆ ئەوەی دڵنیا بم، دیسان بە وردی ڕوانیم، ئەمجارە لە باتی یەک کەس، چەند کەسم بینی بە سەروچاوی بەستراوەوە، بە دەنگی بەرز هاواری پێشمەرگەکانم کرد کە کاکە ئەوە سەروچاویان بەستوە، بیکەیسی و چەکی دیکەیان پێیە،بەڵام دەگەڵ کۆتایی هاواری من، ئێمە کە ڕێک کەوتبووینە بەرامبەریان، ئەوان لە شاخ و ئێمەش لە داوێنی شاخەکە لە سەر جادە، کەوتینە نێو ئاگربارانێک کە گێڕانەوەی ئەستەمە. ئەوان کە لە بەرزایی بوون و چەکی قورسیان پێ بوو، بە دڵی خۆیان داگژانە سەرمان. بەداخەوە ئەوەی زووتر گەویشتبوویە ڕاست وان وەبەر هاتبوو، شەڕەکە هەموو نیزیک ٢٠ خولەکی خایاند، ئێمە کە بواری دەستکردنەوەیەکی وامان نەبوو، هەموو داوەڵ داوەڵمان تێ کەوتبوو و یەکی بە لایەکدا خۆمان دابوویە پەنا و پەسیوان، هاوکات جگە لە شەهیدەکان چەند کەسێکمان بریندار ببوون، دوای کاتژمێرێک هەموو کەوتینەوە سەر یەک، بریندارەکانمان ڕەوانەی دیوی باشوور کردەوە، هاوکات داوای هێزی پشتیوانیمان کرد، پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین و قەندیل کە هەر لە نزیک ئەم ناوچانە جێگیر بوون بە هانامانەوە هاتن. خۆمان سازمان دایەوە و بە زووترین کات هێرشی پێچەوانەمان کردەوە سەر بەکرێگیراوەکان، بەڵام ئەوان لە دوای هێرشکەی ئێمە خۆیان ڕانەگرت و شوێنەکەیان بە جێ هێشت. بەداخەوە لەم شەڕەدا شەش کادری بەوەجی حیزب شەهید بوون کە شەهید حوسێن فەتحوڵڵاهی و شەهید مەحمود ئیسماعیلی کە لە سەرەوە ناوم هێنابوون دوو لەوان بوون. چوومە سەر تەرمی شەهید قادری حاجیعەولا, دیار بوو دوای بریندار بوونی لاقی بە پشتێندەکەی بەستووە و تا ئاخر گوللەی شەڕی کردبوو. شەهید حوسێن هەندێک بەڵگەی حیزبی پێ بوون، کاتێک چوومە سەر تەرمەکەی، هەموو بەڵگەکان لە دەوروبەری بە وردکراوی بڵاو ببوونەوە، دیار بوو توانیبووی بەر لە شەهید بوونی دەرفەتی هێنابوو لە ناویان بەرێ...

پاش ماوەی نزیک حەوت ساڵ پێشمەرگایەتی لە بارودۆخ و بەرپرسیارەتیی جیا جیادا،لە جەریانی بەڕێوەبردنی ئەرکی پێئەسپێردراوی حیزبی لە گوندی قەرەخانی ناوچەی شاروێران پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٥ لە پاش تێکهەڵچوونێکی کورتدا بە برینداری لە لایەن ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی مهاباد دەستبەسەر کرام. ڕۆژێک بەر لە ڕووداوکە ئێمە وەکوو تیمی کۆمیتەی ناوچەی شامات و شاروێران کە بریتی بووین لە هاوڕێیان سۆفی پێغەمبەرنژاد، ئەسعەد شاماتی و هیلال محەمەدی لە نیزیک ئاوایی قەرەداغ خۆمان حەشار دابوو، لە لایەن بەرپرسی کۆمیتە شارستانی مهابادەوە کە ئەوکات کاک عومەر باڵەکی بوو پەیوەندییمان پێوە گیرا و بۆ ئەرکێکی تایبەت ڕاسپێردراین، کە بریتی بوو لە ئامادەکاری بۆ سەردانی کاک عومەر باڵەکی و بە سەر کردنەوەی شانە و هەستە حیزبییەکان لە ناوچەکانی شامات و شاروێران. دوای وەرگرتنی سەرنجی هاوڕێیان لە مەڕ هاتن و سەردانی کاک عەمەر بۆ ناوچەکە، پاش ئەوەی بۆم ڕوون بوویەوە کە کاک عومەر لە هێز دابڕاوە و داگەڕاوەتە قووڵایی ناوچە، من وەکوو کەسێک کە باشترین ناسیاویم لە ناوچە و خەڵکەکە هەبوو بە دڵخواز ئەرکی بە دواداچوونی ناوبراوم وەخۆ گرت و سەرەڕای پڕ مەترسی بوونی مەئموورییەتەکە بە باشم زانی هاوڕێیانی دیکە هەر لە شوێنی خۆیان بمێننەوە.



بەیانی ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕ ڕەخت و تفەنگەکەی خۆم لێ کردەوە و لە باتی ئەو دەمانچە و بێسیمێکم دەگەڵ خۆم هێنا، دەبوو بەر لە هەموو شتێک چۆمێک کە پاشماوەی ئاوی سەدی وسووکەندی پێدا دێ و ناوچەی شاروێران دەکا بە دوو بەش و ئاوەکەی دەڕژێتە شامی شاروێران، ببڕم و لە بەری گوێکتەپەوە بچمە بچمە بەری قەرەخان و لەوێوەش بچمە نێو گوندی قەرەخان. پاش پەڕینەوەم و هاتنە ڕۆخی دێی قەرەخان بە درێژایی چۆمەکەدا بەرەو گوند بوومەوە، هاوکات کەسێک بە مەودایەکی سەد میتری کە لە بەرامبەر شوێنی پەڕینەوەکەی من سەوزیخانەیان هەبوو لەسەر جادەی ئەسلی گوندەوە شەنە لە سەر شان بە پاراستنی ئەم مەودا سەد مەترییەوە هاتەوە نێو گوند و تەقریبەن بە یەکەوە چووینە نێو ئاوایی، لە ماوەیەکی کورتی چەند خولەکیدا ناوبراو پێ و شوێنی من دەدا بە هێزێکی گەڕۆکی ڕێژیم کە شیمانەی بوونی پێشمەرگەیان لەم دەوەرە کردبوو.

هەر لە حەوشەی ئەم ماڵەی چوبووم، دوای چەند دەقەیەک ئەم تیمە گەڕۆکەی ڕێژیم هەڵی کوتایە سەرم و بە هۆی گیرکردنی دەمانچەکەم و دەرنەکردنی گوللە لە دوای دووجار غافلگیر کردنیان بە برینداری کەوتمە دەستیان. پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بە مەبەستی درکاندنی شوێنی هاوڕێیانم و کاک عومەر، بەڵام سەرم لێ شێواندن و بە هەڵەم بردن و بەمجۆرە هەموو هەوڵەکانیان بێ ئاکام مایەوە. سەرەڕای قورسیی برینەکەم و نەبوونی ئاسۆیەکی ڕووناک بۆ ژیانم خۆم بە بەختەوەر دەزانی کە نەبوومە هۆی خەساری خەڵک و خاکەکەم...

دوای دەستبەسەر کرانم گواسترامەوە بۆ پادگانی ئەلمێهدی لە نزیک دەریای ورمێ و بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژان لەوێ ڕاگیرام، لەم ماوەیەدا نەک هەر برینەکەیان بۆ دەرمان نەکردم، بەڵکوو لە شوێنێکی زۆر ناخاوێن و پیس و پۆخڵ بە نەشیاوترین شێوە ڕاگیرام و تەنیا خوێنی دەڵەمەبووی لاقم ببووە هۆکارێک بۆ ڕاوەستانی خوێنڕێژیی لەشم و بەرگری دەکرد لە مەرگم. پاش ئەم ماوەیە هێنایانمەوە بۆ ئیتلاعاتی مهاباد. ماوەی مانگێکیش لە هێنانەوەم بۆ مهاباد تێ پەڕیبوو کە بردیانم بۆ نەخۆشخانە و دوای ئەم دوو مانگ و نیوە هەموو دەرمانەکە بوو تا بە پلاتین وە گێچ تێ گرتنی لاقم. پش سێ مانگ لاقم ڕەش بوو، بە ناچار لە ماوەی حەوتوویەکدا دوو جار بڕدرایەوە، هەر لەم ماوەیەدا کە گێچیان بۆ دە لاق گرتبووم، بردیانم بۆ دادگا و لە ماوەی ١٠ خولەکدا حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندم.

بۆ ماوەی ٩ساڵ لە زیندانەکانی مەهاباد و ورمێ و تاران مامەوە، بەڵام زیاتر لە هەمووان لە زیندانی مهاباد ڕاگیرام. لەم ماوەیەدا شاهیدی زۆر ڕووداوی خۆش و ناخۆش بووم، بۆ وێنە چەندین جار تا لێواری لە سێدارەدانیان بردووم و پێیان ڕاگەیاندووم کە بەیانی حوکمەکەت جێبەجێ دەکرێ و هەرجار بە هۆکارێک بەڕێوە نەچووە، لەوە ناخۆشتر شاهید بوونم لە ئێعدامکرانی ١١ کەس لە ناسیاران و هاوڕێیانی خۆم بووە کە لە نیزیکەوە لە زیندانیش و لە دەورانی پێشمەرگایەتیشدا بە یەکەوە بووین.

ئازارە جەستەییەکانی زیندان لەلایەک، بەڵام ئازە ڕوحییەکان شتێکی دیکەن کە یەک لەوان فشارە یەک لە دووی یەکەکانیان بۆ ڕاکێشانی بنەماڵەکەم بۆ کاروباری دزێوی سیخوڕی و خیانەت بوو. بە دەیان جار ویستوویانە کە من یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەم وەکوو سیخوڕ بنێرمە نێو ڕیزەکانی حیزب، بۆ ئەوەش نە تەماحوەبەرنان و نە گوشار و هەڕەشە و گوڕەشەکانیان دادی نەدان.

چەند ساڵێک پاش گیرانم، بە هەوڵ و ماندووبوونی کۆمەڵێک کەس، لەوانە هاوسەری ئەمەگناسم مریەم پارسا، کۆمەڵێک لە ئەندامانی فراکسیۆنی کوردی مەجلکیسی شۆڕای ئیسلامیی ئەوکات، بە تایبەت بەڕێز موهەندیس ئەدەب، و بە هاوکاری و پشتیوانیی کۆمەڵێک لە دۆستان و دڵسۆزانی دیکە کە ڕەنگە وتنی ناویان ئێستا گونجاو نەبێ، پرۆسەیەکی دوورودرێژی چەند ساڵە خرایە گەڕ بۆ ئەوەی هەر نەبێ حوکمی لە سێدارەدانم بشکێنن و ببێ بە زیندایی هەتاهەتایی. ئەم هەوڵە هەرچەند زۆر درەنگ و دوای چەند ساڵ، بەڵام بە هەوڵ و ماندووبوونی بێ وچانی ئەم بەڕێزانە وەڵامی دایەوە و حوکمەکەم لە ئێعدامەوە بوو بە زیندانی هەتاهەتایی. هەر ئەوە بواری بۆ ڕەخساندم تا بتوانم بیر لە لایەنی دیکە جگە لە شکانی حوکمەکەشم بکەمەوە، بۆیە دواتر داوای وەرگرتنی مەرەخەسییەکی چەند ڕۆژەم کرد، بەڵام بەربەستی سەرەکی دانانی بارمتەیەکی ماڵیی زۆر بوو کە لە توانا و بڕستی تاکەکەسیی مندا نەک نەبوو. لێرەشدا هیممەتی دۆستانی خەباتکار دەفریام هات و بە خۆشییەوە توانیمان بارمتەی دیاریکراو جێبەجێ بکەین و من بۆ ماوەی کاتی لە زیندان بێمە دەرەوە. لەوەدا ئیدی ناکرێ ئاماژە بە ڕۆڵی دەستپێشخەرانەی کاک "حەسەن مەللاک" نەکەم کە زۆر لە خۆ بوردوویانە بەشی زۆری بارمتەکەی وە ئەوستۆ گرت. جاری یەکەم بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ هاتمە دەرەوە و جارێکی دیکەش هەوای ئازادیم بۆ ماوەی کاتیش بووبێ خزاندە سییەکانمەوە.

ئەم سەرکەوتنەی ئێمە بەسەر دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمدا، لە شان و پیلی ئەوان خۆش نەهاتبوو، بۆیە هەر زوو هەوڵەکانیان بۆ زیندوو کردنەوەی حوکمی لە سێدارەدانم خستەوە گەڕ، ئەمجارەیان سکاڵایەکی دیکەیان لێ بەرز کردبوومەوە و دەیانویست تاوانی کوشتنی پاسدارێک لە شەڕێکی ئاوایی خانەگێدا بە سەرمدا بسەپێنن. هەر بۆیە بۆم ڕوون بوویەوە کە ناکرێ زۆر دڵم بەم بارودۆخە خۆش بکەم کە هەر ئانوساتێک دەتوانێ مەترسی لە سێدارەدانم بۆ زیندوو بێتەوە، ماوەیەک بوو ڕاوڕاوێژی خۆم دەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی جێگای متمانەم دەست پێ کردبوو، جاری دووهەمی هاتنە دەرەوەی کاتیم تەنیا ڕۆژ و دانێک بوو، ئەمجارەیان ماوەکە زۆر کورت بوو بۆیە پێمان گونجاو نەبوو تا پلانی دەرباز بوونم بە ئاکام بگەیەنین. بۆیە دیسان چوومەوە زیندان و ماوەیەک ڕاوەستام، بەڵام لەم لاشەوە هەوڵەکانی ئەوان بەبێ پسانەوە بەردەوام بوو و بنەماڵەی کوژراوەکە تینیان هێنابوو.

گەیشتینە ڕۆژی مەبەست کە نەورۆز و بەهاری ساڵی ١٣٨٤ بوو. بە هەر جۆرێک بوو، ماوەی ٥ ڕۆژیان مەرەخەسی دامێ و ئەمجارەیان بەبێ دوودڵی و بە هەماهەنگی پێشووتر دەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی و بە هاوکاریی کاک حوسێن گوڵاوی (وێڕای مریەمی هاوسەرم و ساکاری کوڕم) یەکسەر ڕێگای سنوورمان گرتە بەر و بە هاوکاری و هەماهەنگیی ورد توانیمان بەسەر دێوەزمەی کۆماری ئیسلامیدا زاڵ بین و خۆمان بگەیەنینەوە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات.

هیچ شتێک لە ئازد بوون لە بەندی دووژمن بە چێژتر و خۆشتر نییە، بە تایبەت کاتێک دەبینی ئەم قوربانیدان و لە خۆبوردوویی‌ەی کردووتە، بەرهەمی هەبووە و بۆتە هۆی خۆشەویستیت لە نێو خەڵک و بەرهەم هێنانی دۆستانێک کە لە هەموو بوارێکدا پشتیوان و پشتگیرتن، هاتنەوەم بۆ باشوور وێڕای ئەوەی تەنگ و چەڵەمەی زۆری بوو، بەڵام کاتێک خەندە و شادی هاوڕێیانم لە جێژنی هاتنەوەی ڕیزی شۆڕشدا بینی، بست بست باڵام دەکرد. ئەوەش کە ئەم چەند ساڵە ژیانە سەختە، چەندە کاریگەریی دەروونی هەبووە، حاشای لێ ناکرێ، بەڵام گەورەترین خەساری کەمئەندام بوونم بوو، کە بواری هەڵسوڕانی وەکوو پێشمەرگەیەکی ئەم نیشتمانە لێ ئەستاندبوومەوە، هاوکات پێویستیی بەردەوامم بە چارەسەری پزیشکی هەبوو، بۆیە دوای ٩ساڵ ژیان لە نێو بنکەکانی حیزب بە ناچار ڕێگای هەندەرانم هەڵبژارد و ئێستا لە وڵاتی دانمارک نیشتەجێم.

ئەم وردە ئاوڕدانەوە لە ژیانم، نیشان دەدا کە ژیانم چەندە بە چەرمەسەری ڕاهاتوە و چەندە بە نەهامەتی ئاشنایە، بەڵام ئەوەی ئێستاش و لە ڕابردووشدا و لە ناخۆشترین و ئەستەمترین ڕۆژەکانی ژیانم لە سەرپێی ڕاگرتووم و چۆکی پێ دانەداوم، تروسکەی هیوا و بڕوا بە داهاتووی گەش بووە، ئەم هیوا و بڕوایەش هەر جارەی لە شتێکدا بۆم وێنا بووە، ئەگەر سەردەمانێک تەنیا حیزبەکەم و هاوڕێ پێشمەرگەکانم بوون، ئێستا خەڵک، دۆستان، هاوڕێیان، بنەماڵەکەم و بەتایبەت کچ و کوڕی ژیر و لەبەر دڵانم ساکار و سکاڵاشی لێ زیاد بووە، هیچ ئیغراقم نەکردوە، گەر بڵەم لە یەک چرکەی ژیانی تەژی لە تەنگ و چەڵەمی خۆم پەشیمان نیم و تا سەر بە هەر شێوازێک بۆم بلوێ، ڕێگا و ڕێبازی کوردایەتی هاوڕێیان و ڕێبەرانی شەهیدم ون ناکەم.

***

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (داڕشتنی ستراتیژیی گەورە بۆ خەبات )



و:مەنسوور مروەتی

هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی ناڕازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە "دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن."

لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:

دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخ، هەڵبژاردنی شێواز و دیاری کردنی ڕۆڵی یارمەتییە دەرەکییەکان، داڕێژەرانی ستراتیژیی گەورە دەبێ گەڵاڵەیەکی گشتی لە باشترین شێوازەکان کە بتوانێ خەباتەکە بباتە پێشێ، ئامادە بکەن. ئەم گەڵاڵە بەربڵاوە دەبێ ئێستا و داهاتووی ڕەوتی وەدەست هێنانی ئازادی و ڕێکخراوەکانی سیستمی دێموکراتیک لە خۆ بگرێ.

لە ئامادە کردنی ستراتیژیی گەورەدا پلان‌دانەران پێویستە هەندێ پرسیار لە خۆیان بکەن.

پرسیارەکانی ژێرەوە هەموو ئەو تێبینییانەی کە لە ئامادەکردنی ستراتیژییەکی گەورەدا، بۆ خەباتی سیاسی پێویستن، بەشێوەیەکی ڕوون دەخاتە ڕوو:

بۆچوونی گشتی و تۆکمە لە سەر ئەوەی کە، دیکتاتۆری چۆن کۆتایی پێ بێ و دێموکراسی جێگای بگرێتەوە، چییە؟ خەباتی درێژخایەن چۆن دەکرێ بە باشترین شێوە دەست پێ بکا؟ خەڵکی چەوساوە چۆن دەتوانن متمانە بە خۆ و هێزی پێویست بۆ دەستپێکی خەبات بە دژی دیکتاتۆر لە ئاستێکی دیاریکراودا وەدەست بێنن؟

بە چ شێوەیەک ئاستی کەڵک وەرگرتن لە «هاوکاری نەکردنی دیکتاتۆر و خەباتی سیاسی» هەلومەرجی خەبات بەڵکوو لەسەر شێوازەکانی خەباتیش پێویستییان بە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە.

کاتێک ستراتیژیی گەورە بە وردی داڕێژرا، بەڵگەی ڕوون بۆ ئاشکرا کردنی زۆرە.

زۆرێک لە خەڵک کە بەشداری کردنیان پێویستە، ئەگەر لە هەندێ شتی گشتی تێبگەن، هەر وەکوو هەندێ فەرمانی تایبەت، ڕەنگە بە تامەزرۆیی و توانایی زیاترەوە بەشداری بکەن.

ئەم زانیاری و تێگەیشتنە خۆی لە خۆیدا کاریگەرییەکی باش لە سەر ورە و حەزی ئەوان بۆ بەشداری لە خەبات دادەنێ.

بەهەرحاڵ چوارچێوەی ستراتیژیی گەورە بۆ دیکتاتۆر دەردەکەوێ و زانینی تایبەتمەندییەکانی لەجێدا ئەو بەرەو کەمکردنەوەی بێ‌ڕەحمی لە سەرکوتەکان دەبا، چونکە ئەو لەوە دەگا کە ئەم بێ‌بەزییانە دەتوانن بە شێوەی سیاسی بۆ خۆی بگەڕێنەوە. زانیاری لەسەر لایەنەکانی ستراتیژیی گەورە دەتوانێ لەخۆیدا ببێتە هۆی ناکۆکی لە نێوان هێزەکانی دیکتاتۆر و وازهێنانی لە خزمەت کردن بە ئەو.




بە تێپەڕینی کات و ئەزموون بچێتە سەرێ؟ بۆ کۆنترۆڵ کردنی دێموکراتیکی کۆمەڵگە و بەرتەسک کردنەوەی دیکتاتۆری، ئامانج لە هەندێ بەشی دیاریکراو لە خەبات چییە؟ ئایا هەندێ ڕێکخراوی سەربەخۆ ماون کە دیکتاتور زەفەری پێ نەبردبێتن و بکرێ بۆ وەدەست هێنانی ئازادی کەڵکیان لێ وەربگیرێ؟ یان کام لە ڕێکخراوەکان دەبێ دیسان بە دەستی دێموکراتەکان دابمەزرێن بۆ وڵامدانەوە بە خواستەکانیان، تەنانەت ئەگەر دیکتاتۆرییش هەر بمێنێ؟ هێزی ڕێکخستن بە چ شێوەیەک دەتوانێ پەرە بستێنێ؟ بەشداران چۆن پەروەردە بکرێن؟ ئەو سەرچاوانەی (دارایی و کەرەستە و ...) کە لە خەباتدا پێویستن کامانەن؟ ئەو هێما و سیمبۆلانەی کە دەتوانن بە باشترین شێوە هەموو چین و توێژەکان ڕێک بخەن کامانەن؟ لە چ ڕێگایەکەوە و لە چەند قۆناغدا دەکرێ سەرچاوەکانی هێزی دیکتاتۆر لاواز بکرێ و لە کۆتاییدا لە بەین بچن؟ خەڵکی خەباتکار چۆن دەتوانن درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن و هاوکاتیش پرەنسیپەکانی خەباتی ناتوندوتیژ بپارێزن؟ چۆن دەکرێ لە کاتی ململانێدا نەزمی کۆمەڵگە تێک نەدرێ؟ لەبەرەبەری سەرکەوتندا، خەباتگێڕان چۆن دەتوانن درێژە بە دروست کردنی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگای پاش دیکتاتۆری بدەن تا بەڵکوو بتوانن زەمینە بۆ ئاڵوگۆڕ هەرچی زیاتر خۆش بکەن؟

دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە بەرنامەیەکی کاریی یەکدەست بوونی نییە و ناشتوانێ هەبێ، کە بەپێی ئەوە بکرێ بۆ هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکان ستراتیژییەکی گەورە ئامادە بکرێ. هەموو خەباتێک بۆ بەچۆکدا هێنانی دیکتاتۆر و دانانی سیستەمێکی دێموکرات، هەندێ جیاوازیی لەگەڵ خەباتەکانی دیکە هەیە. هیچ کام لە بارودۆخەکان بە تەواوی وەکوو یەک نین. هەموو دیکتاتۆرێک هەندێ تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی هەیە و توانایی ئازادیخوازیی خەڵک لەگەڵ یەکتر جیاوازییان هەیە. پلان‌دانەرانی ستراتیژیی گەورە بۆ خەباتی سیاسی، نە تەنیا لەسەر

کاتێک کە بەرنامەیەکی ستراتیژیک بۆ بەچۆکدا هێنانی دیکتاتۆر و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک داڕێژرا، بۆ لایەنگرانی دێموکراسی گرینگ ئەوەیە کە لەسەر جێبەجێ کردنەکەی پێداگری بکەن. تەنیا لە هەندێ بارودۆخی زۆر کەم‌وێنە، ڕێڕەوی خەبات دەکرێ ڕێگای خۆی لە ستراتیژیی گەورە جیا بکاتەوە. ئەویش کاتێک کە پلان‌دانەران بەڵگەی زۆریان لە بەردەستدا بێ کە ئەو ستراتیژییە گەورەیەی کە هەڵیان‌بژاردوە هەڵە بووە، یان کاتێ کە هەلومەرجی خەبات بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێ، لەوانەیە پێویست بە ئاڵوگۆڕ لە ستراتیژیی گەورەدا هەبێ. تەنانەت ئەوکاتەش، ئەم کارە دەبێ دوای هەڵسەنگاندنی دوبارە جێبەجێ بکرێ.

### پلاندانانی ستراتیژیی خەبات

ستراتیژییەکی گەورە بۆ کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆری و دامەزرانی دێموکراسییەکی گەشەسەندوو بەهەر ئەندازەش کە ژیرانە و هیوابەخش بێ، هەروا لە خۆیەوە جێبەجێ نابێ. دەبێ کۆمەڵێک ستراتیژیی تایبەت سەرپەرستیی زنجیرە عەمەلیاتێکی خەباتکارانە بکەن بە مەبەستی لاواز کردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆر. ئەم ستراتیژییانە پێکەوە زنجیرەیەک چالاکیی تاکتیکی دەبەنە پێشێ، کە مەبەستیان لێدانی گورزی جەرگبڕ لە دیکتاتۆرە. تاکتیکەکان دەبێ بە وردی هەڵبژێردرێن تا بتوانن لە گەیشتن بە ئامانجەکانی ستراتیژیدا بەشداری بکەن. باسەکە لێرەدا تەنیا لە ئاستی ستراتیژیدا چڕ دەبێتەوە.

ئەو ستراتیژیستانەی کە پلان بۆ زنجیرەیەک تێکۆشان دادەنێن، وەکوو ئەوانەی پلانی ستراتیژیی گەورە دادەنێن، پێویستیان بە تێگەیشتنێکی تەواو لە سروشت و شێوەکانی تکنیکەکانی خەبات هەیە. ڕێک وەکوو ئەو فەرماندە سەربازییانەی کە دەبێ چوارچێوە و تاکتیکەکان و شێوازی هێرش بردن و کاریگەریی جوغرافیا بۆ ستراتیژییەکی سەربازی لە بەرچاو دەگرن، پلاندانەرانی خەباتی سیاسییش دەبێ بە تەواوی ئاگایان لە سروشت و بنەماکانی ستراتیژیی خەباتی ناتوندوتیژ هەبێ. هەڵبەت ئەگەر زانیاریی تەواویش لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ هەبێ و ڕاسپاردەکانی ئەم کتێبەش بە تەواوی لە بەرچاو بگری، ستراتیژییەکان هەروا لە خۆوە جێبەجێ نابن بەڵکوو ئامادە کردنی ستراتیژییەکانی خەبات پێویستیان بە هێزی داهێنانی پەروەدەکراو هەیە.

لە پلاندانانی ستراتیژی بۆ زنجیرەیەک تێکۆشانی تایبەت و بۆ گەشەپێدانی درێژخایەنی خەباتی ئازادیخوازانە، ستراتیژیستەکانی خەباتی سیاسی پێویستە بیر لە هەندێ بابەت و کێشەی زۆر بکەنەوە. وەکوو:

* دیاری کردنی ئامانجە تایبەتەکانی زنجیرەیەک خەبات و بەشی هەرکام لەوانە لە پێشخستنی ستراتیژیی گەورەدا.

* سەرنجدان بە شێوازە تایبەتەکان، یان ئەو کارتە سیاسییانەی کە دەتوانن بە باشترین شێوە بۆ پێشخستنی ستراتیژییەکە کەڵکیان لێ وەربگیردرێ. لە هەناوی هەر نەخشەیەکی گەورەدا بۆ هەندێ تێکۆشانی تایبەتی، پێویستە بیزانین کە لە چ نەخشەیەکی چکۆلەتر و تاکتیکی و چ شێوازێک کەڵک وەربگرین کە فشار بخەینە سەر سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و بەرتەسک بکرێنەوە. دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە گەیشتن بە ئامانجە گەورەکان، ئاکامی هەڵبژاردنی ورد و هەڵگرتنی هەنگاوە چکۆلەکانە.

* دیاری کردنی ئەوەی کە ئایا بابەتە ئابوورییەکان دەبێ لەگەڵ خەباتی سیاسی پێوەند بدرێن؟ ئەگەر وایە بە چ شێوەیەک؟ ئەگەر کێشە ئابوورییەکان لە خەباتدا گرینگن، دەبێ بیر لەوەش بکرێتەوە کە ناڕەزایەتییە ئابوورییەکان دوای کۆتایی هاتنی دیکتاتۆری چاک بکرێن. ئەگەر ئەوە نەکرێ، و ئەگەر ڕێگاچارە خێراکان لە دەورانی تێپەڕین بۆ دێموکراسی ئامادە نەبن، ناڕەزایەتی و بێ مەیلییەکان دەست پێ دەکەن. ئەم ناڕەزایەتییانە دەتوانن دیسان ببنە ڕێگەخۆشکەری سەرهەڵدانی هێزەکانی دیکتاتۆری کە بۆ خۆیان بەڵێنی کۆتایی هاتنی کێشەکانیان دەدا.

* پێشەکی دیاری کردنی ئەوەی کە چ جۆرە ڕێبەرێک و چ جۆرە سیستمێکی پێوەندی بۆ دەستپێکی خەبات لە هەمووان زیاتر کاری پێ دەکرێ. کامانە شێوازی بڕیاردان و پێوەندی گرتن لە ڕەوتی خەباتدا لە بەردەستە بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵک؟

* گواستنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش بۆ خەڵک و هێزەکانی دیکتاتۆر و میدیا جیهانیەکان. هەڵبەتە زانیاری و ڕاپۆرتەکان هەمیشە دەبێ ڕاست بن. گەورە کردنەوە و ئیددیعای بێ بنەما، لە ئیعتباری شۆڕشگێڕان کەم دەکاتەوە.

* هەندێ بەرنامەی بەسوودی کۆمەڵایەتی، فێرکاری، ئابووری و سیاسی بە مەبەستی وڵامدانەوە بە خواستەکانی خەڵک لە ڕەوتی خەباتدا. ئەم پرۆژانە دەکرێ تەنانەت لە لایەن کەسانێکەوە بەڕێوە بچن کە ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش نین.

* دیاری کردنی ئەوەی کە چ جۆرە یارمەتییەکی دەرەکی بۆ پشتیوانی لە بەشێک یا هەموو بەشەکانی شۆڕش پێویستن. یارمەتیی دەرەکی چۆن دەتوانێ بە باشترین شێوە ئامادە بکرێ و کەڵکی لێ وەربگیرێ بەبێ ئەوەی خەباتی ناوخۆ بە لایەنە دەرەکییەکان ببەسترێتەوە. دەبێ سەرنج بەوە بدرێ کە کام گرووپی بیانی بۆ یارمەتیی باشتر و لەبارترن. بۆ وێنە ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان، دەوڵەتان، یان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و بەشە جۆراوجۆرەکانی.

جگە لەوە پلاندانەرانی شۆڕش دەبێ لە ماوەی شۆڕشی خەڵک بە دژی دیکتاتۆریدا، بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە بشێوی و پابەندییەکانی خەڵک، هەندێ ئەرک بە هێزەکانی خۆیان بسپێرن. ئەم بابەتە نەتەنیا دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆرێکی تازە لە پێکهاتەیەکی سەربەخۆی دێموکراتیک و لەم ڕێگایەوە یارمەتیی ئامانجە سەرەکییەکان دەکا بەڵکوو هاوکات هەرچەشنە ئیددیعایەک کە پێی وابێ بۆ نەهێشتنی ناقانوونی و بشێوی دەبێ کەڵک لە سەرکوتی بێ بەزەییانە وەربگیرێ، لە بەین دەبا.

***

هەڵبەی شاخ و شۆڕش



## کوڕ و باوک لە ڕیزی کاروانێکدا

## محەممەد کڵاوڕەش



برایم چووکەڵی

مێژووی خەبات و بەربەرەکانی ڕۆڵەکانی کورد لەدژی داگیرکەرانی کوردستان لێوان لێوە لە فیداکاری و قوربانی‌دان و خۆراگری و سەربەرزی. بە درێژایی مێژووی نەتەوەکەمان ئەو تیکۆشان و بەربەرەکانییە بەردەوام بووە و لە درێژەی ئەو خەباتەدا زۆر پیلان لە لایەن دووژمنانەوە بۆ خاشەبڕکردنی جووڵانەوە لەئارا دابووە، کە لەلایەن تێکۆشەرانی گەلەوە پوچەڵ کراونەتەوە. دوژمنان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان و قەلاچۆکردنی نەتەوەکەمان بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە هاتونەتە گۆڕەپانی ئەو بەربەرەکانییە و، بۆ لە نێوبردن و لاوازکردن و دامرکاندنەوەی ئەو خەباتە بەرحەقەی نەتەوەکەمان لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە سڵیان نەکردووە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕۆژانی یەکەمی دەسەڵاتیدا بە فەرمانی جیهادی خومەینی هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد. ڕۆڵەکانی ئەو گەلە لە ئاست کوشتن و قەلاچۆکردنی نەتەوەکەیان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، زۆر ئازایانە وەستانەوە و پۆل پۆل چەکی دیفاعیان لە وڵات لە شان کرد و هەر لەو پێناوەش‌دا بە هەزاران لاوی خوێنگەرم گیانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد کە محەممەد عەزیزی ناسراو بە محەممەد کڵاوڕەش یەکێک لەو قارەمانانە بوو کە بە خوێنی خۆی لاپەڕەیەکی زێڕینی لەو مێژووە شکۆدارە بۆ خۆی تەرخان کرد.

شەهید محەممەد عەزیزی ناسراو بە محەممەد کڵاوڕەش ساڵی ١٣٠٩ لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە گوندی ماوانەی ناوچەی مەرگەوەڕ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیا هەڵێنا. لەدایک بوونی محەممەد کەشێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستیی لە بنەماڵەکەی‌دا پێکهێنا. محەممەد بەداخەوە نەیتوانی بچێتە قوتابخانە و هەر کە دەستی چەپ و ڕاستی خۆی ناسی، ڕووی لە گۆڕەپانی دەست وپەنجە نەرم کردن لەگەڵ ژیانی نەداری کرد، تاکوو بتوانێ لەم ڕێگەیەوە ژیانێکی سەربەرزانە و باشتر بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا.

شەهید محەممەد کڵاوڕەش دوای ئەوەی خەباتی پڕشکۆی چەکدرانەی ساڵی ١٣٤٦ و ٤٧ ڕوو لە کشانەوە بوو ڕووی کردە کوردستانی عێراق و لە شاری دیانا (سۆران) گیرسایەوە و ماوەیەکیش پێشمەرگە بوو. بە دەست پێ کردنی خۆپێشاندانەکان لە ساڵی ١٣٥٦ لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی گەڕاوە گوندی هێشماوا، وەک هەموو خەڵکی دیکە لە ساڵی ٥٧ بەشداریی خۆپێشاندانی کرد. بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، محەممەد کڵاورەش ڕێگای ڕزگاری لەو ژیانە پڕ چەرمەسەرییە و گەیشتن بە ئازادیی لە ئامانج و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا دیتەوە، بۆیە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی چەکی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتی حیزبی دێموکراتی لە هێزی نحۆی ئەو کات لە شان کرد و بەمجۆرە قوناغێکی نوێ لە ژیانی محەممەد کڵاوڕەش  دەستی پێ کرد. هەر بە هۆی هەڵسووڕان و تێکۆشانی بەردەوامی لە ماوەیەکی کورت‌دا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی، وەک پێشمەرگەیەکی ڕوح‌سووک و ئازا و نەترس و خاوەن بیروباوەڕ لەنێو هاوسەنگەرانی‌دا ناوبانگی دەرکرد. ناوبراو بڕوای خۆی بە ڕێبازی پیرۆزی حیزبەکەی هەر لە یەکەم چالاکیی پێشمەرگانەی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانی لە ناوچەی مەرگەوەڕ نیشان دا.

شەهید محەممەد کڵاوڕەش لەگەڵ ئەوەدا پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس و زەبروەشێن بوو، بڕوایەکی قووڵیشی بە ئامانجی گەلەکەی بوو، بەهۆی لێهاتوویی و کارزانی بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری وەئەستۆ گرت ولە زۆر بواردا تێکۆشا، لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی خۆیدا لە زۆر عەمەلیاتی سەرکەوتووانە بەشداریی کرد. ناوبراو کوڕێکی ئازا و هەڵسووڕ بوو، بۆ هەر مەئموورییەتێکی حیزبی کە پێیان دەسپارد سەر لە پێناو بو، بێ سێ‌ودوو لێکردن بە ئەنجامی دەگەیاند. کوڕێکی هەڵسووڕ و ماندوونەناس بوو. بۆ ڕوون‌کردنەوەی خەڵک لە هەر دەرفەتێک کەڵکی وەردەگرت و قسەی بۆ دەکردن و سیاسەتەکانی حیزبی بۆ شی دەکردنەوە.

شەهید محەممەد بە ئازایەتی و توانایی و لێهاتوویی لە هێزی نحۆ وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. ئەو لەو مەسئولییەتەش‌دا نیشانی دا کە هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی زەبری‌دا زەبوونن. سەرکەوتوویی ئەو لە فەرماندەیی‌دا ناوبانگی ئەو لکەی گەیاندە لای هەموو خەڵکی شومالی کوردستان. زۆربەی ڕۆژەکان عەمەلیاتی دژی هێزەکانی ڕێژیم بەڕێوە دەبرد.

شەهید محەممەد لە دژوارترین قۆناغی خەبات‌دا لەگەل پێشمەرگە ژیا. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر کاری دەکرد و زیاتر لە ئەندازە خۆی ماندوو دەکرد. هەست بە مەسئولییەت و تێکۆشان بۆ فێربوون و هەوڵدان بۆ خەبات دژی ڕێژیمی ئاخوندی و بەڕێوەبردنی چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتووانە، بەشێکی بەرچاو لە ژیانی محەممەد کڵاورەش بوون. ئەو بە تەواو مانا پێشمەرگە و فەرماندەیەکی بوێر و ئازا و قارەمان، پارتیزانێکی هەڵسووڕ و کوڕی ڕۆژی تەنگانە بوو. لە زۆربەی شەڕەکانی ئەوکاتی ناوچەی مەرگەوەڕدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. چەندین عەمەلیاتی قارەمانانەی لەو ناوچەیە و دەوروبەری بەڕێوە برد و ئەو مەڵبەندەی لە دوژمنان کردە گۆڕستان و بەهەر هێرشێک زراوی دوژمنی دەتۆقاند و بە چۆکی دادێنان. لە مەڵبەندی شیماڵ هەمیشە ستوونە تیکشکاوەکانی دوژمن وەک نیشانەی ئازایەتیی پێشمەرگە لەسەر جادەکان بەجێ دەمان، دوژمن ئەگەر بە هێزی پیادە نەیدەتوانی شەر لەگەڵ پێشمەرگە بکا پەنای بۆ هێزی هەوایی دەبرد و لە چەندین شاری دیکەڕا هیزی بۆ کوردستان ڕەوانە دەکرد، محەممەد کڵاورەش لەبەرامبەر ئەویش‌دا ڕادەوەستا. ئەو لە مەرگەوەڕ چەندین داستانی خۆڕاگریی بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد و لەو پێناو ئامانجەکانی نەتەوەکەی‌دا کوڕێکی بە ناوی سولیمان عەزیزی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

بە داخەوە دواجار ڕۆژی ١٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٠ شەهید محەممەد عەزیزی ناسراو بە محەممەد کڵاوڕەش لە شەڕێکی گەورە و حەماسەخوڵقێنییەکی دیکەدا لەگەڵ جاش و پاسدار و هێزەکانی کۆنەپەرەستی لە گوندی «قاوێر» لە ناوچەی مەرگەوەر گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

ناو و یادی بەڕێز...

کوردستان
ژمارە: ٧٨٦
٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ _ ٢٠ی نوامبری ٢٠٢٠

# کورد لە داهاتووی ئێراندا



سەلاح ئیبراهیمی

بۆ ئێمەی کورد زۆر گرینگە بزانین لە ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە ئێران، کورد چیی لێ بە سەر دێ، یا چ چاوەڕوانییەکی دەتوانێ هەبێ و چیی بۆ دەستەبەر دەکرێ. ئایا هاتنە سەر کاری هەر شێوە حکومەتێکی نوێ، بە مانای گەیشتنی کورد بە مافەکانی دەبێ؟

داهاتووی کورد لە ئێران، وەک هەودایەکی ئاڵۆز بەستراوەتە بە دەیان فاکتوری جیاواز کە بەشێکی سەرەکیی ئەو فاکتۆرانە پێویستە یەک بە یەک لێکدانەوەیان بۆ بکرێ.

### فارسەکان

بەپێی ئەزموونی مێژوویی، نەتەوەی فارس بە درێژایی بەشی زۆری سەدەی بیستەم و هەتا ئێستا، لەسەر مانەوەی هەموو ئێران بە ناوەندێتیی خۆی سوورە و هەر شێویەکی دی لە سیستمی دەسەڵات بۆوان هێڵی سوورە. ئەگەرچی لە کاتی بێهێزیدا دانوستان و قسەش لەسەر شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات دەکەن، بەڵام ڕوانگەی فارس مانەوەی جوغرافیای ئێستای وڵاتە بە ناوەندێتیی خۆیان و فەرق ناکا دەسەڵاتی ناوەند ئیسلامی بێ، پاشایەتی بێ، یان حکوومەتێکی سێکولار.

فارسەکان دەڵێن ئێران ئی هەمووانە، شتێک کە بە درێژایی بەشی زۆری مێژووی ئێران وا نەبووە و نەتەوەی فارس دەسەڵاتداری یەکەم بووە و زۆرترین بەشی هەموو داهاتە ئابوورییەکان و دەسەڵاتە سیاسییەکان بە دەست ئەوان بووە و هەیە. ولانانی سیستمی مەرکەزی بۆ هەر سیستیمێکی دی وێڕای ویستی دێموکراسیخوازنە، پێویستیی بە کولتووری لامەرکەزیش لەنێو خەڵک و حکوومەتدا هەیە کە ئەمە بۆ فارسەکان بە ئاسانی هەرس ناکرێ.

### نەتەوەی ئازەری

نەتەوەی ئازەری بەهۆی سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئێمەی کورد دوای نەتەوەی فارس ڕۆڵێکی گرینگی لە سەقامگیری و ئەمنیەتی نەتەوەیی ئێمەی کورددا هەیە. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا ئەوان لەگەڵ ئێمە هاوسنوورن و زۆر شوێن و ناوچەش کە ئێمە بە کۆتایی خاکی کوردستانی دەزانین، ئەوان ئیدیعای خاوەنێتیی دەکەن. ڕووداوەکانی ناوچە، بە تایبەت عێڕاق و ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغداش پێمان دەڵێن کە بە تەنیا ناسنامەی مێژوویی ناکرێ وەک کارتێکی بەهێز و براوە بۆ یەکلاکردنی هاوکێشەکان بەکار بێت و ئەمری واقعەکان شتی دیکە دەخوازن.

زێدەخوازیی ئازەرییەکان لە ئێستادا و، مێژووی دەسکیسیی ئازەرییەکان لە شەڕی کوردستان دوای شۆڕشی ٥٧ و، هاوسۆزیی ئازەرییەکان بۆ داگیرکاریی تورکیە لە ڕۆژئاوای کوردستان و شەپۆلی دژی کوردی کە لە بۆنەی جۆراوجۆری وەرزشی و هتدا دەردەکەون؛ هەڵگری پەیامێکن: ئەوەی ڕوو دەدا هەستێکی نەتەوەیی فاشیستییە کە بەرەوڕووی پرسی کورد بۆتەوە و کورد دەبێ بە ژیری و واقعبینییەوە بیبینێ و سیاسەتی لەگەڵ بکا.

### نەتەوەکانی دیکەی ئێران

نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران جیا لە کوردەکان کە مێژوویەکی درێژی خەباتی شوناسخوازییان لە ئێراندا هەیە، ویست و داوایان هەتا ئێستاش پتر لەسەر تەوەری ئابووری و هیندێک مافی مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئایینییە. کورد هەر بە دوای ڕێفراندۆمی "جمهوری اسلامی"دا بە تەنیا ماوە، ڕەگەڵ کەوتنی نەتەوەکانی دیکەش ئەگەر لە سەرەتادا هۆکارەکەی سیاسەتی فریوی دوای شۆڕش بوو، دواتر هۆکاری مەزهەبی شیعە بووە کە یارمەتیی مانەوەی ڕێژیمی لە دەسەڵاتدا کردوە.

کورد دەبێ هەم پێشوازی لە خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەکانی دیکە بکا و هەم دەبێ لەگەڵیان بکەوێتە کاری هاوبەشی سیاسی.

### وڵاتانی دراوسێ و فاکتەری بیانی

ڕوون و ئاشکرایە نە ئێران، نە عێڕاق، نە تورکیە و سووریە هیچیان چاویان بەرایی دیتنێک وڵاتێک بە ناوی "کوردستان" نادا. ئەزموونە مێژووییەکان پێمان دەڵێن کە ئەوان لە ئەستەمترین کاتەکاندا کە دژی یەکن، بەڵام لەسەر پرسی کورد لەگەڵ یەکتریدا هاوئامانج و هاوپلان و پیلانن.

وڵاتانی دیکەی ناوچە و زلهێزەکانیش هەتا ئێستا ڕوویان لە حکوومەتە ناوەندییەکان بووە، جا ئەم حکوومەتانە دیکتاتۆر بن، سێکۆلار یان مەزهەبی بوون. هەتا ئێستاش ئەمریکا هەوڵ دەدا لەگەڵ ئێران ڕێککەوتنی هەبێ و ئورووپاش کە بە ئاشکرا بۆ ئێران و برجام دەپارێنەوە. چین و ڕووسیەش وەک دوو زلهێزی جیهانی کە پتر بەرژەوەندیی ئابوورییان بۆ گرینگە، پشتی ئێرانیان چۆڵ نەکردوە. بە دەربڕینێکی دی هەموو وڵاتان لەگەڵ مانەوە و سەقامگیری جوغرافیای سیاسیی ئێراندا کۆکن. ئەمە هەر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نییە، لە ناوەندی دێموکراسیی ڕۆژئاواشدا کەس وەڵامی مافخوازیی کاتالۆنەکان بۆ وڵاتی سەربەخۆی خۆیانی نەدایەوە. چونکی زۆربەی وڵاتان کە بەرژەوەندیی خۆیان لەسەر بنەمای ئەم واقعە سیاسییانە داڕشتووە، گۆڕینی جوغرافیای سیاسی بە مەترسی بۆ سەر ئەمنیەتی نەتەوەیی خۆیان دەزانن و لە نێوان ئەمنیەتی نەتەوەیی و پارێزگاری لە بەهاک مرۆییەکان و دێموکراسیدا، ئەمنیەتی نەتەوەیی و بازرگانیی خۆیان پێ لەپێشترە.

ئاکامی سەرەتایی لەو باسە ئەمەیە کە کورد ناتوانێ وا بە ئاسانی چاوی لە پشتیوانیی دەرەکی بێ، مەگەر ئەوەی وەها بەرژەوەندییەک بۆ ئەو وڵاتانە دروست بێ کە هاوکێشەکە لە بەرژەوەندیی کورد بشێکتەوە.

### دۆخی نێومالی کورد

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی زۆری هەن. ئەم حیزبانە هەم ڕابردووی کاری هاوبەش و هەم ڕابردووی گرژی و ئاڵۆزی و تەنانەت لێکدانیان لەگەڵ یەکتر بووە. لە ڕوانینێکی گشتیدا ئەگەر لەلایەک فاکتەری دەرەکی لە بەرژەوەندیی کورد نەبووە و لەلایەکی دیکەش ئەگەر بەهۆی باڵادەستیی هێزی ناوەند بزووتنەوەی کورد بەردەوام شاڵاوی سەرکوتی لەسەر بووە؛ کورد بۆخۆیشی نێومالێکی تۆکمە و ڕێکخراوی نەبووە.

ئەگەرچی لە ئێستادا گرژییەکان کەمتر و هەوڵەکان بۆ لێکنیزیکیی حیزبەکان لە جاران زیاترن، بەڵام بەوحاڵەش هەتا گەیشتن بە خاڵی مەبەست مەودا زۆرە. دوو ڕەوتی سیاسیی شوێندانەر و خاوەنمێژووی خەباتی سیاسی لە کوردستانی ئێران تووشی دابڕانی ڕیزەکانیان هاتوون و هێزی سیاسی و ئەکتەری دیکەش لە شانۆکە دەرکەوتوون. بۆیە ئەگەرچی هەندێ فۆڕمی وەک "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" بۆ کاری مەیدانی و هاوبەش و نیزیککردنەوەی گوتاری سیاسی بەجێیە، بەڵام ئەمە دەکرێ تەنیا خاڵی دەسپێک و سەرەتای کارە گەورەکە بێ.

### ستراتیژی و تاکتیک

ستراتیژیی خەبات بو کیانیکی سەربەخۆ، وەک دەوڵەت و وڵاتیکی کورد لە بەشێکی کوردستان، یا چوار دەوڵەتی جیاواز وەک ستراتیژیی گشتیی کورد لەجێدا نەک ماف، بەڵکوو زەروورەتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردە. کورد مافی خۆیەتی هەموو ئامرازێکی خەبات بۆ چارەسەری پرسەکەی دەکار بکا و هەموو مێتۆدێک بۆ بردنەپێشیی بزووتنەوە سیاسی و نەتەوەییەکەی بگرێتە بەر کە لە سەدەی ڕابردوودا دیارترینی ئەم مێتۆدە خەبات و بەرگریی چەکداری بووە.

پرسیاری جەوهەری لەو پێوەندییەدا ئەمەیە کە گەلۆ، ئاخۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە چاوی ڕەخنەگرانەوە بە مێژووی تێکۆشان و سیاسەت و هەڵوێستی خۆیاندا دەچنەوە بۆوەی ڕێکاری بنیاتنەرانە بگرنە بەر و پرسی کورد لە ئەنجام و ئاکامێکی بەرهەست نیزیک کەنەوە؟ ئەم ڕوانگەی ڕەخنەگرانەیە دەروازیەکی تر بۆ ڕوانگە و سیاسەتی نوێ بەڕووی بزووتنەوەی کورددا دەکاتەوە.

### شەڕ و وتووێژ

کورد ئەگەرچی هەمیشە شەڕی بەسەردا سەپاوە، بەڵام بەردەوام هەوڵی داوە پرسی سیاسی و نەتەوەیی خۆی لە ڕێگەی دیالۆگ و هاوبەشییەوە چارەسەر بکا. لە پێوەندی لەگەڵ شەڕدا، شەڕی هێزەکانی کورد پتر لە خانەی بەرگریدا جێدەگرن، چونکی نە هێزی مرۆیی و نە توانای لۆجستیکیی شەڕ لە نێوان کورد و حکوومەتی ناوەندیدا بە یەک بەراورد نەکراون و ناکرێن.

سروشتییە کە ڕێژیمی تاران بەپێی ئەقڵییەتی سیاسی و ئیدۆلۆژیکیی خۆی لە بەهێزیی سەربازیی خۆیدا ئامادە نابێ مل بۆ مافی کورد و وتووێژ ڕاکێشێ، مەگەر ئەوەی جەبرێک و زەبرێک لەگۆڕیدا بێ. ئەم جەبر و زەبرەش هەم دەتوانێ چوونەسەریی توانای نیزامی و بەرهەڵستکاریی چەکداریی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بێ، هەم دەتوانێ گوشاری مافخوازی و خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی کوردستان بێ کە ڕێژیم ناچار بە پاشەکشە و هاتنە سەر مێزی وتووێژ بکا. بۆ دەستەبەری دەسکەوت لە وتووێژیشدا هاودەنگی و یەکگوتاریی هێزە سیاسییەکانی کورد پێویستیی ژیانەکی و پێش هەموو شتێکە.

### ئابووریی کوردستان

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی نیزامی ناوەندگەرای ئێرانەوە لەباری وەبەرهێنان، ماڵی و بانکییەوە بەستراوەتەوە بە سیستمی ماڵی و بانکیی ناوەندەوە. واتە لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکدا لە ئێرانی پاش کوماری ئیسلامییشدا، کوردستان دیسان بەستراوەتەوە بەو سیستمە تێک ڕووخاوە و بودجەی ئۆرگان و بەڕێوەبەرایەتییە ئیدارییە جۆراوجۆرەکان لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە دەدرێ. ئەزموونی نیزامی فیدراڵیی ئێستای عێڕاق و کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێریش پێمان دەڵێن کە "ئابووریی سەربەخۆ" چ ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێ لە چارەسەر و یەکلاکردنەوەی کێشە و پرسە سیاسییەکاندا.


ژێرخانی ئابووری، پرسی ئاو و کانزاکان و سیاسەتی بەڕێوەبەری وەک کەیسێکی کراوە پێویستە هەموو کاتێک لەسەر مێزی حیزبە سیاسییەکان و لە ڕۆژەڤی کار و بەرنامەکانیاندا بێ. مەبەست لەوەش خۆئامادە کردن بۆ هەر هەلومەرجێکی چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراوەکانە.

لە ماوەی چل ساڵی ڕابردودا یەکێک لەو دۆخانەی کە کورد بە سەریدا کەوتوە، سیاسەتی پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی و ئیداری لە کوردستان بووە. ئەمە هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان، هەم ساڵانی یەکەمی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و هەم دۆخی هەرێمی کوردستان دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەرچاو بووە. ڕاستە کورد توانیویەتی بۆشایی دەسەڵات بە باشترین شێوە پڕ بکاتەوە، بەڵام نەبوونی بەرنامەی جێگری ئابووری لە تەنیشت فاکتۆرە سیاسی و سەربازییەکانی دیکە ئەم هەلەی لە چنگ کورد دەرهێناوەتەوە. بۆیە بایەخدان بەو پرسە گرینگ و چارەنووسسازە.

### ئاکامگیری: سیاسەتی ئەمری واقع

بە سەرنجدان بە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژووی کورد و ئەم فاکتانەی لە سەرەوە باس کران، پێویستە کورد لە سەرڕا بە تاکتیکی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی ستراتیژیی نەتەوەییدا بێتەوە. کورد دەبێ لەگەڵ ئەمری واقعدا مامەڵە بکا و چاوی لە نێوئاخنی فۆڕم و ڕێککەوتنەکان بێ نەک شێوەی ڕواڵەتییان. کورد دەبێ نێومالی سیاسیی خۆی بەهێز بکا، لە نێوخۆ خەباتی مەدەنی دەبێ پتر ڕەگ داکوتێ و بەرگژە بۆ کۆماری ئیسلامی دروست بکا. پرسی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە سەرانسەرییەکان لەسەر بنەما هاوبەشی و بەپێی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان دەبێ کراوە و هاوکات پرۆژەکانی ئیدارەی کوردستان لە ئەگەری پێکەوە نەبوونیشدا پێویستە لەبەرچاو بن.

***




# قۆناغەکانی پێناسەی مافی مرۆڤ لە ١٩٤٨ هەتا ئێستا



شارۆخ حەسەنزادە

دوامین سەردەمی مێژوویی توێژینەوەکەمان لە ساڵی ١٩٤٨ هەتا ئێستایە و ٧٠ ساڵ زیاتر لەخۆ دەگرێ. لەم ماوە نەزۆر درێژەدا، کاریگەری ڕووداوەکانی پێشوو بەجوانی لە خواستی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ ئاوڕدانەوەی جدی پرسی مافەکانی مرۆڤ دەردەکەون. گرنگترین و یەکەمین بوویەری مافی مرۆیی ئەو سەردەمە پەسند کردنی «ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ»ـە؛ ئەم بەڵگەیە بریتییە لە سەرەتایەک و سی بڕگە کە لە ١٠ دیسامبری ١٩٤٨ بە ٤٨ دەنگی ئەرێ لەکۆی گشتی ٥٦ دەنگی وڵاتانی ئەندام لەلایەن کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا. ئەو داخۆیانینامەیە کە وەدیهاتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە مەزنترین ئاواتی مرۆڤایەتی دەزانێ، ئەمڕۆکە وەک گرنگترین سەرچاوەی مافی مرۆڤ لە جیهان، بناخەی سەرجەم پەیماننامە و بەڵێنییەکانی مافەکانی مرۆڤ پێک دێنێ.

دوای واژۆ کردنی ئەو ڕاگەیەندراوە دیرۆکییەی هەتا ساڵی ١٩٩٦ سێ بەڵگەی مافی مرۆڤی دیکە بەناوەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پرۆتۆکۆلی دڵخوازی پەیوەندی کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتی مافەکانی مەدەنی و سیاسی و پەیمانی نێودەوڵەتی مافە ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیش پەسند کران کە بە تەواوکەری جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن.

لە نێوەڕاستی ئەم چاخە و بە داڕمینی سیستەمی دوو جەمسەری لە ساڵەکانی ١٩٨٩، کەشی لەبار بۆ گەشەی ئامانجەکانی مافی مرۆڤ کراوەتر بوو و سەربەخۆیی دوابەدوای یەکی وڵاتانی بلوکی ڕۆژهەڵاتی و سەربەست بوونیان لەژێر ئاڵای یەکیەتیی سۆڤییەت، ئەکتەرانی گۆڕەپانی خوازیار بۆ پرسەکانی مافی مرۆڤ زیاتر بوون. دوای ئەمە لە کۆنفرانسی ١٩٩٣ی ڤییەن بە پێداگری لەسەر جیهانداگری و ڕۆڵی سەرەکیی مافەکانی مرۆڤ، زیان وێکەوتنی چینی تایبەت وەک ژنان، مناڵان، کەمینەکان، خۆوڵاتییەکان، کەمئەندامان و کرێکارانی کۆچەر، دێموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، بەستێنێک بۆ دامەزراندنی کۆمیساریای بەرزی مافەکانی مرۆڤ خۆش کرا کە وڵاتانی جیهانیش پێشوازییان لێ کرد. کۆنفرانسی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ١٩٩٤ کە لە ڤییەن بەڕێوە چوو و ١٧١ وڵات دانیان پێدانا، بڕگەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر بایەخی پێ درا و بە ئاماژە بە پێوەندیی نێوان جیلە جۆربەجۆرەکانی مافی مرۆڤ، ئەوانی وەک پرسێکی جیهانداگر و سەربەیەک زانی و ناساند. (ڕیپۆرتەری تایبەتی شوورای مافی مرۆڤ بۆ کاروباری ئێران، یەکێک لە هەواڵدەرانی تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەرکدارە بۆ چاوەدێری و هەڵسەنگاندنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران. ساڵی ١٩٨٤ کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاندرێس ئاگوئیلاری وێنزۆئێلایی وەک یەکەم ڕیپۆرتەری تایبەت بە ئێران دەستنیشان کرد و لە ساڵی ٢٠١٨ـشەوە شوورای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان جاوید ڕەحمانی وەک نوێترین ڕیپۆڕتەر ناساند کە بووە جێگرەوەی خاتوو عاسیمە جەهانگیر).

بەدەستپێکی هەزارەی سێهەم، وەرزێکی نوێ لە هاوکارییە جیهانییەکان وەک لە ماناسازی نوێی مافەکانی مرۆڤ دەستی پێ کرد بەجۆرێک کە لە زۆربەی هەرەزۆری بەڵگە جیهانییەکان باسی مرۆڤتەوەری و مافەکانی بەرچاو دەکەون. بەرز بوونەوەی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ شوورای مافەکانی مرۆڤ لە ١٥ی مارسی ٢٠٠٦ نیشانەی گرنگیی ئەو پرسەیە کە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی هەیەتی. جیلی سێهەمی مافەیلی بنیام ژی لەم سەردەمە بە پیداگری کردن بۆ مافەکانی وەک دیموکراسی، پەرەسەندن، ئازادییە بنەڕیتییەکان، هەبوونی ژینگەیەکی پاک و ساغ، گەشەی بەردەوام و ڕاوەستاو، مافی ئاشتی و بەرابەری ڕەگەزی زیاتر خۆ دەنوێنن.

بە چاوخشاندنێکی ئاڵوگۆڕەکانی مافی مرۆڤی لەم سەردەمە مێژوویییە وا خۆیا دەبێ کە زۆرترین هەوڵەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بەڵگە مافە مرۆڤییەکان لەم دەورانەدا ڕووی داوە و بەگشتی وەک سەردەمێکی پڕچالاک دێتە ئەژمار. هەروەها ئەو بەڵگانەی سەرەوە ئاماژەیەکە بۆ ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ پەرەپێدان و ڕاوەستاو کردنی مافەکانی مرۆڤ لە وێژەی حقوقی بەتایبەت ئەو بەڵگە پابەندهێنەرانە، لە ڕەوتی جێگیربوونی باوەڕی کۆمەڵ بە مافەکانی مرۆڤ و لەهەمان کاتدا بەربڵاویی چەمکی بۆ ماکی نوێتر و پوختەتر.

دەقی تەواوی ئەو ڕاگەیەندراوە کە بریتییە لە سەرەتایەک و ٣٠ بڕگە، لە ژێرەوە باسی دەکەین:

### سەرەتایەک بۆ دەستپێکی مافەکانی مرۆڤ

شوناسایی و کەڕامەت و گەورەیی سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤایەتی و مافی وەک یەک و بەرابەر و ڕەوای ئەوان بناغەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا پێک دێنێ.

بەو هۆیەوە کە وەبەرچاو نەگرتن و سووکایەتی کردن بە مافەیلی مرۆڤ، کردەوەی دڕندانەی ئەوتۆیان بەدواوە بووە کە ویژدانی مرۆڤایەتییان وروژاندووە، پێکهێنانی جیهانێک کە لەودا مرۆڤەکان لە بیرورا دەربڕین سەربەست و لە ترس و هەژاری بەدوور بن وەک مەزنترین ئارەزووی مرۆڤ ڕاگەیەندراوە.

بەوهۆیەوە کە پێویستیی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەستەڵاتدارەتیی یاساییەوە پشتیوانیان لێ بکرێ هەتا مرۆڤ ناچار نەبێ لە دژی ستەم و بێدادی وەک دواچارە پەنا بۆ ڕاپەڕین ببا. بەو هۆیەوە کە پەرەگرتنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان دەبێ پشتی بگیرێ. بەوهۆیەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە بڕوا هەبوونی خۆیان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و ئابڕوو و کەڕامەت و بایەخی تاکەکانی مرۆڤ و بەرابەری مافەکانی ژنان و پیاوان لە بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیاندۆتەوە و لێبڕاون کە یارمەتیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بکەن و لەبەر ڕوناکایی ئازای ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتردا باشترین هەلومەرج بۆ ژیان پێک بێنن. بەو هۆیەوە کە تێگەیشتنی هاوبەش لەبارەی ئەم ماف و ئازادییانە بۆ ئەوەی بە تەواوی بەڕێوە بچن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. کۆڕی گشتی ئەم بانگەوازە جیهانییەی مافی مرۆڤ وەک ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵکان و نەتەوەکان ڕادەگەیەنێ هەتا هەموو تاکەکان و سەرجەمی بنیات و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە هەمووکات ئەم جاڕنامەیەیان لەبەرچاو بێ و هەوڵ بدەن بەهۆی فێرکردن و ڕاهێنانەوە ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ماف و ئازادییانە پەرە پێ بدەن و بە دیاری کردنی ڕێوشوێنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕێگا بۆ بەفەرمی ناسین و باشتر بەڕێوەچوونیان چ لە نێو خەڵکی وڵاتانی ئەندام و چ لە نێو خەڵکی ئەو سەرزەویانەدا کە لە ژێر دەستەڵاتی ئەواندان، دابین بکەن.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:786 20 November 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

# یادداشتەکانی سەفەرێک بە نێو کوردستاندا




« یادداشتەکانی سەفەرێک بە نێو کوردستاندا» لە نووسینی م. گ. جیرارد لەلایەن کەماڵ حەسەنپوورەوە کرا بە کوردی.

کەماڵ حەسەنپوور کە ئەندامی دەستەی نووسەرانی «کوردستان»ە، لەبارەی ئەم کتێب و تەرجومەکەی بەم شێوەیە بۆ «کوردستان» دوا:

کۆتاییەکانی ١٨٨١ی زایینییە. هیندوستان دەمێکە بۆتە کۆلۆنیی بریتانیا و دنیا بە نێوی هیندوستانی بریتانیا دەیناسێ. ئەفسەرێکی هەواڵگریی سوپای بریتانیا بە نێوی مۆنتاگو گیلبەرت جێرارد، کە لە سوپای یەکەمی سوارەی ناوەندی هیندوستانی بریتانیادا خزمەت دەکا، لەگەڵ دوو سەربازی هاوڕێی سەفەرێک دەست پێ دەکا کە ئەگەرچی بە ڕواڵەت بۆ دیتنی شوێنی کەونارایە، بەڵام لە یادداشتەکانی ناوبراو کە نێوەرۆکی کتێبی «یادداشتەکانی سەفەرێک بە نێو کوردستاندا لە زستانی ٨٢–١٨٨١» پێک دێنن، دەردەکەوێ کە مەبەست شتێکی دیکە بووە.

لەو سەفەردا کە نزیکەی پێنج مانگ و نیو دەخایەنێ، جێرارد بەشێک لە باشووری کوردستان و هەروەها بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر دەکاتەوە. نێوەرۆکی کتێبەکە و ئەو ڕاستییە کە کتێبەکە وەک پەرتوکێکی نهێنیی پۆلێن کراوە و تەنانەت مۆری بەشی هەواڵگریی سوپای بریتانیای پێوەیە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سەفەری ناوبراو تەنیا سەفەرێکی توریستی نەبووە، بەڵکو ئامانج لەو سەفەرە کۆکردنەوەی زانیاریی جوگرافیایی، سەربازیی و کۆمەڵایەتی لەسەر ناوچە، بەتایبەتی هی ئەو بەشە بووە کە دوای ڕووخانی ئیمپراتوری عوسمانی بوو بە وڵاتی عێراق.

خوێندنەوەی ئەو کتێبە جگە لە بردنە سەری زانیاریی خوێنەر لەسەر جوگرافیای ئەو ناوچانەی نووسەر سەردانی کردوون، هەروەها دەبێتە هۆی زانیاریی زیاتر لە بارەی هەلومەرجی ناوچەکە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها شێوەی ڕێکخستنی سەربازیی و دەسەڵاتداریی دوو حکوومەتی عوسمانی و پارس لەو دوو بەشەی کوردستان. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە هەر دوو بەشی عوسمانی و پارس، خەڵک لەدەست دەسەڵاتی سەرکوتکەر، ناکارامە و کاربەدەستانی دز و بەرتیلخۆر وەزاڵە هاتوون. بەڵام لە جیاتی خۆ ڕێکخستن، یەکگرتوویی وخەبات بۆ ڕزگاریی خۆیان، چاوەڕوانن هێزێکی ڕزگاریدەر (جا قەی ناکا بریتانیا بێ یان ڕوسیە) بێت و ئەوان لە چنگ ئەو حاکمانە ڕزگار بکا.

دەستەی نووسەران و کارگێڕانی «کوردستان» سەبارەت بەو بەرهەمە نوێیەی کاک کەماڵ حەسەنپوور دەسخۆشی لە بەڕێزیان دەکا و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازێ.

## بەر لە ماڵاوایی

# لە هەناوی هەستبزوێنی شمشاڵەکەی مامە قالەوە


ئەحمەد ڕەحمانی

**(پێشکێش بە یادی ٩٥ ساڵەی لەدایکبوونی ئیمپڕاتوری شمشاڵ)**

زۆر جاران پەنجەی سەر ئامێرەکانی مۆسیقا و ئاوازژەنین سنوورەکان دەبەزێنن، خودان پەنجە و قورگە بەهرەمەندەکان خۆشەویست دەبن و ژەنینی ئاواز هەستی مرۆڤەکان تەژی لە خۆشی و هەندێک جاریش دڵی مرۆڤەکان دەگوشێ.

ژەنینی هەر ئاوازێک لەم کەون و گەردوونەدا چیرۆکێکی ڕاستەقینەی لە پشتە، لە بواری ئازایەتی و جەنگاوەریدا ، لە ئەوین و خۆشەویستیدا، وەسفی سروشت و جوانی مرۆڤدا، زۆر جارانیش دەربەدەری دەبێتە هۆی نۆتە گەلێکی گەلێک جوان... هتد.

ئەوەی لێرەدا بۆتە هەوێنی نووسینی ئەم دێڕانە دەست و پەنجەی ڕەنگینی مرۆڤێک کە تاکۆتایی هەناسەی ژیانی توڕی بە بلوێردا کرد و ئاوازی بۆ نیشتیمان ژەنی، لە ڕێی لەرەی پەنجەکانی و پشووە درێژەکانی گەروویەوە شاکاری خوڵقاند و ئەو مرۆڤە خۆشەوستەی لێ دەرچوو کە هەر لە بینینی شمشاڵەوە مرۆڤ دەکەوێتەوە بیری دڵی شەیدای نیشتیمان خۆشەویستیی مامە قالە مەڕە .

قادر عەبدوڵڵازادە ناسراو بە قالە مەڕە کە زۆرتر «مامە قالە»یان پێدەگوت، لە یەکەم ڕۆژی مانگی سەرماوەزدا، لەگەڵ شنەبایەکی وەرزی سەرماوەزدا بۆ یەکەمجار ئاوازەی گریانێکی بە ڕووی ژیانەوە ژەنی، لە سەرماوەزی ساڵی ١٩٢٥دا مرۆڤێک بە مرۆڤەکانی گوندی کولیجەی سەر بە بۆکانەوە زیاد بوو، ساوایەک کە پاشان بوو بە وێردی سەر زاروزمانان و هێدی هێدی سنووره دەستکردەکانی کوردستانی چوار دەستەبراشی تێپەڕاند. لە قۆنداغە بوونەوە بۆ هەڵڕوسکان و دارە داری بن دیواران، کەوتنە سەرپێ و ئارامی و هێدی بوونی لە هەڵسوکەوتدا بوو بە نازناوێکی گەلێک خۆش کە تاکوو دواهەناسەشی ئەو نازناوەی پێ بڕا .

لە باڵاکردنیدا پەنجەکانی بوونە هاوڕێی شمشاڵ و تاکو کاتی کۆچی دوایشی شمشاڵەکەیان لە ئامێز گرت و بۆ تەنیا ساتێکیش پەنجە و شمشاڵەکە بەبێ یەکتر نەژیان. شوانی دەبێتە پیشەی ژیانی و سروشتی جوانی کوردستان و تەنیا بوون بەدیار پەزەکانیەوە عەودالی شمشاڵ لێدانی دەکا و چیرۆک و سەربردە و گێڕانەوەکان لەڕێی پەنجەکانیەوە دێنە ژوانی ئاوازی ڕەسەنی کوردییەوە. لە ماڵباتەکەی خۆیدا سنوورە و سنووری شاران دەبڕێ، لە ڕێگای ڕادیۆ کە ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەو سەردەم بوو، لە سنە، کرماشان، ورمێ، تاران و مەهاباد ناوبانگ دەردەکا و ئەفسانەی شمشاڵ ژەنینی کوردستانی ڕۆژهەڵات هێندەی تر دەبێتە وێردی سەر زاروزمانان .


کەش و هەوای ئەو سەردەم بۆ بڵاو بوونەوەی ناوبانگی مامە قالە هەموارتر دەبێ کاتێک لەگەڵ چریکەی دەنگی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک ئاشنا دەبێ. نەبینیی باوک و پاشان لە تەمەنی منداڵیدا کە دایکی کۆچی دوایی دەکا هێندەتر لە ژیاندا بەشمەینەت دەبێ و ژیانی بێسەرپەرستی بڕستی لێ دەبڕێ .

لە کاتێکدا پەیوەندی بەکۆماری کوردستانەوە دەکا و لەگەڵ مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار بناغەی دۆستایەتی دادەمەزرێنێ، دوای لە سێدارەدانی پێشەوا قازی مەحەممەد و جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستان، مامە قالەش بە ناچاری بەرەو دیوی کوردستانی گەرمێن پەڕیوە دەبێ و ژیانی دەربەدەری لەو کاتەوە دەست پێدەکا. هاوڕێیەتی لەگەڵ مەلا ئاوارە و مەلا مەحموودی زەنگەنە و سولەیمانی موعینی دەبێتە زیاتر جۆش دانی هەستی کوردایەتی مامە قالە. تا سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە نهێنی پەیوەندی بە شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەبوو .

سەرەتای دەست بەکار بوونی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، شمشاڵی مامە قالە مارشی بوونەوەی ئەو ڕادیۆیە بووە ، هاوەڵێکی بەردەوام، دانەبڕاو، لە سەردەمی خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەی ئەو سەردەم و هەتا ئێستاشدا. لە تۆنی دەنگی شمشاڵی مامە قالە مەڕەدا دەتزانی کە ئەو ڕۆژانە هەواڵی سەرکەوتنی پێشمەرگە دەبیستی، یاخود ڕژانی خوێنی سووری چەند شەهیدێک، نیشتیمان هێندەی تر ڕەنگین دەکا؟

پەنجە و بلوێر و قوڕگێک تا ژیا و فووی بە شمشاڵدا کرد بۆ کورد ژیا و، فەرهەنگە ئاوازی ڕەسەنی کوردی ژەنی.

یادی هەرمان...



# گۆرانیی «ئەی براکەم» بەرهەمی نوێی ئازیتا مۆئمینی



ئازیتا مۆئمینی بەرهەمێکی نوێی بڵاو کردەوە.

ئازیتای تازەلاو لە تازەترین بەرهەمی هونەریی خۆیدا گۆرانیی «ئەی براکەم»ی هونەرمەندی ناوداری کورد لەیلا فەریقیی وێڕای نوێکردنەوە گوتۆتەوە کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی بینەران و بڵاوی کردەوە و تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە لە یوتیوب زیاتر لە ١٦٦ هەزار کەس سەیری کردوە.

ئازیتا دەڵێ گۆرانیی «ئەی براکەم» تێکستەکەی «کەماڵ میراودلی» نووسیویەتی و بورهان موفتی میلۆدیی بۆ داناوە و کاری دەرهێنانەکە ئەندام حوسێن کردوویەتی. سیناریۆی کلیپەکەش باس لە خوشێک دەکا کە برا پێشمەرگەکەی لەپێناو نیشتماندا لە دەست دەدا.

ئازیتا مۆئمینی، تەمەنی ١٤ ساڵە و خەڵکی شاری شنۆیە. ئەو کچی کاک لوقمان مۆئمینی، کادری بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە سەرەتای کاری هونەرییەکەی بۆ بەشداری لە بەرنامەی «Kurdistan kids voice» دەگەڕێتەوە و توانی پلەی یەکەمی ئەم پێشبڕکێیە وەدەست بێنێ.

ئازیتا کە تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمی هونەریی تایبەت بە خۆیەتی، پێشتر لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» گوتبووی «شانازی بە باوکم و پێشمەرگایەتیی باوکمەوە دەکەم. بۆخۆشم دەمەوێ وەک پێشمەرگەی هونەر و گۆرانی بۆ نیشتمانەکەم تێ بکۆشم.»

# کۆچی دوایی دوو هونەرمەندی کورد لە حەوتوویەکدا



لە ماوەی حەوتوویەکدا دوو هونەرمەندی ناسراوی کورد بەهۆی نەخۆشیی کۆرۆنا گیانیان لەدەست دا.

ڕۆژی شەممە، ١٧ی خەزەڵوەر «ئەمانوڵڵا تاهیری» ناسراو بە «ئامان دای»، هونەرمەندی ناسراوی مۆسیقای ناوچەی سونقوڕ و کولیایی لە پارێزگای کرماشان پاش تەمەنێک خزمەت بە مۆسیقای کوردی لەو ناوچەیەدا کۆچی دوایی کرد.

ئەمانوڵڵا تاهیری لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی بواری مەقاماتی ناوچەی کرماشان بوو، ناوبراو هەروەها لە ژەنینی «دووزەلە»دا مامۆستایەکی بەناوبانگ بوو، و زیاتر لە ٧ دەیەی بەردەوام لە بواری دووزەلەژەندندا چالاکیی کرد و بە درێژەدەری بەرەی دووزەلەژەنان دادەنرا.

لە ڕووداوێکی دیکەدا و دوو ڕۆژ دواتر، دووشەممە، ١٩ی خەزەڵوەر "ڕەحمان گەواهی"، هونەرمەند و ژەنیاری دووتار لە شاری شێروان لە باکووری خوراسان، بەهۆی تووشبوون بە پەتای کۆرۆناوە لە تەمەن ٥٣ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ئەو هونەرمەندە خۆشناو و خۆشەویستەی ناوچەی خوراسانی باکوور، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە فستیڤاڵەکانی تایبەت بە مۆسیقا بەشداری دەکرد و ماوەیەک لەوەو پێش بە بەشداریکردنی لە نۆیەمین فستیڤاڵی نەتەوەیی ناوچەکانی ئێران، لە لایەن لێژنەی داوەرانی ئەو فستیڤاڵە ڕێزلێنانی وەگرت.

"ڕەحمان گەواهی" لەو هونەرمەندە نیشتمانپەروەرانە بوو کە بۆ زیندوو ڕاگرتنی فەرهەنگ و هونەری کوردی، بە ئاوڕدانەوە لە کەسایەتییە مەزنەکانی ئەو ناوچەیە، خزمەتی زۆری بە هونەر و گەلی کورد کرد.